ئەلبێر کامۆ

نامۆ

(ڕۆمان)

ترجمه

جلال آل احمد– علی اصغر خبرەزادە
مؤسسة انتشارات نگا
تهران– 1379

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

حەمە کەریم عارف

چاپی سێیەم
2007

بژارو دەسکاریکراو

بەشی یەکەم

((1))

دایکم ئەمرۆ مرد. لەوەشە دوێنێ مردبێ، نازانم. بروسکەیەکم بەم ناوەڕۆکە لە خانەی پیرانەوە پێ گەییوە! ((دایە، مرد. ناشتنەکەی سبەینێ یە. هاوخەمتانین)) هیچم لە تەلەگرافەکە دەست نەکەوت. رەنگە ئەم قەوماوە دوێنێ رویدابێ.

کەترەخانە لە مارنگۆ-ی هەشتا کیلۆمەتری جەزایر دایە. سەعات دوو سواری پاس دەبم و پاش نیوەرۆ دەگەمە ئەوێندەر. بەمجۆرە، دەتوانم شەوێ لە کەناری رێگاکە بێداربم و سبەی عەسر بگەڕێمەوە. داوای دوو رۆژان مۆڵەتم لە بەڕێوەبەرەکەم کرد کە لەبەر ئەم هەنجەتە نەیدەتوانی رەفزی بکات. لەگەڵ ئەمەشا لە دڵا رازی نەبوو. تەنانەت پێم گوت: ((تەخسیری من نییە)) هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. پاشان بیرم کردەوە کە پێویست نەبوو ئەمەی پێ بڵێم کە لە راستیدا من نەدەبوو تەوازۆی لێ بخوازم. دەبوایە ئەو دڵم بداتەوە. بەڵام گومانی تیا نییە ئەم کارەی بۆ دوو سبەی داناوە کە من بە جلی تازیە بارییەوە دەبینێ. چونکە ئێستا وەکو ئەمەیە کە دایکم هێشتا نەمردبێ.

بەڵام دوای ناشتنەکە، کارەکە دەبڕێتەوە و هەموو شتێك لایەنی فەرمی لە خۆ دەگرێت.

سەعات دوو سواری پاس بووم. دنیا زۆر گەرم بوو، وەکو هەمیشە لە لە ریستوران دا، لە لای (سلست) نیوەرۆژەم خوارد. هەمووان هاوخەمی خۆیان بۆ دەردەبریم و سلست پێی گوتم:((کەس جێگەی دایك ناگرێتەوە.)) گاڤێ وەرێ کەوتم، هەمووان تا بەردەرکە بە رێیان کردم. تۆزێك سەرگەردان بووم. چونکە دەبوو بچم بۆ ماڵی ئیمانوئیل و کەراوێتە رەش و باسك بەندەکەی بە ئەمانەت لێ وەربگرم. چەند مانگێك لەوە پێش مامی مردبوو.

بۆ ئەوەی فریای پاس بکەوم، غارم دا، هەڵبەتە بە هۆی ئەم پەلە پەل و غاردان و دەنگە دەنگی ئوتومبیلان و بۆنی بەنزین و تیشکی هەتاو و عەکس بوونەوەی لەسەر جادەکە بوو کە خەو گرتمی، تەقریبەن بە درێژایی رێگاکە خەوتم. کاتێ کە رابووم، کەوتبووم بەسەر پیاوێکی سوپایی دا.سوپاییەکە بە رووما پێکەنی و پرسی کە ئایا لە رێیەکی دوورەوە دێم. وەڵامم دایەوە((بەڵێ)) بۆ ئەوەی هیچ شتێکی دی نەڵێم.

کەترەخانەکە لە دوو کیلۆمەتری گوندەکەدایە. ئەم رێگەیەم بە پێیان بڕی. ویستم یەکسەر دایکم ببینم. بەڵام دەرگاوانەکە گووتی دەبێ یەکەمجار موراجەعەی بەڕێوەبەر بکەم. چونکە بەڕێوەبەر مژوڵی کار بوو، کەمێك سەبرم کرد.کابرای دەرگاوان بە درێژایی ئەم ماوەیە هەر قسانی کردو ئاقیبەت بەڕێوەبەرم بینی. و لە نووسینگەکەی خۆیدا پێشوازی کردم. پیرەمێردێکی ئەندام وردیلە بوو کە نیشانی ((لژیون دونور)) ی بە بەرۆکەوە بوو. بە چاوانی گەش نیگای کردم.پاشان دەستی گوشیم و ئەوەندە لە نێو دەستی خۆیدا رایگرت کە نەمدەزانی چۆن دەری بێنم. تەمەشای فایلێکی کردو گووتی: ((خات مەرسۆ بەر لە سێ ساڵ هاتووەتە ئێرەو تۆ تاقە

پشت و پەنای ئەو بوویت.)) پێم وابوو سەرزەنشتم دەکات. بۆیە ویستم هەندێ روونکردنەوە بدەم. لێ قسەکەی بڕیم: ((کوڕی ئازیزم پێویست بە پاکانە ناکات. من دۆسییەکەی دایکتم خوێندووەتەوە. تۆ نەتدەتوانی پێداویستییەکانی دابین بکەیت. ئەو پێویستی بە پەرستارێك بوو. دەرامەتی تۆ کەم بوو. لە مانەش بترازێ ئەو لێرە بەختەوەرتر بوو.)) گوتم: ((بەڵێ جەنابی بەڕێوەبەر.)) لە سەری ڕۆیی: ((دەزانی ئەو لێرەدا کۆمەڵێك دۆستی هەبوون، خەڵکانێك لە سونحی خۆیدا و دەیتوانی خۆشییەکانی زەمانی رابردوویان لە گەڵ دا باس بکات. تۆ گەنجیت و ژیان لە گەڵ تۆدا بێ تاقەتی دەکرد.))

ئەمە دروست بوو، کە دایکم لەماڵەوە بوو، هەمیشە کڕو کپ نیگای دەکردم. ڕۆژانی هەوەڵ کە تازە هاتبووە پیر خانەکە بەزۆری دەگریا.چونکە هێشتا بە شوێنە تازەکە رانەهاتبوو. دوای یەك دوو هەیڤان گەر بیانویستایە لە کەترەخانەکە بیهێننە دەرێ دەگریا. چونکە بەوێندەر راهاتبوو. هەر بۆیە لە دوا ساڵی ئاکنجی بوونیا بە دەگمەن دەچوومە دیدەنی. لەمەش بترازێ یەك شەممەکەی لێ تێکدەدام. ئەمە جگە لەوەی دەبوایە زەحمەتی سەفەر بە پاس و بڕینی بلیت و دوو سەعاتە ڕێگا بکێشم.

بەڕێوەبەرەکە هەمدیس قسەی لە گەڵ کردم. لێ من گوێم لێنەدەگرت. ئەوجا گوتی: ((پێم وایە دەخوازی دایکت ببینی.)) من بێ وەی وەڵامێك بدەمەوە، هەستام. و ئەو تا بەر دەرگاکە پێشوازی کردم. لە سەر قالدرمەکە گوتی:((لە ژوورە بچکۆلەکەی مردووان دا دامانناوە. بۆ ئەوەی ئەوانی دی نارەحەت نەبن. لێرەدا هەر گاڤێ کەسێك دەمرێ ئەوانی دی تا دوو سێ ڕۆژ تووڕەن و ئەمەش بەڕێوەبردنی کاروباری پیرخانەکە زەحمەت دەکات.))

لە حەسارێکەوە تێ پەڕین کە ژمارەیەکی زۆری پیرەمێرد، لەوێ دا، دەستە دەستە پێکەوە قسانیان دەکرد. کاتێ کە ئێمە بە بەر دەمیانا رەت دەبووین، بێدەنگ دەبوون. لە دوای ئێمەوە گفتوگۆ دەستی پێدەکردەوە. لە تۆ وایە چەنەچەنی توتیانە. لە بەر دەرکەی بینایەکی چکۆلەدا، بەڕێوەبەرەکە لێم جیا بووەوە:((جەنابی مەرسۆ من بە تەنیا بەجێت دێڵم. لە نووسینگەکەی خۆما دە خزمەتو دام. بە پێی داب سەعات دەی بەیانی بۆ ناشتنەکەی دانراوە. چونکە پێمان وابوو بەم شێوەیە تۆ دەتوانیت شەوێ بە دیار ڕەحمەتی یەوە دابنیشیت. گوتەیەکی دیکەش: دایکت زۆربەی کات بە دۆستەکانی گوتووە کە دەخوازێ بە ڕێورەسمی ئاینی بە خاك بسپێردرێت. من لەسەرمە پێداویستییەکانی ئەم کارە فەراهەم بکەم، بەڵام ویستم تۆش ئاگادار بی.)) سوپاسم کرد. دایکم ئەگەرچی هیچ بێدینییەکی دەرنەدەبڕی، لێ کە لە ژیانا بوو هەرگیز بیری لە دین نەدەکردەوە.

ژوورە چکۆلەکە زۆر رووناك بوو، میچەکەی شووشە بەند بوو. کۆمەڵێك کورسی و سێپای ڕاست و چەپی تێدا بوو. لە ناوەراستاو لەسەر جووتێك لەوسێپیانە تابووتێك بە سەرپۆشێکی تایبەتییەوە دانرابوو. مێخی بریقەداری تابووتەکە دەبینران کە هێشتا دانەکوترابوون ولەسەر تەختەی تابووتەکەوە کە بەتوێکڵی گوێز ڕەنگیان کردبوون زەق دەچوونەوە.

ژنـه عـەرەبێکی پەرسـتار کـە کراسـێکی سـپی و لەچـکێکی تـۆخی لەسـەر کردبـوو لـە نزیکـی تابووتەکەوە وەستابوو. دەرگاوانەکە لەم ساتەدا لە دوای منەوە وەژوورکەوت. دیاربوو کە غاری دابوو. بەدەمەلالکێوە گووتی: ((سەری تابووتەکەیان داخستووە، بۆ ئەوەی تۆ جەنازەکە بدینی دەبێ بزمارەکان دەرکێشم.)) لە تابووتەکە نزیك بوو بووەوە،کە رامگرت پێی گووتم: ((ناتەوێ؟)) گووتم: ((نە)). راچڵەکی. نارەحەت بووم. چونکە هەستم کرد کە نەدەبوو ئەو قسەیە بکەم. دوای تۆزێك نیگایەکی کردم وبێ هیچ سەرزەنشتێك،وەك ئەوەی بزانێ بۆ، پرسی: ((لەبەرچی؟)) گـوتم: ((نازانم)) هەنگێ بەدەم بادانی سمێڵە چەرمووەکەیەوە گوتی: ((تێ دەگەم))جووتێ چاوی شینی گەشی هەبوو، بە خۆیشی کەمێك سوورە بوو. کورسییەکی دایە من وبە خۆیشی کـەمێك لـە دوای منـەوە دانیشـت. پەرسـتارەکە هەسـتاو بـەرەو دەرگاکـە رۆیـی و لـەم سـاتەدا دەرگاوانەکـە پێـی گووتم: ((ئـەم ژنـە قورحەیـەتی.))چونکە هیـچ حـاڵی نـەبووم ئـاورێکی لای پەرسـتارەکەم دایـەوەو دیتم لە ژێر چاوەکانییەوە نەوارێکی بردووەو بە دەوری سـەریا پێچاوە. نەوارەکـە لـە دەوروبـەری کەپوویا ساف بوو. تەنیا سپێتی نەوارەکە بە دەموچاویەوە دیار بوو.

دوای رۆیشتنی ئەو دەرگاوانەکە گوتی: ((نهۆ بە تەنیا جێت دەهێڵم.))

نازانم چمکرد کە رۆیی و لە دوای منەوە وەستا. بوونی ئـەو لـە پشـتمەوە ئـازاری دەدام، تیشـکی دڵئـەنگێزی پـاش نیـوەڕۆ هـەوو ژوورەکـەی گرتبـووەوە. گیـزە گیـزی جوتێـك زەرگەتـەی زەرد لـە پشت شوشەکانەوە دەگەییە گوێ، هەستم کرد خـەو گرتـوومی. بـێ ئـەوەی ئـاوڕ لـە دەرگاوانەکە بدەمـەوە گـوتم :((چـەندە کـە لـەم خانـەی پیرانـەدای؟)) وەکـو ئـەوەی دەمێـك بـێ چاوەنۆری ئـەم پرسـیارە بـووبێ، یەکسـەر وەڵامـی دایـەوە:((پێـنج سـاڵە)) پـاش ئـەوە چەنەچـەنێکی زۆری کـرد. ئەگەر بەر لەمانە پێیان گوتبا کە بە کاری دەرگاوانی لـە ((مـارنگو)) رۆژگـاری خـۆی دەباتـە سـەر، زۆری پـێ سەیر دەبوو. تەمەنی شەست و چوار سـاڵ و خـەڵکی پـاریس بـوو. لـەم کاتـەدا قسـەکەم پـێ بـڕی:((ئـا، واتـە خـەڵکی ئێـرە نیـت؟ ئـەوجا بیرم کەوتـەوە بـەر لـەوەی کـە مـن بـۆ ژوورەکـەی بەڕێوەبـەر ببـات، باسـی دایکـی لەگـەڵ کردبووم. گوتبـووی کـە دەبـێ زۆر زوو بـەخاك بسـپێردرێ چـونکە لـە بیابانـدا، بـە تایبـەتی لـەم ناوچـەیە، دنیـا زۆر گەرمـە. ئـەو دەمـە پێـی گوتبـووم کـە لـە پاریسـدا دەژیـا. کـە هـەرگیز یـادەوەری ئەوێنـدەری لـە بیر ناچێت. گوتبـووی کـە لـە پـاریس دا دەشێت مردوو تا سێ رۆژ و هەندێ جار تا چوار ڕۆژ بهێڵرێتەوە. بەڵام لێرەدا کاتی ئەم شتانە نییە. هەر نابێ بیریش لەوە بکرێتەوە کە لێرەدا دەبێ بە دووی جەنازەکێشـەکەدا غار بدەی. لـەم کاتەدا ژنەکەی پێی گوتبوو:((وس بە، ئەمانە شتێك نین کـە بشـێت بـەم لاوە بگـوترێن)) و کـابرای پیرەمێرد سوور بووەوە و عوزرخوایی کرد. من گوتبـووم :((قەیـدی نییـە. قەیـدی نییـە؟)) ئـەوەی کە پیرەمێردەکە گوتبووی پێم دروست و باش بوو .

لـەژوورە کۆلەکـەی مردووانـدا کـە وەك بنیـادەمێکی هـەژارو بێنـەوا هـاتبووە ئێرەو چونکە لـە خۆی رابینیوە، ئەم کـاری دەرگاوانییـەی قبـوڵ کـردووە .گـوتم لـە هـەمان کاتـا ئـەویش یەکێکـە لـە خەڵکانی ناو ئەم خانەی پیرانە.گووتی نە. لـە هەوەڵێشـەوە پـێم سـەیر بـوو کـو بۆچـی کـاتێ دێتـە سەر باسی خەڵکانی ناو خانەی پیران زیاتر وشـەی((ئـەوان)) وزۆر کـەم وشـەی((پیرەکـان)) بـەکار

دێنیٚ.له کاتێکا که زۆربەیان زۆر لەو گەورەتر نەبوون، لیٚ ئاساییه که ئەو یەکیٚ نەبوو لەوان. ئەو دەرگاوان بوو. و هەندیٚ جار به سەرپرشتیاری وان دەژمێردرا.

لەم کاتەدا پەرستارەکە وەژوورکەوت. شەو کوتوپڕ داهاتبوو. هەر زوو شەو چۆکی بەسەر شووشەکاندا دادا. دەرگاوانەکە سویچی کارەباکەی کردەوەو تیشکی کوت و پڕ بەشەوارەی خستم. بۆ شێو خوڵکی کردم بەڵام من برسیم نەبوو.خوڵکی کردم که فینجانێك قاوەو شیرم بۆ بێنیٚ. چونکه زۆرم حەز لیٚ بوو قبوڵم کرد، ودوای تۆزێك به سینییەکەوه گەرایەوه. شیرو قاوەکەم خواردەوه. ئەوجا حەزم چووه سەر جگەرەیەك. بەڵام دوو دڵ بووم.:چونکه نەمدەزانی که ئاخۆ دەشێت ئەم کاره لەبەردەم دایکما بکەم.بیرم کردەوه که ئەم کاره هیچی تیا بەسەر نییه. جگەرەیەکم دایه دەرگاوانەکەو کەوتینه جگەرەکێشان.

دوای تۆزێك دەرگاوانەکە گوتی: ((دەزانی دۆستەکانی دایکیشت دێن تا ئەمشەو لێرەبن .ئەمه عادەتی ئێرەیه. من دەبیٚ بچم کورسی و قاوەی رەش ئامادەبکەم.))لێم پرسی ئاخۆ دەشێت یەکێك له گڵۆپەکان بکوژێنرێتەوه؟ شۆقی روناکییەکە لەسەر دیواره سپییەکە ماندووی دەکردم، پێی گوتم کاری واهی نابێت. تەلەکان به جۆریٚ راکێشراون یا هەموو گڵۆپەکان پێکڤه هەڵدەبن یا هیچیان هەڵنابن.ئیدی من گوێم نەدایٚ. ئەو چووه دەریٚ و گەڕایەوه. کورسییەکانی دانا. فینجانەکانی لەسەر کورسییەك، له دەوری جەزوەیەك دانا. ئەوجا بەرانبەر بەمن، له دیوەکەی تری دایکمەوه دانیشت. پەرستارەکە هەر بەو دەقەوه له بنی ژوورەکەدا، پشت له ئێمه وەستا بوو. من نەمدەبینی که چی دەکرد. بەڵام به گوێرەی جوڵەی دەستیا دەزانرا که شتێك دەچنیٚ. هەوا خۆش بوو. قاوەکە گەرمی کردبوومەوه. له دەرگاکەوه که کرابووەوه بۆنی شەو و گوڵان دەهاته ژووریٚ. پێم وایه کەمێك خەوتم. دەنگی خشەخشێك بێداری کردمەوه. چونکه چاوم نوقابوون، روناکییەکە له جاران ناخۆشتر بوو. تاقه سێبەرێکیش له بەردەمما نەدەبینرا. هەموو شتێك، هەر گۆشەیەك، هەموو پێچەکان به لاسارییەکی تاقەتبەرەوه لەبەر چاوم بەرجەستە دەبوو.دۆستەکانی دایکم لەم کاتەدا وەژوورکەوتن. ده دوانزه کەسێك بوون. وبه بێدەنگی وەناو ئەم روناکییه بەشەوارەخەره کەوتن. بیٚ ئەوەی تاقه دەنگێك له کورسییەکانەوه بەرزبێتەوه لەسەریان دانیشتن. بەجۆریٚ تێم دەروانین وەکو ئەوەی تا نهۆ هیچ کەسێکم نەدیبیٚ. بچوکترین پاژی سیماو جلەکانیان له نیگام دەرباز نەدەبوو. له گەڵ ئەمەشا هیچ دەنگێکم لیٚ نەدەبیستن و زۆر بەزەحمەت باوەڕم به بوونیان دەکرد. زۆربەی ژنەکان بەرکۆشەیان بەستبوو. به پەتێك ناوقەدیان بەستبوو وئەمه سکی داکەوتوویانی زیاتر بەرجەستە دەکرد. تا ئەوکاته هەرگیز نەمزانی بوو که پیرەژنان چۆن ورگیان دەبیٚ. پیاوکان هەموو لاواز و عاسا بەدەست بوون. ئەوەی مایەی سەرنجم بوو ئەمه بوو که چاوم نەدەبینین، تەنیا روناکییەکی لێڵ له ناوەندی چاڵێکی پڕ له چرچ و لۆچدا دەبینرا. که دانیشتن زۆربەیان تەمەشای منیان کردو به ئەستەم سەرێکیان بۆ لەقاندم وچونکه لێویان چوو بووه ناو زاری بیٚ ددانیانەوه من حاڵی نەبووم که ئایا سڵاوم لێدەکەن یان تەنیا جوڵەیەك سەری بزواندوون. لیٚ پێم وایه سڵاویان کرد. لەم کاتەدا زانیم

www.pertwk.com

هەموویان لە بەرانبەر منا وبە دەوراودەوری دەرگاوانەکەدا دانیشتوون. وسەردەجولێنن. لەپڕێکا ئەم بیرۆکە گاڵتە جاڕییەم لا دروست بوو کە هاتوون من دادگایی بکەن.

دوای کەمێك یەکێك لە ژنەکان کەوتە گریان، لە ریزی دووەم، لەپشت یەکێك لە هاوڕێکانیا پەنهان بووبوو. من بەزەحمەت دەمبینی، بەدەم کورتە هەنسکەوە بەردەوام دەگریاو وامەزانی کە ئیدی هەرگیز ناوەستێەوە. ئەوانی دی وەك بلێی گریانەکەی ئەو نەژنەون، هەموو خەمین ومات وبێدەنگ بوون. دەیانڕوانییە تابووتەکە یا دارعاساکانی دەستیان یا هەرشتێکی دیکە، بەلاَم جگە لەمە نەیاندەروانییە هیچی دی. ئەو ژنە هەردەگریا، زۆر حەیرمابووم. چونکە من نەمدەناسی. حەزم نەدەکرد گوێم لە دەنگی ببێ. لێ زاتم نەبوو ئەوەی پێ بلێم. دەرگاوانەکە بەلای ئەودا دانەوییەوە، قسەیەکی کرد، لێ ئەو سەری دانەواند، لە بن لێوانەوە شتێکی گووت و بە هەمان شێوە درێژەی بە گریانەکەی دا. ئەوسا دەرگاوانەکە بۆ لای من هات. لە نزیکمەوەدانیشت. پاش ساتێکی دوورو درێژ، بێ ئەوەی نیگام بکات پێی وتم: ((ئە ژنە زۆر لە دایکتەوە نزیك بوو. دەڵێت ئەو لێرەدا تاقە دۆستی بووەو نەۆ ئیدی چ کەسێکی نییە.))

ماوەیەکی زۆر بەمجۆرە دانیشتین. ناڵەو هەنسکەکانی ئەو ژنە کەمتر بوو بووەوە. ماوەیەك پرخاندی وئاقیبەت بێدەنگ بوو. من هێشتا خەوم نەدەهات. لێ شەکەت بووم و گورچیلەکانم دەیەشان. ئێستا بێدەنگی هەموو ئەم بنیادەمانە ئازاریان دەدام. جار جارێ تاقە دەنگێکی تایبەتی کە بۆم دیاری نەدەکرا دەگەییە گوێم. دوای ماوەیەك ئاخری زانیم کە چەند دانەیەك لە پیرەمێردەکان لە دیوی ناوەوە گوپی خۆیان دەمژن وئەم ملچە ملچە سەیرە دەردێنن. بە جۆرێ غەرقی بیرو هزری خۆ بووبوون کە ئاگایان لەم کارەیان نەبوو وتەنانەت ئەم بیرەم بە مێشکا هات کە ئەم مردووەی کە لەناو ئەوانا کەوتووە چ گرنگییەکی بۆ ئەوان نییە. لێ ئێستا دەزانم کە ئەمە بیرێکی هەڵەبووە.

هەموومان ئەو قاوەیەمان خواردەوە کە دەرگاوانەکە دروستی کردبوو. ئیدی نازانم چی روویدا. شەو بوری بوو. ئەوەندەم لەبیرە کە جارێك چاوم هەڵێنا و دیتم پیرە مێردەکان پاڵیان بە یەکەوە داوەو خەوتوون. جگە لە یەکێکیان کە چەناگەی نابووە سەر ئەو دەستەی کە گۆچانەکەی پێ گرتبوو. وئەبلەقانە دەیڕوانییە من، وەك ئەوەی لە مێژ بێ چاوەڕوانی بێداربوونەوی من بێ. دووبارە خەو بردمییەوە. لە ئازاری بێ ئەندازەی گورچیلەکانم خەبەرم بووەوە. خۆر لەسەر میچە شوشەبەندەکەوە دەخزییە ژوورەوە. دوای کەمێك یەکێك لە پیرە مێردەکان رابوو وزۆر کۆکی. تفەکەی دەکردە دەستەسڕێکی خانەخانەی گەورەوە، هەر کۆکەیەکی وەکو گیان کێشانێك بوو. ئەوانی دیکەشی خەبەر کردەوەو دەرگاوانەکە بەگوێیدادان کە دەبێ بڕۆن. هەستان. ئەم شەونخونییە نارەحەتە دەموچاوی کەوە کردبوون. لەوە سەرم سوڕمابوو کە کاتێ وەدەرکەوتن، هەموو تەوقەیان لە گەڵکردم. لە تۆ وایە ئەو شەوە کە تاقە قسەیەکمان تیا لەگەڵ یەکدی نەکردبوو، دۆستایەتیمانی دوو چەنانە کردبوو.

ماندووبووم. دەرگاونەکە بۆ ژورەکەی خۆی بردم کە توانیم لەوێندەر خۆم رێك بخەم. هەمدیس شیرو قاوەیەکمان خواردەوە کە زۆر بە لەزەت بوو. گاڤێ وەدەرکەوتم خۆر تەواو بەرز

بوو بووەوە. ئاسمان بەسەر ئەو گردۆلکانەوە کە مارنگۆی لە دەریا جیا دەکردەوە، غەرقی سووری بوو وئەو شنە بایەی کە بەسەر گردۆلکەکاندا تێدەپەڕی بۆن وبەرامەی خوێی لەگەڵ خۆدا دێنا. رۆژێکی زۆر جوان بەرێوە بوو. لە مێژ بوو کە نەچوو بوومە گوندی، پێم وابوو ئەگەر دایکم لە ئارادا نەبووایە لەزەت وخۆشییەکی فرەم لە گەشت و گەرانی ئەمرۆکە دەبینی.

لە حەسارەکەدا، لە ژێر دار چنارێکدا، بەدەم چاوەڕوانییەوە وەستابووم. بۆنی زەوی تەڕ و شێدارم هەڵدەمژی و خەوم نەدەهات. هاوکارانی دایەرەی خۆمم بیر کەوتەوە کە هەموویان لەم کاتەدا رادەبوون تا بچن بۆ سەر کار. بۆ من ئەم ساتە هەمیشە، دژوارترین سات بوو. تۆزێکی دیکەش بیرم لەم شتانە کردەوە. بەڵام لە ناکاو دەنگی زەنگێك لە ناو بیناکەوە داوی بیرکردنەوەی پچریم. لە پشت پەنجەرەکەوە هەندێ جم وجوڵ بینرا. ئەوجا هەموو شوێنەکان کپ و ئارام بوون. هەتاو تۆزێ بەرزتر بوو بووەوە: قاچەکانم خەریك بوو گەرم دەبوونەوە. دەرگاوانەکە کە بە حەسارەکەدا رەت دەبوو پێی گووتم کە بەرێوەبەر دەیەوێم. چووم بۆ نووسینگەکەی. چەند کاغەزێکی پێ ئیمزا کردم. سەیرم کرد رەشی پۆشیبوو و پانتۆڵێکی خەت خەتی لەبەر بوو. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پێی گووتم: ((کرێکارانی جەنازە تۆزێکە هاتوون. دەچم پێیان دەڵێم تابوتەکە دابکوتن، دەخوازی جارێکی دیکەش دایکت ببینی؟)) گوتم نە. بەدەم دەنگ نزم کردنەوە بە تەلەفۆنەکە دەستووری دا:((فیجاك بە مامورەکان بڵێ کە دەتوانن دەست بە کار بن.)) ئەوجا گوتی کە ئەویش لە رێورەسمی ناشتنەکەدا بەشداری دەکات، سوپاسیم کرد. لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت. لاقە بچوکەکانی نانە سەر یەك و پێی راگەیاندم کە تەنیا من و ئەو و لەگەڵ پەرستاری بەشەکەدا لە رێورەسمەکەدا دەبین، بە گوێرەی رێسای خانەی پیران، کەسانی پیرخانەکە بۆیان نییە بەشداری رێورەسمی ناشتن بکەن. تەنیا بۆیان هەیە شەو نەخوسی بکەن. و دووپاتی کردەوە کە:((ئەمە مەسەلەیەکی ئینسانی یە.)) بەڵام بە شێوەیەکی ریزپەڕ رێگەی بە دۆستێکی دایکم بە ناوی ((تۆماس پیرێز)) دا بوو بەشداری لەم رێورەسمەدا بکات.بەرێوەبەرەکە پێکەنی و پێی گووتم: ((بە خۆت دەزانی ئەمە هەستێکی هەرزەکارانەیە. ئەم پیرەمێردەو دایکت قەت لێکدی دوور نەدەکەوتنەوە. لە پیرخانەکەدا سوعبەتیان لەگەڵ دەکردن وبە((پیرێز))یان دەگوت: ((ئەمە دەزگیرانی تۆیە))ئەویش پێدەکەنی. ئەمەیان پێ خۆش بوو. وبەراستی مەرگی خات((مەرسۆ)) زۆری نارەحەت کردووە. وا زەندەکەم هەقی ئەوەم نەبوو رێگەی نەدەم. بەڵام لەسەر راسپاردەی دکتۆری ئێشکچی، رێگەم نەدا شەونخونی بەدیارەوە بکات.))

ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی ماینەوە. بەرێوەبەرەکە هەستاو لە پەنجەرەی نووسینگەکەی خۆیەوە تەماشای کرد.وپاش تۆزێك گووتی: ((ئەها ئەوە قەشەی مارنگۆیە. زوو هاتووە.))و گووتی لێرەوە تا کڵێساکە کە لە ناو گوندیدایە بەلای کەمەوە سێ چارەکە سەعات دەبێ. هاتینە خوارێ. کەشیشەکەو دوو مندالی سروودخوێن لەبەر بینایەکەدا وەستابوون. یەکێك لە منداڵەکان بخوردانێکی بەدەستەوە بوو وکەشیشەکە بەرەو لای ئەو دانەویبووەوە تا درێژی زنجیرە زیوەکەی چاکبکات. کە ئێمە گەیشتینە جێ، کەشیشەکە سەری هەڵبڕی. بانگی کردم((کوڕەکەم)) وچەند قسەیەکی دیکەشی کرد. ئەوجا وەژوور کەوت، منیش وەدووی کەوتم.

تەمەشایەکم کرد دیتم کە بزمارەکانی تابووتەکە داکوتراوون. و چوار پیاوی رەشپۆش لە ژورەوە وەستاون، لەو دەمەدا گویم لێ بوو کە بەرێوەبەرەکە پێی گوتم گالیسکەکە لە کەنار جادەکەیەو ئامادەیە، کەشیشەکە کەوتە وێردو دوعا خوێندن. لەم ساتە بەدوواوە کاروبارەکان بەلەز جێ بەجێ بوون. پیاوەکان بە پەردەیەکەوە بەرەو تابووتەکە چوون. کەشیشەکەو هاورێکانی و بەرێوەبەرەکەو من وەدەرکەوتین. ژنێك لەبەر دەرگا وەستابوو کە من نەمدەناسی. بەرێوەبەرەکە گوتی: ((جەنابی مەرسۆ)). گویم لە ناوی ژنەکە نەبوو وتەنیا ئەوەندەم زانی کە پەرستارە. ئەویش بێ هیچ بزەیەك دەمووچاوە رەقەڵەو درێژکۆلەکەی خۆی دانەواندەوە. ئەوسا ریزمان بەست تا جەنازەکە تێپەرێ و لە دووی جەنازە هەڵگرەکانەوە وەرێکەوتین و لە خانەی پیرانەکە وەدەرکەوتین. گالیسکەیەك لەبەر دەرگا وەستابوو. رەش، درێژو بریقەدار بوو و قەڵەمدانی وەبیر بنیادەمدەهێنایەوە. لە تەنیشتییەوە رێکخەری رێورەسمەکە کە پیاوێکی کورتە بالآبوو وجلێکی پێکەنیناوی لەبەردا بوو، لەگەڵ پیاوێکی رەفتار دەسکردا وەستابوون. زانیم پیرەمێردەکە ئاغای ((پیریزە)). کلاوێکی نرمی قەراخ پانی ناوەند خڕی لەسەر بوو–کە لەکاتی تێپەڕبوونی جەنازەکەدا دایگرت–بە جلێکەوە کە پانتۆڵەکەی کەوتبووە سەر پێلاوەکانی و گرێی بچووکی بۆینباخە رەشەکەی کە لە یەخە سپی کراسە دەڵبەکەی هاتبوو.لێوەکانی لە ژێر کەپوویەکی پڕ لە پەڵەی رەش دەلەرزی. قژە نەرم وسپییەکەی لە پشت گوێچکە سەیرەکانییەوە بەسەر قەراخە هەڵگەراوەکەیدا ڕژابوو ورەنگی سوری. گوێچکەکانی، لەسەر ئەم سیما رەنگ پەریوە سەرنجی راکێشام. رێکخەری رێو رەسمەکە شوێنی هەر یەکەمانی دیاری کرد. کەشیشەکە لەپێشی پێشەوە دەرۆیی، ولە دوای ئەوەوە عەرەبانەکە بوو، لە دەوری عەرەبانەکەدا ئەو چوار پیاوە بوو، لە دوای ئەوانەوە بەرێوەبەرەکەو من. پەرستارەکەو ئاغای پیریز لە ریزی دوواوە بوون.

نهۆ ئاسمان نقوومی خۆرەتاو بوو. هەتاو وردە وردە قورسایی دەخستە سەر زەوی– گەرما بەلەز بەرز دەبووەوە، نەمزانی بۆ ئەوەندە دێر حەرەکەتمان کرد. لە ژێر جلە تۆخەکانمەوە هەستم بەگەرما دەکرد. پیرەمێردە وردیلە کورتە بالآکە کە کلاوەکەی لەسەر کردبوو دایگرتەوە. کاتێ کە بەرێوەبەرەکە باسی ئەوی بۆ دەکردم، ئاوڕێکم لێی دایەوەو تەمەشایەکم کرد، بەرێوەبەرەکە پێی گووتم کە زۆر جار دایکم و مستەر پیریز عەسران لە گەڵ پەرستارێك دا بۆ پیاسە بۆ گوندەکە دەچوون. نۆڕیمە دەشتەکەی دەورو بەرم، لە نێو ریزی ئەو دار سنۆبەرانەی کە بە گردێکی زۆر بەرز کۆتایی دەهات ولە نێو ئەم زەوییە سەوزو قاوەیی و ئەم ماڵە تاك تاك و دیارانەوە حاڵی دایکی خۆم دە خوێندەوە. شەو، دەبێ لەم دەڤەرەدا وەکو هەڵوەستەیەکی خەمئەنگێز وەهابێ. بەلآم ئەمڕۆکە هەتاوی تاقەتبەر، دیمەنەکەی لەبەر چاو دەسڕییەوەو بێ گیان و خەمین دەینواند.

کەوتبووینە ڕێ. لەم کاتەدا بوو کە زانیم((پیریز)) کەمێك دەلەنگێ. گالیسکەکە بەرەبەرە خێراتر دەبوو و پیرەمێرد دوا دەکەوت. یەکێك لەو پیاوانەش کە لە پاڵ عەرەبانەکەوە دەرۆیشتن دواکەوت ونهۆ پێ بە پێی من دەرۆیی. پێم سەیر بوو کە هەتاو بەو خێراییە بەرەو تاقی ئاسمان

هەڵدەكشا. لەپڕ هەستم كرد كە دەشتەكە ماوەیەكە لە دەنگە دەنگی مێروون وشنە شنی گیایاندا نقووم بووە.

ئارەقە بەگۆناكانما هاتبووە خوارێ. چونكە كلاّوم نەبوو، بەدەستەسڕ خۆم باوەشبێن دەكرد. ماموری ناشتنەكە هەندێ شتی پێ گووتم كە گوێم لێ نەبوو. لەم كاتەدا ئارەقەكەی سەری خۆی بەو دەستەسڕەی كە بەدەستی چەپییەوە بوو دەسڕی. بەدەستی راستی كاسكێتەكەی هەڵبڕی بوو. پێم گووت: ((چی؟)) بە دەم ئاماژەكردنەوە بۆ خۆرەكە دووبارەی كردەوە كە: ((گەرمایەكی سەیرە.)) گووتم: ((ئەرێ)). ((پیر بوو؟)) گوتم: ((تەقریبەن))،چونكە تەمەنیم بەدروستی نەدەزانی. دوای ئەمە بێدەنگ بوو. ئاوڕێكی پاشەوەم دایەوەو پیریز پەنجا مەترێك لە دواترەوە دەهات وهەروەها نیگایەكی بەرێوەبەرەكەم كرد.زۆر بە سەنگ و ویقارەوە رێی دەكرد. چەند دڵۆپەئارەقەیەك بەسەر تەوێڵییەوە دەبریقایەوە، كەچی نەیدەسڕی.

وام هاتە بەرچاو كە دەستەی بەرێكەران خێرا دەڕۆیی. دەورووبەرم هەمان دەشتایی گەرم وتەژی خۆر بوو. بۆ كەسێكی وەكو من لە كێشا نەبوو. بۆ ساتێك بەسەر بەشێك لە جادەكەدا كە تازە نۆژەن كرابووەوە تێپەڕین، خۆر قیری جادەكەی نەرم كردبووەوە.و پێی پێدا دەچوو وناواخنە درەوشاوەكەی بە دیار دەكەوت. كلاّوە چەرمییەكەی عەرەبانچییەكە لەسەر عەرەبانەكەوە وا دەهاتە بەرچاو كە لەم قوڕە رەشە هەڵكێشرابوو. من لەنێوان ئاسمانی شین وسپی و هاوئاهەنگی ئەم رەنگانەدا: رەشی زەقی قیرەكە، رەشی تۆخی جلەكان و رەشی بریقەداری عەرەبانەكەدا خۆم گوم كردبوو. هەموو ئەمانە: هەتاو، بۆنی چەرم و بۆنی تەرس و شیاكەی عەرەبانەكە، بۆنی رەنگ وكندر، وماندوویەتی یەك شەو بێداری، نیگاو بیریان پەریشان كردبووم.جارێكی دی ئاوڕی پاشەوەم دایەوە:پیریز زۆر دوور بوو. لەنێو شەپۆلی گەرماكەدا ون بووبوو. بەنیگا كەوتمە تاقیبی و بینیم لە ناوەندی دەشتەكەوەو بە رێگەیەكی قەدبڕا دێت.سەیرم كرد جادەكە لە بەردەم منا پێچ دەكاتەوە.ئیدی بۆم دەكەوت كە پیریز شارەزای ئەم دەڤەرەیە، وزۆر زووتر رێگەكە تەی دەكات وئێمە دەگرێتەوە. لە پێچی جادەكەدا ئێمەی گرتەوە. دیسان لێمان گوم بووەوە. ئەمجارەش لە رێگەیەكی قەدبڕەوە دەڕۆیی وئەم كارە چەند جارێك دووبارە بووەوە. بەلاّم من هەر زوو سەرنجم لەسەر جم وجوڵەكانی ئەو لاچوو. هەستم دەكرد خوێن لە لاجانگەكانمدا پل دەدا.

هەموو ئەمانە بەخێرایی و وەزع وحاڵێكی ئاسایی ئەوتۆ تێپەڕین كە لەمە پتر شێكی ئەوتۆم لەبیر نەماوە. ئا شتێكی دیكەش: كە چووینە ناو گوندەكەوە پەرستارەكە قسەی لە گەڵ كردم، دەنگی لە گەڵ سیمایدا نەدەگونجا. دەنگێكی بەریتم ولەرزان بوو. گوتی ئەگەر بنیادەم هێدی بڕوات تاوەسووت دەبێ، و ئەگەر لەزێ بكات ئارەقە دەكاتەوەو لەناو كڵێساكەدا سەرمای دەبێ)) راستی دەكردو هیچ چارێكی دیكەش نەبوو، چەند بیرەوەرییەكی تری ئەو رۆژەم لەبیرە. بۆ نموونە سەرو سیما پیریز، كاتێ بۆ دواجار لە نزیكی گوندەكەدا پێمان گەییەوە، دڵۆپە ئارەقەی درشت، خەم و ماندوویەتی نیشتبووە سەر گۆناكانی كە بەهۆی چرچ و لۆچەكانی دەمووچاوییەوە نەدەڕژا بەڵكو پەخش وبلاّو دەبووەو دووبارە كۆدەبووەوەو توێژە ئاوێكی لەسەر

ئەم دەموچاوە داتەپیوە پێك دەهێنا، هەروەها بیرەوەری كڵێساو گوندییانی سەر شۆستەكان، گوڵدانە سورەكانی سەر گۆڕەكانی ناو گۆڕستانەكە! لەخۆچوونی ((پیرین))(كە وەكو بووكەڵەیەك دەچووكە داوەكەی پچڕابێ) ئەو گڵەی كە لەرەنگی خوێن دەچوو ودەیانكرد بەسەر تابووتەكەی دایكما، رەگ وریشاڵی دارو درەختان كە تێكەڵ بە گڵەكە بووبوو، هەروەها ئاپوراكە، دەنگە دەنگ و هەراو زەنا، گوندەكە، چاوەروانی لەبەر قاوەخانەیەكدا، دەنگی بەردەوامی مەكینەكەو خۆشحاڵی من كاتێ كە پاسەكە گەییە ناو روناكییەكانی جەزایر و بیر كردنەوەم لەمەی كە دوانزە سەعاتی خشت دەنووم.

((2))

كە لە خەو رابووم زانیم بۆچی بەرێوەبەرەكەم كاتێ كە داوای دوو رۆژ مۆڵەتم لێكرد قەڵس بوو: ئەمڕۆ شەممەیە. هەر لەبیرم نەبوو، بەلاَم كە رابووم بیرم كەوتەوە. دیارە بەرێوەبەرەكەم وای بیر كردووەتەوە كە بەمجۆرە لەگەڵ یەك شەممەدا چوار رۆژ پشووم دەبێت و ئەمەی بە دڵ نەبووە. بەلاَم خەتای من نییە كە لەبری ئەمرۆ دوێنێ دایكەیان بە خاك سپارد، ئەوجا هەر چۆنێ بێ شەممەو یەك شەممەم پێ دەبڕا. لە گەڵ ئەمەشا لە بەرێوەبەرەكەم دەگەم.

بە زەحمەت رابووم شەكەت و ماندووی دوێنێ بووم. بەدەم ڕدێن تاشینەوە لە خۆم پرسی دەخوازم چ بكەم و لێبڕام بچمە مەلەوانی. سواری تراموا بووم و چووم بۆ بەندەر. خۆم بە ئەستێلەكەدا كرد. یەك دنیا لاو ڕژابوونە ئەوێ. لە ئاوەكەدا ((ماری كاردونا))م بینی كە كات خۆی لە دایەرەكەمانا تایپێست بوو، و ئەوسا حەزم لێی بوو. پێم وایە ئەویش بێ مەیل نەبوو. لێ زۆری نەبرد كە ئەو لێی داو رۆیی ودەرفەتمان بۆ نەلوا كە زیاتر یەكدی بدینین. یارمەتیم دا كە سەربكەوێتە سەر كەڵەكێكی لاستیكی. و بەدەم ئەم كارەوە دەستم بەر مەمكی كەوت. من هێشتا لە ئاوەكەدا بووم كە ئەو بەگازی پشتا لەسەر كەڵەكەكە راكشا. رووی كردە لای من. قژەكەی بەسەر چاویا رژابوو وپێدەكەنی. خۆم گەیاندە كەڵەكەكەو خۆم خزاندە تەنیشتییەوە. هەواكەی خۆش بوو، و بەناوی سوعبەتەوە سەرم بردە دوواوەوە رێك لەسەر سكی ئەوم دانا. هیچی نەگووت، ومن بەو حاڵەوە مامەوە، هەر هەموو ئاسمان لەناو چاوەكانما بوو، ئاسمان شین وزێڕین بوو. هەستم دەكرد دڵی ماری لە ژێر سەرمدا بە ئەسپایی لێدەدا. ماوەیەك بە نیمچە بێداری لەسەر كەڵەكەكەماینەوە. كە هەتاو تەواو گەرم بوو ئەو خۆی هەڵدایە ئاوەكەوەو منیش بەدوایا. خۆم گەیاندێ، دەستم لە قەدی هالاَندو پێكەوە مەلەمان كرد. ئەو هەر پێدەكەنی: كاتێ كە لەسەر ئەسكەلەكە خۆمان وشك دەكرەوە پێی گووتم: ((من لە تۆ ئەسمەرترم.)) داوام لێكرد كە شەوێ پێكڤە بچینە سینەما. بە پێكەنینەوە گووتی زۆر حەز دەكات فیلمێكی ((فرناندل)) بدینێ. وەختێ جلەكانم لەبەركرد زۆری پێ سەیر بوو كە بۆینباخی رەشم بەستووە. لێی پرسیم كە ئایا تازیە بارم؟ پێم گووت كە دایكم مردووە. چونكە دەیویست بزانێ كەی، وەلاَمم دایەوە: ((دوێنێ)) كەمێك پەشۆكا. بەلاَم خۆی لە گێلی داو هیچی نەگووت. دەمویست پێی لێم كە

تەخسیری من نەبووە. لێ جڵەوی خۆم گرت. چونکە بیرم کەوتەوە کە ئەم قسەیەم بە بەڕێوەبەرەکەم گوتبوو. ئەم دووبارە کردنەوەیەم پێ بێ مانا بوو. بەهەر حاڵ بنیادەم هەمیشە کەمێك خەتاکارە.

شەوێ ماری هەموو شتێکی فەرامۆش کردبوو، هەندێ شوێنی فیلمەکە کۆمیدی بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەڕاستی تورەهات بوو. لنگی بە لاقی منەوە چەسپاندبوو. منیش مەمکیم دەگوشی. لە نزیکی کۆتایی فیلمەکەدا رامموسی. بەڵام بەدڵی خۆم نەبوو. کە چووینەدەرێ، لەگەڵ منا هات بۆماڵەوە.

کە ڕابووم ماری رۆیی بوو. بۆی رونکردبوومەوە کە دەبێ بچێ بۆ لای پوری. کە بیرم کەوتەوە ئەمرۆ یەك شەممەیە بێتاقەت بووم. حەزم لە یەك شەمموان نییە. لەناو جێگەکەما تلێکم دا. بۆ بۆنی ئەو خوێیە گەڕام کە قژی ماری بەسەر سەرینەکەوە بەجێی هێشتبوو. تا سەعات دە لێی خەوتم. ئەوسا بەدەم ڕاکشانەوە تا نیوەڕۆ هەر جگەرەم کێشا. تاقەتم نەبوو وەکو چەند رۆژە فراڤین لە نك سیلست بخۆم. چونکە پرسیارکووتیان دەکردم و منیش حەزم لەمە نەبوو. چەند هێلکەیەکم کولاند و هەر لەو قاپەداو بەبێ نان خواردم. چونکە نانم لەماڵەوە نەبوو و تاقەتم نەبوو بۆ نانکڕین بچمە خوارەوە.

پاش فراڤین کەمێك بێتاقەت بووم و کەوتمە پیاسە بە ماڵەکەدا. کاتێ کە دایکم لێرە بوو ماڵەکە رێك و پێك بوو، بەڵام ئێستا بۆ من زۆر گەورەیە ودەبێ مێزی ژووری نان خواردنەکە بۆ ژوورەکەی خۆم بگوازمەوە. من ئەم ژوورەم بەس بوو، تەنیا لەم ژوورەدا دەژیام لە نێو کورسییە حەسیرە چاڵ بووەکان و ئەو کۆمەدییەی کە ئاوێنەکەی زەرد بووە و مێزی تەوالێتەکەو قەرەوێڵە ئاسنەکەمدا. ئەوەی دی هەمووی بێ سوود لەو گۆڕە کەوتبوو. دوای تۆزێك هەر بۆ ئەوەی کارێك بکەم، کۆنە رۆژنامەیەکم پەیدا کردو کەوتمە خوێندنەوەی. ریکلامێکی خوێی((کرۆشن))م لێ بڕی وچەسپاندم بەو دەفتەرەوە کە بابەتی سەرنج راکێشی رۆژنامانم تیا هەڵدەگرت. ئەوسا دەستم شتن و چووم لە بەلەکۆنەکە دانیشتم.

ژوورەکەم دەروانێتە شەقامە سەرەکییەکەی دەورو بەری شار. پاش نیوەرۆیەکی خۆش بوو. شەقامەکە رەش دەچووەوە وتاك و تەرا خەڵکی بەپەلە تێدەپەڕین. هەوەڵین گروپ، خێزانێك بوو کە دەچوونە گەشت، دوو کوڕیژگە بە جلی دەریاییەوە، و پانتۆڵەکانیان تا خوار ئەژنۆیان هاتبوو، لەناو جلە زبرو ڕەقەکانیانا کەمێك نارەحەت بوون. وکیژێکی چکۆلە بە قردێلەیەکی سورو جوتێ پێڵاوی بریقەدارەوە لە دوایانەوە بوو. دایکیان قەڵەو بوو، کراسێکی حەریری قاوەیی لەبەر بوو. بابیان پیاوێکی وردیلەی یەجگار لاواز بوو ودووراو دوور دەمناسی، کلاوێکی حەسیری لەسەر بوو. بۆینباخی لەمل کردبوو ودارعاسایەکی بەدەستەوە بوو. کە ئەوم لەگەڵ ژنەکەیدا بینی، ئیدی زانیم بۆچی لە گەرەکا دەڵێن پیاوێکی بەئیحتوبارەو ژنەکەی لە رێزەی ئەودانییە. دوای تۆزێك گەنجانی دەڤەرەکە، بە قژی کرێماوی وبۆینباخی سورو چاکەتی ناوقەدتەنگی گوڵدۆزی و پێڵاوی نووك پانەوە رەت بوون. پێدەچوو بۆ سینەمای ناوەندی شار بچن. بۆیە زوو کەوتبوونە رێگەو بەدەم قاقای پێکەنینەوە دەلەزین کە فریای تراموا بکەون.

دوای ئەوان شەقامەکە بەرە بەرە چۆڵ بوو. پێم وایە لە هەموو شوێنەکانا نمایش دەستی پێکردبوو. جگە لە دوکانداران و پشیلە چ شتێکی دی لە شەقامەکەدا نەدەبینرا. ئاسمانی سەر ریزە درەختەکانی ئەم بەر وئەوبەرە شەقامەکە ساف بوو بەڵام روناك نەبوو. لە شۆستەکەی ئەوبەرەوە کابرای جگەرە فرۆش کورسییەکی هێنایە دەرێ. لەبەر دوکانەکەیا دایناو هەردوو دەستی خستنە سەر پشتی کورسییەکەو بە بەرەواژی لەسەری دانیشت. ئەو تراموایانەی کە تا تۆزێ لەمە پێش پڕبوون لە خەڵکی ئێستا تەقریبەن چۆڵ بوون. لە قاوەخانە بچووکەکەی((شیە پیرۆ))ی تەنیشت جگەرە فرۆشەکەوە گارسۆنەکە خەریك بوو ئاردە داری نێو هۆڵە چۆڵەکەی دەماڵی. بەڕاستی یەك شەممە بوو.

منیش کورسییەکەی خۆم وەرگێڕاو وەکو جگەرە فرۆشەکە لەسەری دانیشتم. چونکە هەستم کرد واهی خۆشترە. دوو جگەرەم کێشا. چوومە ژوورەوەو چکلێتێکم هێناو چوومە بەر پەنجەرەکە تا لەوێندەر بیخۆم. دوای تۆزێك ئاسمان تاریك بوو و بە دڵما هات کە هەر ئێستا بارانە هاوینەیەك دادەکات. کەچی پەڵە هەورەکان بەرە بەرە رەوینەوە. لێ تێپەڕبوونی هەورەکان بەسەر شەقامەکەدا بۆنی بارانی لێدەهات و زیاتر تاریکی کرد. ماوەیەك روانیمە ئاسمان.

سەعات پێنج، تراموایەکان بە هەراو زەناوە پەیدابوونەوە. لە مەیدانی وەرزشی دەوروبەری شارەوە تەماشاڤانانی فوتبۆڵیان کە وەکو هێشوو خۆیان بە پەیژەو قەراخەکانیانەوە هەڵواسی بوو، دەهێنایەوە. تراموای دی وەرزشکارەکانیان پێ بوو کە من بە جانتا چکۆلە کانیانا ناسیمنەوە. تا هێزیان تیا بوو دەسترین وهاواریان دەکرد کە یانەی ئەوان نادۆڕێ. ژمارەیەکی زۆریان بەسەر وبەدەست ئاماژەیان بۆ کردم. یەکێکیان هاواری بۆ کردم: ((بردمانەوە))و لە وەڵاما سەرم بۆ جوڵاندن و گووتم: ((ئافەرین)). لەمە بەدوواوە هاتو چۆی ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی سەری کرایەوەو رووی لە زیادی کرد.

ئاسمان هەمدیس کەمێك گۆڕا. لەسەربانەکانەوە ئاسمان سوور دەچووەوە، ولەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارێدا کە بەرێوە بوو جم وجوڵ کەوتە نێو کوچەو کۆڵانەکان، گەشتیاران کەم کەم دەگەڕانەوە، ئاغای بە ئیحتوبارم لە نێو قەرەباڵغییەکەوە ناسییەوە. منداڵەکان دەگریان و خۆیان بە عاردی دا بکێش دەکرد. لەو دەمانەدا سینەماکانی گەڕەك، شەپۆلە تەماشاڤانێکی زۆریان هەڵڕشتە سەر شەقامەکە. هەندێ گەنجیان تیا بوو کە ئەتواریان جدیتر لە ئاسایی بوو، پێدەچووفیلمێکی سەرکێشیان بینی بێ. ئەوانەی چووبوونە سینەماکانی شار کەمێ درەنگتر گەیشتنەوە. ئەوانە جدیتر دەهاتنە بەرچاو وهێشتا هەر پێدەکەنین. بەڵام جار جارێ ماندوو و خەیاڵاوی دەیان نواند. بە شۆستەکانا دەهاتن و دەچوون. کیژۆڵانی گەڕەك بەسەری رووتەوە دەستی یەکیان گرتبوو، کوڕەکان ریزیان بەستبوو تا ریزەکەی ئەوان بشکێنن. و تالیقیان لێدەدان وکیژەکان سەریان وەردەگێڕاو پێدەکەنین. هەندێکیان کە دەمناسین بەدەست و سەر ئاماژەیان بۆ کردم ، سڵاویان کرد.

لە پڕ گڵۆپەکانی سەر شەقامەکە هەڵبوون و ئەستێرەکانی سەرەتای شەویان لە جریوە خست. هەستم کرد چاوەکانم لە تەمەشای شۆستە پڕ لە خەڵکەکەو رووناکییەکە ماندوو بوون.

تیشکی گڵۆپەکان ڕژابووە سەر شۆستە تەڕەکەو لایتی ترامواکان لە مەودایەکی دیارەوە دەیدا لە قژی درەخشان، لەبزەیەك، یا لە بازنێکی زیو. دوای کەمێك ترامواکان کەم بوونەوە، تاریکی شەو باڵی بەسەر درەختەکانا کێشاو گڵۆپەکان کوژانەوە، و گەڕەك بەرەبەرە چۆڵبوو، بەرادەیەك کە یەکەمین پشیلە بە هێواشی لەو شەقامەوە کە تازە چۆڵ بووبوو تێپەڕی. هەنگێ بیرم کەوتەوە کە دەبێ شێو بخۆم. گەردنم، چونکە ماوەیەك بوو نابوومە سەر قەراخی کورسییەکە کەمێك دەیەشا. چوومە خوارەوەو نان وپێخۆرم کڕی. خواردنم لێناو هەر بەسەر پێوە شێوم خوارد. ویستم لەبەر پەنجەرەکەدا جگەرەیەك بکێشم. لێ دنیا سارد بوو بوو وکەمێك سەرمام بوو. پەنجەرەکەم داخست و گەڕامەوە، لە ئاوێنەکەدا سووچێکی مێزەکەم بینی کە چرا سپرتۆییەکەو هەندێ گوێچکە نانی لەسەر بوو. بیرم کەوتەوە کە ئەم یەك شەممەیەش وەکو یەك شەممەکانی دی بوری ودایکم نهۆ لەژێر خاکدایەو سبەینێ سەر لەنوێ دەچمەوە سەر سەر کارو وەلحاسڵ چ گۆڕانێك ڕووی نەداوە.

((3))

ئەمڕۆ لە دایەرە زۆرم کار کرد. بەڕێوەبەرەکەم میرەبان بوو بوو. لێی پرسیم ئایا زۆر ماندوونیم؟ وەیویست تەمەنی دایکم بزانێ. بۆ وەی بەدرۆ نەکەومەوە گوتم: ((شەست ساڵێك دەبوو)) و نازانم بۆچی وای دەنواند سەرخۆشی لێکردوم و شتەکە بڕاوەتەوە.

کۆمەڵێك بارنامە لەسەر مێزەکەم کەڵەکە بوو بوو دەبوایە بە هەموویانڕا بگەم. بەر لەوەی بۆ فراقین لە دایەرە دەربچم، دەستەکانم شت. نیوەروان ئەم کاتانەم لە لا خۆشە. بەلاّم ئێواران کەمتر حەزی لێدەکەم چونکە ئەو خاولییەی کە دەبێ بەکاری بێنم تەڕی تەرە، چونکە بە درێژایی ڕۆژەکە بەکار هاتووە. ڕۆژێك ئەمەم بە بەرێوەبەرەکەم گووت، وەلاّمی دامەوە کە مایەی داخە، بەلاّم لە هەمان کاتا چ نییە. سەعات دوانزەو نیو لە گەڵ((عەمانۆئیل))دا کە لە بەشی ناردنی نامەکانا کار دەکات وەدەرکەوتین. دایەرەکەمان دەروانێتە سەر دەریا و ئێمەش بۆ چەند ساتێ وەستاین و کەوتینە تەمەشای کەشتییە بارهەڵگرەکانی بەندەر کە نقومی هەتاو بوو. لەم کاتەدا کامیونێك بە هاڕەهاڕ هات. عەمانۆئیل گووتی: ((بەم بڕۆین؟))و من دەستم بەغاردان کرد. کامێنەکە لێمان ڕەت بوو وئێمە دووی کەوتین. من لە ناو هارە هاڕو تەپو تۆزا غەرق بووم. هیچم نەدەبینی و هەستم بە هیچ نەدەکرد جگە لە تەکانی نارێکی غاردانی خۆم بە نێو ئاپورای سیلینگ و ترومبێل، و ئەو ریکانەی لە دوورەوە دەرەقسین و بۆدی ئەو کەشتیانەی کە بە لایاندا ڕەت دەبووین. هەوەڵجار من گەییمە لۆرییەکەو خۆم هەڵدایە ناوی. ئەوجا کۆمەکی عەمانوئیل_م کردو ئەویش سوار بوو. هانکەهانکمان پێ کەوتبوو. لۆرییەکە بەسەر شۆستەی ناهەمواری لەنگەرگاکەوە، بە نێو تەپوتۆزو هەتاوا هەڵبەز و دابەزی دەکرد. عەمانوئیل لە کانگای دڵەوە پێدەکەنی.

گەیینە خواردنگەکەی ((سلست)) ئازای بەدەنمان لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. ئەو وەکو هەمیشە، بە ورگی زل ز بەرکۆشە لەبەرو بە سمێڵە چەرمووەکەیەوە لەوێندەر بوو. لێی پرسیم

كە:((بە گشتی حاڵم باشە ؟)) وەڵامم دایەوە بەڵێ، و گوتم برسیمە. بەلەز نانم خواردو قاوەیەكم بە سەرا كرد. ئەوسا بۆ ماڵ گەڕامەوە. چونكە شەرابێكی ڕەم خواردبووەوە كەمێك نووستم. كە ڕابووم حەزم لە جگەرە بوو، درەنگ بوو بوو. بۆ وەی بە ترامواداا بگەم، هەڕام كرد. بە درێژایی دوا نیوەڕۆ كارم كرد. لە دایەرە دنیا فرە گەرم بوو، و عەسر كە وەدەركەوتم خۆشحاڵ بووم كە هێدی هێدی بە پیاسە بە قەراخ بارەندازەكەدا بگەڕێمەوە. ئاسمان سەوزباو بوو. من دڵخۆش بووم. وێڕای ئەمەش یەكراست بۆ ماڵ گەڕامەوە، چونكە دەمویست پەتاتە بكوڵێنم.

كاتێ كە سەردەكەوتم، لەسەر پلیكانە تاریكە تووشی سالامانۆی پیر، دراوسێی دیوار بە دیوار بووم. لە گەڵ سەگەكەیدا. هەشت دانە ساڵە ئەم جووتە پێكەوە دەبینرێن. سەگەكە تووشی نەخۆشییەكی پێست بووە، پێم وایە گەرییە، هەموو تووكەكەی وەریوەو لەشی یەكپارچە پەڵەی قاوەییە. سالامانۆی پیر هێندە بەتەنێ لەگەڵ ئەم سەگەدا لە یەك ژوور ژیاوە، بەرەبەرە شێوەی ئەوی وەرگرتووە. ئەویش پەڵەی سووربای بە دەمووچاوەوەیە و قژی زەردباو و تەنكە. سەگەش لە خاوەنەكەیەوە فێربووە كە قەپۆزی رەپێش بخات و ملی درێژ بكات و بە كووڕە كووڕ ڕێ بكات. لە تۆ وایە لەیەك نەژادن، بەلاّم لە یەكتریش بێزارن. پیرەمێرد رۆژی دوو جاران ،سەعات یازدەو سەعات شەش سەگەكەی بۆ گەڕان دەباتن، هەشت دانە ساڵە ڕێگەی خۆیان نەگۆڕیوە. لە شەقامی لیۆن دا دەبینرێن. سەگەكە بەجۆرێ خاوەنەكەی بكێش دەكات كە سالامانۆی پیر پێی تێك دەئاڵێت وساتمە دەدات. ئیدی دەكەوێتە وێزەی سەگەكەی و جنێودانی. سەگە لە داخانا مت دەبێ و مل دەدا. هەنگێ نۆرەی پیرەمێرد دێ كە سەگەكە بە دووی خۆیا بكێش بكات وكە سەگە ئەمەی بیر دەچێتەوە هەمدیس دەكەوێتە بكێش كرنی خاوەنەكەی وهەمدیس كوتەك دەخوات و جنێو دەژنەفێ. هەنگێ هەردووكیان لە كەناری شۆستەكە دەوێستن و سەگەكە بەترس و پیاوەكە بە ڕقەوە نیگای یەكدی دەكەن. ئەمە كاری هەموو رۆژێكیانە. هەر كاتێ سەگە بخوازێ بمیزێ، پیرە مێرد دەرفەتی نادات و بە دووی خۆیا ڕایدەكێشێت. ئەگەر جارجارێ ئەم كارە لەژوورەوە بكات دیسان كوتەك دەخوات. هەشت دانە ساڵە كە ئەم كارە بەردەوامە. سلست هەمیشە دەڵێت كە((بەدبەختە)) بەلاّم راستیەكەی كەس نازانێت. كە لەسەر پلیكانەكە توشی بووم ((سالامانو)) خەریك بوو جنێوی بە سەگەكەی دەدا. پێی دەگوت:((چەپەڵ!، بۆگەن!))و سەگەكە دەیقروسكاند. پێم گوت:((شەوباش)) لێ پیرەمێرد لەسەر جنێوی خۆی بوو. هەنگێ لێم پرسی كە سەگەكە چی كردووە، وەڵامی نەدایەوە، بەردەوام دەیگوت:((نەگریس! بۆگەن!)) هەستم كرد كە پیرەمێردەكە بەسەر سەگەكەیا دانەویوەتەوە و قرێتەكەی ڕێك دەخاتەوە. دەنگم بەرزتر كردەوە. هەنگێ بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بەجۆرە توڕەییەكی جڵەوكراوەوە، وەڵامی دامەوە:((ئەمە كاری هەمیشەیەتی.)) ئەوجا بەدەم بكێش كردنی سەگەكەوە، كە لەسەر هەر چوار دەست و پێیان بەرگری دەكرد، كەوتە ڕێ.

ڕێك لەم كاتەدا دووەم دراوسێی دیوار بە دیوارم وەژوور كەوت. لە گەڕەكا وا باوە كە بە گەوادی دەژی ئەگەر جار جارێ كەسێك لێی بپرسێت چ كارەیە، دەڵێت ((دوكانداره)). بە شێوەیەكی گشتی چ كەسێك خۆشی نەگەرەكە. بەلاّم زۆرجاران قسەم لەگەڵدا دەكات و جارجارێ

سەرێکم لێ دەدات، چونکە گوێی لێ دەگرم. قسەکانیم پێ سەیرو خۆشە. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ هۆیەك نییە کەقسەی لە گەڵ نەکەم. ناوی ڕیمۆن سنتس_ە. کورتە باڵایەکی ناوشان پانی کەپووفشەوەکو کەپووی بۆکسوانان. هەمیشە ڕێك پۆشە. ڕۆژێك باسی سالامانۆی بۆ کردم وگووتی :((ئەمە کەسێکی نەگبەتە)) لێی پرسیم ئایا لێی بێزار نیم، وەڵامم دایەوە نە.

سەرکەوتینە سەرێ و خەریك بوو لێی جیا دەبوومەوە کە هەڵیدایێ: ((سوسیس وشەرابم لە ماڵەوە هەیە. مەیلت لێیە پارویەك پێکەو بخۆین؟..))بیرم کردەوە کە قبوڵکردنی ئەم دەعوەتە هیچ نەبێ زەحمەتی خواردن لێنانم لە کۆڵ دەکاتەوەو گووتم باشە. ئەویش تەنیا ژوورێك و موبەقێکی بێ پەنجەرەی هەیە. لە سەرووی تەختە خەوەکەیەوە، پەیکەری فریشتەیەك لە مەڕمەڕی قەڵبی مەیلەو سپی وسوور، چەند وێنەیەکی قارەمانانی وەرزش ودوو یا سێ وێنەی ژنانی ڕووت هەبوو. ژوورەکەی پیس و تەختە خەوەکەی پەشێو بوو. هەوەڵجار چرا نەوتییەکەی هەڵکرد. ئەوجا پارچە سارغییەکی زۆر چڵکنی لە بەرکی دەرهێنا ودەستی ڕاستی خۆی پێ پێچا. لێم پرسی چییەتی؟ گوتی لەگەڵ یارۆیەکدا کە گەڕی پێدەکرد، بەشەڕهاتووە.گوتی: ((بەخۆت ئاگاداری جەنابی مەرسۆ، من شەڕانی نیم بەلاّم هەستیارم.)) یارۆ پێی گووتم: ((ئەگەر پیاوی لە ترامواپەکە وەرە خواری.)) پێم گووت: ((برۆ بەرێی خۆتا و ئاقڵ بە.))ئەوجا پێی گووتم کە پیاو نیم. هەنگێ دابەزیم وپێم گووت: ((زارت لێکنێ، بۆ خۆتمە دەنا دەتکەم بە بنیادەم.))وەڵامی دایەوە: ((ترحێو)) هەنگێ یەکێکم خێواندێ. کەوت. چووم هەڵیبسێنمەوە، کەچی هەر لەسەر عاردەکەوە چەند لەقەیەکی پێدا کێشام. ئیدی منیش بە ئەژنۆ پێی بەربووم ودوو دانە سیخورمەم پێدا کێشا. دەمووچاوی خڵتانی خوێن بوو. لێم پرسی پیاو بووی؟ گووتی: ((بەڵێ)) بەدرێژایی ئەم ماوەیە ((سنتس)) سارغییەکەی دەبەست. من لەسەر تەختەکە دانیشتبووم. گووتی: ((بەخۆت دەبینی کە هەقم بەسەرییەوە نەبووە، ئەو هەوەڵجار شەڕی پێفرۆشتم.)) ئەوسا پێی گووتم کە پێویستی بە ئامۆژگاری منە لەو بارەیەوە، گوایە من پیاوم، ئاشنای ژیانم، ودەتوانم کۆمەکی بکەم ئەمە جگە لەوەی کە ڕەفیقی منە. من هیچم نەگووت ودووبارە لێی پرسیم کە ئایا دەمەوێ ڕەفیقی بم؟ لە وەڵاما گووتم هیچ فەرقێك ناکات. خۆشحاڵ بوو. سویسەکەی دەرهێنا. لە تاوەدا سووری کردەوە، پەرداخ وقاپ وچەقۆو چەتاڵ و دوو قاپ شەرابی لەسە مێزەکە دانا. هەموو ئەم کارانەی بەبێ دەنگی کرد. ئەوجا دانیشتین. لەسەر نان خواردن کەوتە باسی بەسەرهاتەکەی خۆی. هەوەڵجار تۆزێ دوودڵ بوو: ((دۆستایەتیم لەگەڵ ژنێکدا هەبوو.. دەشێت بگوترێ ماشووقەم بوو.)) ئەو پیاوەی لە گەڵی بەشەڕ هاتبوو برای ئەم ژنە بوو. گووتی کە خەرجی ئەم ژنەی دەکێشا. هیچم نەگووت. بەخۆی لەسەری ڕۆیی و گووتی کە ئاگای لێیە خەڵکی گەرەك چ دەڵێن، بەلاّم ئەو بابایەکی دوکانداری نیازپاکە. پێی گووتم: ((بابێینەوە سەر بەسەرهاتەکەم. زانیم کە فێڵ وکەڵەکێك لە ئارایە.)) بە ئەندازەی پێویستی بەم ژنە دەدا. کرێی ژوورەکەی بۆ دەداو ڕۆژی بیست فرانکی بۆ خۆراکی ڕۆژانە دەدایێ: سێسەد فرانك کرێی ژوورەکە، شەش سەد فرانك خەرجی ڕۆژانە، ناوبەناو جووتێ گۆرەوی. هەمووی دەیکردە هەزار فرانکێك و خانم هیچ کارێکی نەدەکرد. بەلاّم لێکدا لێکدا پێی دەگووتم کە ئەم برە پارەیە بەشی

ناکات. منیش پێم دەگووت: ((بۆچی تاقێك کارناکەیت؟ بەمە من لە شەڕی ئەم وردە خەرجیانە ڕزگار دەکەی. ئەم مانگە دەستە جلێکم بۆ کڕیوی. ڕۆژی بیست فرانکت دەدەمێ، کرێی ژوورەکەت بۆ دەدەم وتۆش پاش نیوەڕوان لەگەڵ دەستە خوشکەکانتا دادەنیشیت و قاوە دەخۆیتەوە، قاوەو شەکریان دەدەیتێ و من پارەت دەدەمێ. من چاکەم لەگەڵ کردوویت وتۆ بەمجۆرە چاکەم دەدەیەوە. بەڵام ئەو کاری نەکردو نەکرد. هەمیشە دەیگووت ئەم پارەیە بەشی ناکات و ئیدی زانیم کە فێڵ و تەڵەکەیەك لەم کارەیدا هەیە.))

ئەوجا بۆی گێڕامەوە کە بلیتێکی یانەسیبی لە جانتای ماشوقەکەیدا دۆزیوەتەوە کە نەیتوانیوە بۆی روون بکاتەوە کە چۆنی کڕیوە. دوای ماوەیەك لە ژوورەکەیدا وەسڵێکی بارمتەی دۆزیبووەوە کە دوو بازنی خستبووە ڕەهنەوە، و ئەو تا ئەوکاتە، لەبوونی ئەو بازنانە بێ ئاگابووە. ((تەواو دڵنیا بووم کە فێڵێك لەم کارەدا هەیە. ئیدی وازم لێهێنا، بەڵام لە پێشا هەندێکم لێدا. ئەوسا هەموو عەیبەکانیم دایەوە بە چاویا پێم گووت تۆ تەنیا ویستووتە کۆشت گەرم بکەی. هەروەها پێم گووت، بەخۆت حاڵی دەبی جەنابی مەرسۆ، گووتم: ((تۆ نازانی کە خەڵکی بەغیلی بەو خۆشی وشادییەت دەبەن کە من پێتی دەدەم. تۆ دوایی قەدری ئەم شادیەت دەزانی.))

ئەمجارە خراپی لێدابوو. پێشتر لێی نەدەدا.((لێم دەدا، بەڵام بە هێواشی. تۆزێکی هاوار دەکرد. و من پەنجەرەکانم دادەخست و لێرەدا دەبڕایەوە. لێ نەهۆ مەسەلەکە جدییە. و پێم وایە هێشتا بە تەواوەتی تەمێم نەکردوو.))

هەنگێ ڕونیکردەوە کە پێویستی بە تەگبیری کەسێکە. وەستا تا فتیلەی چراکە دووکەڵی دەکرد چاك بکات. من بە درێژایی ئەو ماوەیە گوێم لێدەگرت. نزیکەی قاپێك شەرابم خواردبووەو هەستم دەکرد سەرم زۆر گەرم بووە.چونکە جگەرەم پێ نەمابوو لە جگەرەکانی(ڕیمۆن)م دەکێشا. دوا ترامـوا تێدەپەڕین وهەراو هەنگامەی شاریان کە نهۆ نیشتبووەوە لە گەڵ خۆدا دەبرد. ڕیمۆن لەسەری ڕۆیی: ئەوەی کە ئازاری دەدا ئەمەیە کە هێشتاش هەوای هاوئاغۆشی ماشوقەکەی لە سەردا بوو. لە گەڵ ئەوەشا دەیویست تەمبێی بکات. هەوەڵجار بیری لەوە کردبووەوە کە بۆ ئوتێلێکی بەرێت و پۆلیسی بەرەنگار بوونەوەی تاوانی ئەخلاقی بۆ بانگ بکات، تا هەرایەك بناتەوەو کارێکی وەها بکات بەسۆزانی فەرمی لەقەڵەمی بدەن. پاشان چووبووە لای هەندێ برادەری کە لەو بوارەدا کاریان دەکرد.ئەوانە بیریان بە هیچ کوێ نەگەیی بوو..بۆیە ڕیمۆن پێی گووتم، خۆ ئەگەر ئەهلی تەقلیش بی ئەم سەریەشانە هەر هەیە. ئەم مەسەلەیەی بە هاوڕێکانی گوتبوو، و پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردبوو کە داغمەی پێوە بنێ، بەڵام ئەمەی بەدڵ نەبوو، بۆیە دەیویست بیرێك بکاتەوە. پێش ئەمە داوایەکی لە من هەبوو. بەر لەداواکەی، دەیویست ڕای من لەمەڕ ئەم ڕووداوە بزانێ. پێم گووت هیچ ڕایەکم نییە، بەڵام سەیرە. پرسی ئایا تەفرەیەك لەم ڕووداوەدا نابینم؟ من پێم وابوو کە تەفرەیەك لە کارەکەدایە. پرسی ئایا بە باوەڕی من ژنە شایانی تەمبێ کردنە، و گەر من لەجیاتی ئەوبام چم دەکرد. گوتم پیاو هەرگیز نازانێ، بەڵام لە حەزی وی بۆ تەمبێ کردنی ژنەکە دەگەم. هەندێ شەرابی دیکەم

خواردەوە، جگەرەیەکی پێکردو نەخشەکەی خۆی بۆ باس کردم. دەیویست نامەیەکی بۆ بنووسێت ((هەم پڕ تانەو تەشەر بێ وهەم پەشیمانی بکاتەوە)) ئیدی کە گەڕایەوە لای، لەگەڵیا بخەوێ و((هەرکە لە کارەکەی بووەوە)) تفێ بکاتە چارەی و لە دەرگاوە وەدەری بنێ. لێ ڕیمۆن گووتی نازانێ نامەیەکی گونجاو بنووسێت و وای بەبیرا هاتبوو کە من نامەکەی بۆ بنووسم. چونکە هیچم نەگووت، لێی پرسیم ئایا بۆ من زەحمەتێکی تیایە کە ئێستا نامەکە بنووسم و من وەڵامم دایەوە کە نەخێر.

ئەوسا دوای خواردنەوەی پەرداخێك شەراب هەستا. قاپەکان و تۆزێ پاشماوەی ساردەوەبووی سوسیسی کە مابووەوە، لابرد. بە وردی سەر مێزەکەی پاك کردەوە. لە چەکمەجەی کۆمەدی تەنیشت تەختە خەوەکەیەوە کاغەزێکی خانەخانە، زەرفێکی زەرد، قەڵەمێکی داری سورباوو شووشەیەکی چوار گۆشەی مەرەکەبی وەنەوشەیی دەرهێنا. کە ناوی ئافرەتەکەی پێگووتم زانیم کە خەڵکی جەزایرە. نامەکەم نووسی، کەمێك سەرڤەسەرڤە نووسیم. بەڵام هەوڵمدا ریمۆن رازی بکەم چونکە هیچ هۆیەك نەبوو کە زویری بکەم. ئەوجا نامەکەم بەدەنگی بەرز خوێندەوە. بەدەم جگەرەکێشان و سەرلەقاندنەوە گوێی دەگرت.ئەوسا داوای لێکردم کە دووبارە بۆی بخوێنمەوە.زۆری بە دڵ بوو. گووتی : ((دەمزانی کە تۆ ژیان دەناسیت.)) هەوەڵجار ئاگام لێنەبوو کە بە((تۆ)) دواندمی. کاتێ بە ئاگا هاتم کە گووتی: ((نهۆ تۆ هاوڕێی راستەقینەی منی))رستەکەی دووبارە کردەوەو من گووتم: ((بەڵێ)) بۆ من هیچ فەرقێکی نەدەکرد کە هاوڕێی بم یان نا. بەڵام بەراستی دیار بوو کە ئەو ئارەزووی ئەم هاوڕێیەتییەی هەبوو. نامەکەی داخست و شەرابەکەمان تەواو کرد. ئەوجا ماوەیەك بەبێدەنگی جگەرەمان کێشا. دەرەوە کپ وئارام بوو. گوێمان لە دەنگی سوڕانەوەی ئۆتۆمۆبیلێکی رەوتەنی بوو. گووتم: ((درەنگە)) بەلای ریمۆنیشەو هەروابوو. گووتی کات چەند خێرا دەروات، لەروویەکەوە راستی دەکرد. من خەوم دەهات، هەستم دەکرد بەزەحمەت دەتوانم هەستم. بێگومان سەروسیمایەکی ماندووم هەبووە. چونکە ریمۆن پێی گووتم نابێ ورە بەربدەم...لەسەرەتاوە حاڵی نەبووم، ئەوسا بۆی رونکردمەوە کە بە مردنەکەی دایکمی زانیوە. بەڵام ئەم شتە ئەمڕۆیا یا سبەی هەر دەبووایە روو بدات. منیش هەمان بۆچوونم هەبوو.

هەستام، ریمۆن دەستی توند گوشیم وگووتی پیاوان هەمیشە لە قسەی یەکدی دەگەن. کە لە ژوورەکەی هاتمە دەرێ، دەرگاکەم داخست و بۆ ساتێك لە تاریکی رارەوەکەدا وەستام. ماڵەکە کپ و هێدی بوو ولەبنی پلیکانەکانەوە شنەیەکی تاریك وشێدار دەهاتە سەرێ. جگە لە پلدانی خوێنەکەم کە لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە، چ دەنگێکی دیکەم نە دەژنەوت. جوڵەم لێوە نەدەهات. بەڵام لە ژوورەکەی سالامانۆی پیرەوە سەگەکە بەدەنگێکی کپ قروسکاندی.

((4))

بەدرێژایی ئەم هەفتەیە کارێکی زۆرم کرد. ریمۆن هاتە لام و گووتی نامەکەی ناردووە. دووجاران لەگەڵ عەمانۆیل دا چوومە سینەما، هەرگیز لەوە حاڵی نەدەبوو کە بەشاشەکەدا رەت

دەبوو. دەبوایە بۆی شەرح بکەم. دوێنێ شەممە بوو، ماری لەسەر ئەو وەعدەی دامانناببوو هات. زۆرم دڵ چووە سەری. چونکە کراسێکی جوانی موقەلەمی سورو سپی لەبەر کردبوو وجوتێ پێلاوی چەرمی لەپێدا بوو. مەمکە توندەکانی لە ژێرکراسەکەیەوە سەرەتاتکێی دەکرد، ودەمووچاوی تاوانگازی لە گوڵ دەچوو. سواری پاس بووین و چووین بۆ چەند کیلۆمەتری جەزایر بۆ کەنارێك (پلاژ) کە تاوێرە بەردان دەوریان دابوو و لایە وشکەکەی نەیجەزار بوو. هەتاوی سەعات چوار زۆر گەرم نەبوو، بەڵام ئاوەکە بەدەم وردە شەپۆلانی درێژو خاوەوە شلەتێن بوو. ماری یارییەکی فێر کردم. دەبوا بەدەم مەلەوە کەفی سەر شەپۆلەکان لەزاری خۆدا کۆبکەیەوەو یەکسەر بکەویە سەر گازی پشت و کەفەکە بەرەو ئامان بپرژێنی. کەفەکە وەکو تۆڕێکی تەنك وناسك لە حەوادا مەحوو دەبووەوە یان وەکو بارانێکی شلەتێن بەسەر دەموچاوتا دادەبارییەوە. بەڵام زۆری نەبرد سوێری وتاڵی خوێیاو زاری سوتاندمەوە. هەنگێ ماری خۆی گەیاندمێ و لە ناو ئاوەکەدا دەستی لە ملم وەرینا. زاری نایە سەر زارم. بە زمان لێوە سووتاوەکانی تەڕکردمەوەو ماوەیەك بەو جۆرە لەنێو شەپۆلاندا تەپاو تلمان دا.

کە لە پلاژەکەدا خۆمان لەبەر کرد، ماری بەچاوانی پڕشنگدارەوە لێی ڕوانیم. ڕامموسی. لەمە بەدواوە چ قسەیەکمان نەکرد. بەخۆوەم قرساندو پەلەمان بوو کە خێرا پاسێك پەیدا بکەین وبڕۆینەوە بۆ ماڵەکەی من وخۆ بدەین بەسەر تەختە خەوەکەمدا. پەنجەرەی ژوورەکەم کردبووەوە وزۆرمان کەیف دەهات کە شەوی هاوینە لە بەدەنی دەداین.

ئەو بەیانییە ماری لە ماڵی منا مایەوەو پێم گووت کە فراڤین پێکڤە دەخۆین. چوومە خوارەوە گۆشت بکڕم. لە گەرانەوەدا لە ژوورەکەی ڕیمۆنەوە دەنگی ژنێك هاتە گوێم. دوای تۆزێك سالامانۆی پیر کەوتە تانەو تەشەر لە سەگەکەی. گوێمان لە دەنگی پێلاوو چنگە کرێی حەیوانەکە بەسەر پلە دارینەکانی نەردەوانەکەوە بوو و ئەوجا: ((چەپەڵ، بۆگەن!)) بە جووتە وەدەرکەوتن بۆ سەر جادەکە. سەربوری پیرەمێرەم بۆ ماری گێڕایەوەو پێکەنی. بیجامەیەکی منی لەبەر کردبوو وقۆڵەکانی هەڵکردبوو. کەپێکەنی دیسان ئارەزووم چووە سەری. دوای تۆزێك لێی پرسیم کە ئایا خۆشم دەوێ؟وەڵامم دایەوە کە ئەم قسەیە مانای نییە. بەڵام وا خەیاڵ دەکەم کە نە. خەمبار بوو. بەڵام بەدەم فراڤین چێکرنەوە، لە خۆڕا جارێکی دی پێکەنی وماچم کرد. ڕێك لەم کاتەدا بوو کە هەراو زەنای قەرقەشەیەك لە ژوورەکەی ڕیمۆنەوە بەرز بووەوە.

هەوەڵجار گوێم لە دەنگی تیژی ژنێك بوو وپاشان دەنگی ڕیمۆن کە دەیگووت: ((تۆ فریوت داوم، منت فریو داوە، دەمەوێت تێت بگەیەنم کە فریوت داوم.)) دەنگێکی کپ هات و ژنە لە نەعرەتەی دا، هاوارێکی هێندە ترسناکی کرد کە لەپڕ ڕاڕەوەکە پڕ بوو لە خەڵکی. ماری و منیش چووینە دەرەوە. ژنە هەر هاواری دەکردو ڕیمۆن هەر لێی دەدا.ماری گووتی کارێکی هۆڤیانەیە. ومن هیچم نەگووت. داوای لێکردم کە بچم پۆلیس بانگ بکەم، گووتم حەز لەچارەی پۆلیسان ناکەم. بەهەرحاڵ پۆلیسێك لە گەڵ کرێنشینێکی قاتی دووەمدا کە بۆریچییە هات. پۆلیسەکە لە دەرگای داو ئیدی هیچ دەنگێك نەما. توندتر لە دەرگای داو دوای تۆزێك دەنگی گریانی ژنە بەرزبووەوەو ڕیمۆن دەرگای کردەوە. جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو وهێدی وهێمن دەینواند. ژنە بە

غار هاتە بەردەرگاو بە پۆلیسەکەی گووت کە ریمۆن لێی داوە. پۆلیسەکە گووتی: ((ناوت)). ریمۆن وەڵامی دایەوە. پۆلیسەکە گووتی: ((کە قسە دەگەڵ من دەکەی جگەرەکەت لەزار دەربێنە.)) ریمۆن دوودڵ بوو . نیگایەکی منی کردو مژێکی لە جگەرەکەی دا. لەم کاتەدا پۆلیسەکە تا هێز لە دەستیا بوو توقاتێکی خێواندە روومەتی. جگەرەکەی چەند مەترێك پەڕی. سیمای ریمۆن گۆڕا، بەڵام ئەو ساتە هیچی نەگووت. ئەوجا بەدەنگێکی خاکیانە پرسی ئایا دەتوانێ جگەرەکەی هەڵگرێتەوە؟پۆلیسەکە گووتی دەتوانێ، ولەسەری رۆیی: ((بەڵام بۆ جارێکی دیکە فێربووی کە گاڵتە بە پۆلیس نەکەی.))بەدرێژایی هەموو ئەم کاتە کیژێ هەر دەگریاو لێکدا لێکدا دووبارەی دەکردەوە: ((لێی دام .گەوادە.)) هەنگێ ریمۆن گووتی: ((جەنابی پۆلیس، ئایا قانون رێ دەدا کە بە پیاوێك بگووترێ: گەواد؟))بەڵام پۆلیسەکە ئەمری کرد: ((بێدەنگ.))ئەوسا ریمۆن رووی کردە کیژێ و گووتی: ((کیژی باش، پەلە مەکە، چاو بەچاو دەکەوێتەوە.)) پۆلیسەکە پێی گووت کە زاری لێکبنێ، وگووتی کیژێ با بڕوات و ئەو لە ژوورەوە چاوەڕوان بێ تا لەلایەن پۆلیسخانەوە بانگ دەکرێ. وئەوجا لەسەری رۆیی کە ریمۆن دەبێ شەرم لە خۆی بکات لەوەی ئەوەندە مەستە کە بەمجۆرە دەلەرزێ. ریمۆن گووتی: ((من مەست نیم جەنابی پۆلیس، بە دەستی خۆم نییە کە لە حوزوری تۆدا دەلەرزم.))ریمۆن دەرگای ژوورەکەی داخست و خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، ماری ومن دیسان خەریکی ئامادەکردنی فراڤینەکەمان بووینەوە، لێ ئەو برسی نەبوو، من زۆربەی خواردنەکەم خوارد. ئەو سەعات یەك رۆیی و من کەمێك خەوتم.

نزیکی سەعات سێ لە دەرگای ژوورەکەیان دام و ریمۆن وەژوور کەوت. من لەسەر جێگەکەم راکشابووم. ئەو لە قەراخ تەختە خەوەکەم دانیشت. ماوەیەك بێدەنگ بوو، من لێم پرسی کە کارەکەی گەییە کوێ. بۆی رونکردمەوە کە ئەوەی ویستوویەتی کردوویەتی. ژنەکە توقاتێکی لێدابوو وریمۆنیش لێی دابووەوە. ئەو دوایەکەشی بەخۆم دیتبووم. گووتم لەوە دەچێ ئێستا ژنە بەتەواوەتی بەسزای خۆی گەیی بێ وپێویستە ئەم خۆشحاڵ بێ. بەخۆیشی هەمان ڕای هەبوو. وگووتی پۆلیسەکە کارێکی بێهودەی کردووە. هەرچییەك بکات تۆڵەی دارکاری کردنی ژنەکە ناکاتەوە. ئەوجا گووتی ئەو پۆلیسان باش دەناسێت و دەزانێ دەبێ چۆن مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت. ئەوسا پرسی ئایا من چاوەڕێی ئەوە بووم کە وەڵامی توقاتی پۆلیسەکە بداتەوە؟ گووتم بە هیچ جۆرێ چاوەڕوان نەبووم، ولەوەش بترازێ من حەز لەچارەی پۆلیسان ناکەم. ریمۆن زۆر خۆشحاڵ بوو. پرسی ئایا ئارەزووم لێیە لە گەڵیا بچمە دەرێ؟ هەستام و کەوتمە شانەکردنی قژم. هەنگێ پێی گووتم دەبێ ببمە شایەتی. بۆ من هیچ فەرقێکی نەدەکرد، بەڵام نەمدەزانی دەبێ چ بڵێم. بە قەناعەتی ریمۆن ئەوەندە بەس بوو شایەتی ئەوەی بۆ بدەم کە کیژێ فریوی داوە. ئیدی قاییل بووم کە ببمە شایەتی.

چووینە دەرێ وریمۆن عارەقێکی نایابی دەرخوارد دام، ئەوجا ئارەزووی دەستێك بلیاردی کرد ومن بەچەند خاڵێکی کەم دۆڕاندم. ئەوجا هەوەسی قەحپەخانەی کەوتە سەر ،بەڵام پێم گووت نا، چونکە ئەهلی ئەو شوێنە نیم. هەنگێ لۆش لۆش گەڕاینەوەو گووتی چەند خۆشحاڵە

کە توانیویەتی ماشوقەکەی تەمبێ بکات. سەیرم کرد زۆر لەگەڵ منا میرەبان و بە ئەدەبە، هەستم کرد وەختەکە بە خۆشی رۆیی.

لەدوورەوە، لە ئاستانەی دەرگاکەدا سالامانۆی پیرم بینی کە سیمای پەشێو وپەریشان بوو. کە نزیك بووینەوە بینیم سەگەکەی لە گەڵا نییە. بە هەر چوار نکالا هەڵیدەروانی، بەدەوری خۆیا دەسوڕایەوە، هەوڵیدەدا تاریکی دالانەکە ببڕێ. لەبن لێوانەوە پرتەو بۆڵەی دەکرد و دووبارە بە چاوە بچووك و سورەکانی کۆڵانەکەی بەرنیگا دەدا. کاتێ ریمۆن لێی پرسی چییەتی، یەکسەر وەڵامی نەدایەوە. بەحاڵ گوێم لێ بوو کە لەبن لێوانەوە دەیگووت: ((چەپەڵ، بۆگەن.))و بێ ئۆقرە دەجولا. لێم پرسی سەگەکەی لە کوێیە. زۆر بەوشکی وەڵامی دایەوە کە رۆییوە. ئەوسا لەپڕو بەلەز کەوتە قسان: ((وەکو جاران بردم بۆ مەیدانی مەشق، ئاپورایەکی زۆر لە دەوروبەری بازاڕی دەسگێڕەکان خڕبووبوونەوە. وەستام تا تەمەشای نمایشی ((پاشای هەڵاتوو)) بکەم. وەختێ ویستم بگەڕێمەوە، بۆخۆی رۆیی بوو. هەڵبەتە دەمێ بوو پێوە بووم کە قرێتەیەکی تەنگتری بۆ بکرم. بەڵام قەت بەبیرما نەدەهات کە ئەم بۆگەنە بەمجۆرە لەدەستم بڕوات.))

ئەوسا ریمۆن بۆی باس کرد کە رەنگە سەگەکەی گوم بووبێ و دەگەڕێتەوە. نموونەی ئەو سەگانی بۆ هێنایەوە کە دەیان کیلۆمەتر دوور کەوتبوونەوەو پاشان بۆ لای خاوەنەکانیان گەرابوونەوە. وێرای ئەمەش پیرەمێر پەرێشانتر بوو.((لێمی دەبەن، حاڵی هەی. کاشکێ کەسێك بیگرێ. بەڵام ئەمە مەحاڵە. خەڵکی قێزیان لە گەرییەکەی دەبێتەوە. هەڵبەتە پۆلیس دەیگرن.)) ئیدی پێم گووت کە سەردانی گەوری حەیواناتی گوم بوو بکات وسەگەکەی بە بڕە پارەیەك دەدەنەوە. لێی پرسیم پارەکەی زۆرە؟ بەڕاستی نەمدەزانی. ئەوسا تورە بوو: ((پارە لەم بۆگەنە خەرج بکەم؟ با بڕوا بتۆپێ!))و دەستی کرد بەجنێودان. ریمۆن پێکەنی و وەژوورکەوت. منیش بەدوویدا وەژوورکەوتم ولە ڕاڕەوەکەدا لێکدی جیا بووینەوە. دوای تۆزێك گوێم لەدەنگی پێی پیرەمێردەکە بوو کە لە دەرکەی دام. کە دەرکەم کردەوە، تۆزێك لەبەر دەرکە وەستاو گوتی: ((ببورە، ببورە)) خوڵکم کرد بێتە ژوورەوە، بەڵام نەهات. چاوانی بریبوونە نووکی پێڵاوەکانی و دەستە بەڵەکەکانی دەلەرزین. بێ ئەوەی رووم تێبکات لێی پرسیم: ((پێم بڵێ ئاغای مەرسۆ کەسێك سەگەکەم لێ نادزێ؟ ئایا بۆمی دەگێڕنەوە؟ تەگبیری من چییە؟)) پێم گووت لە گەوری حەیواناتی گووم بوودا سێ رۆژان گلی دەدەنەوە تا خاوەنەکەی بچێ بەسۆراخییەوە. پاشان چۆنیان ئارەزوو لێ بێ وایان لەگەڵدا دەکەن. بەماتی نیگای کردم. پاشان گووتی: ((شەو باش.)) دەرکەی ژوورەکەی پێوەداو گوێم لە دەنگی هاتو چۆی دەبوو. جیرەجیرێك لە تەختە خەوەکەیەوە هات. بەو دەنگە هێواشەی لە تیغە دیواری نێوان دوو ژوورەکەوە دەهات، زانیم کە دەگری. نازانم بۆچی دایکم بیرکەوتەوە. دەبوایە سبەینێ زوو لە خەو ڕابم. برسیم نەبوو و بەبێ شێو لێی نووستم.

((5))

ریمۆن تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ دایەرە. گووتی یەکێك لە هاورێکانی (سەبارەت بە من قسەی لەگەڵ

کردبوو) ڕۆژی یەك شەممە دەعوەتم بۆ کابینە هاوینەکەی خۆی لە نزیکی جەزایر. وەڵامم دایەوە کە زۆرم پێخۆشە، بەڵام بەڵێنم بە کیژە دۆستەکەم داوە کە یەك شەممەلەگەڵ ئەودا بەرمە سەر. ریمۆن یەکسەر وەڵامی دایەوە کە ئەویش دەعوەت دەکات. ژنی برادەرەکەی زۆر خۆشحاڵ دەبێ کە بەتەنیا لە نێو دەستەیەك پیاودا نابێ.

ویستم یەکسەر تەلەفۆنەکە دابنەمەوە. چونکە دەمزانی بەڕێوەبەرەکەم بەوە قەڵس دەبێ کە لەشارەوە تەلەفۆن بۆ ئێمە بکرێ. لێ ریمۆن تکای کرد کە تۆزێك سەبر بکەم و گووتی دەیتوانی ئێواری ئەم دەعوەتەم پێ ڕابگەیەنێ، بەڵام ویستویەتی لە شتێکی دیکەش ئاگادارم بکات. تاقمە عارەبێك کە برای کۆنە ماشقەکەشی لە گەڵیانا بووە، بە درێژایی ڕۆژ تاقیبیان کردبوو((ئەگەر ئەمشەو لە کاتی گەڕانەوەدا ئەوت لەبەرماڵەوە بینی، ئاگادارم بکەوە.))وەڵامم دایەوە زۆر چاکە.

دوای تۆزێك بەڕێوەبەر گازی کردم ولەپڕ پەست بووم چونکە بەخەیاڵی خۆم دەیویست پێم بڵێ کەمتر تەلەفۆن بکەم و باشتر کار بکەم. بەڵام شتی وا نەبوو. گووتی دەیەوێ دەربارەی پرۆژەیەك قسەم لەگەڵ بکات کە هێشتا بەتەواوەتی نەبڕاوەتەوە. دەیویست ڕای من دەربارەی پرۆژەکە بزانێ. گووتی نیازی وایە نووسینگەیەك لە پاریس بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر لەوێندەرو ڕاستەوخۆ بە کارەکانی ڕا لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانا بگات. ودەیویست بزانێ کە ئایا ئامادەم بۆ ئەوێندەر بڕۆم؟ جا لەم حاڵەدا دەکرا لەپاریس بژیم و هەندێ بەشی ساڵ بە سەفەر بگوزەرێنم.((تۆ گەنجیت و پێم وایە دەبێ ئەم ژیانەت بەلاوە خۆش بێ)) گووتم بەڵێ، بەڵام لەڕاستیدا بۆ من هیچ فەرقێ ناکات. لێی پرسیم ئایا بەلامەوە گرینگ نییە کە گۆڕانێك لە ژیانما چێ ببێ؟ وەڵام دایەوە کە لە ژیانا چ گۆڕانێك ڕوونادات،وژیانەکان هەموو چونیەکن وژیانی من لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ناخۆش نییە. ئەو پەست بوو. پێی گووتم کە هەمیشە وەڵامی لابەلا دەدەمەوە، تەماح و بەرزەفڕیم نییە وئەمە لەجیهانی کارو کاسبیدا مایەی تێشکانە. هەنگێ گەڕامەوە سەر کارەکەم. واچاکتر بوو کە پەستی نەکەم، بەڵام هیچ هۆیەك نەبوو بۆ وەی ژیانم بگۆڕم. کاتێ کە باش لە وەزع وحاڵی خۆم ورد دەبوومەوە، دەمبینی کە کلۆڵ نیم. کاتێ کە خوێنکاری زانکۆ بووم لەم بەرزەفڕیانەم زۆر بوو. بەڵام کاتێ کە ناچار بووم خوێندن تەرك بکەم، زۆر زوو پەیم بەمە برد کە هەموو ئەم شتانە پووچ وبێهودەن.

شەوێ، ماری هات بۆ لام و لێی پرسیم ئایا ئامادەم زەماوەندی لە گەڵ بکەم! وەلامم دایەوە کە بۆ من هیچ فەرقێ ناکات و ئەگەر ئەو مەبەستییەتی ئەوا دەتوانین ئەم کارە بکەین. ئەوسا ویستی بزانێ کە ئایا خۆشم گەرەکە. وەکو کەڕەی پێشوو وەڵامم دایەوە کە ئەم قسەیە چ مانایەکی نییە، بەڵام بێگومان خۆشم گەرەك نییە، گووتی: ((کەواتە بۆچی زەماوەندم لەگەڵ دەکەی؟)) بۆم ڕوونکردەوە کە ئەم کارە هیچ بایەخێکی نییەو ئەگەر حەزی لێ بێ ئەوا دەتواتین زەماوەند بکەین.. ئەلهەقی ئەو خوازیاری زەماوەند بوو ومن هەر بەڵێم لەسەر بوو. هەنگێ دووپاتی کردەوە کە زەماوەند کارێکی گرنگە. وەڵامم دایەوە: ((نە.)) تۆزێك مات بوو وبەبێدەنگی نیگای کردم. ئەوسا پرسی ئایا هەمان پێشنیازم لە ژنێکی دیکە، کە بەهەمان شێوە دڵم بەوەوە بوو قەبوڵ دەکرد؟ گووتم: ((هەڵبەتە.))هەنگێ ماری گووتی هێشتا دوودڵە لەوەی کە

منی خۆش گەرەکە یان نا. هەڵبەتە من هیچم لەمبارەیەوە نەدەزانی. ئەوسا دوای کەمێك بێدەنگی، لە بن لێوانەوە گووتی کە من بنیادەمێکی غەریبم. وبێگومان هەر لەبەر ئەمەیە کە منی خۆش گەرەکە. لێ رەنگە لەبەر هەمان هۆ رۆژێك لە رۆژان لە من بێزار ببێ. چونکە هیچم پێ نەبوو بیلێم بێدەنگ بووم، بەدەم بزەوە باسکی گرتم و گوتی دەخوازێ زەماوەندم لە گەڵ بکات. وەڵامم دایەوە هەر کاتێ مەیلی لێ بێ ئەم کارە دەکەین. ئەوسا باسی پێشنیازی بەرێوەبەرەکەم بۆ کرد و ماری پێی گووتم زۆری حەز لێیە پاریس بدینێ. گووتم ماوەیەك لەوێندەر ژیاوم وپرسیاری چۆنییەتی ئەوێندەری لێ کردم. گووتم: ((شوێنێکی پیسە ،پڕە لە کۆترو حەسارانی تەنگ و تاریك، خەڵکەکەی سپی پێستن.))

ئەوجا چووینە پیاسەو بەشەقامە گەورەکانی شاردا تێپەڕین.هەموو ژنەکان جوان بوون. لە ماری)م پرسی کە هەست بەمە دەکات. بۆ ساتێك هیچ قسەیەکمان نەگرد. لەگەڵ ئەمەشا حەزم دەکرد لە لای من بمێنێتەوەو گووتم دەتوانین لە رستۆرانەکەی سیلست دا پێکڤە شێو بخۆین. زۆری حەز دەکرد بەلام کاری هەبوو. لە نزیکی ماڵەوە خوا حافیزیم لێکرد. نیگایەکی کردم ((ناتەوێ بزانی کە چ کارێکم هەیە؟)) هەڵبەتە دەمویست بزانم، بەلام بیرم لێ نەکردبووەوە. بۆیە وای نواند کە سەرزەنشتم دەکات. کە بەو شڵەژاوییە بینیمی دیسان پێکەنی و هەموو بەدەنی لێ هێنامە پێشەوە تا ڕامووسانێکم بداتێ.

لە خوارنگەکەی سیلست شێوم خوارد. ماوەیەك بوو دەستم بەنان خواردن کردبوو کە ژنێکی زیتەڵی غەریب وەژوور کەوت. لێی پرسیم کە ئایا دەتوانێ لەسەر مێزەکەی من دانیشێت؟ هەڵبەتە دەیتوانی. رەفتارو ئەتواری خێراو پچڕ پچڕ بوو، جووتێك چاوی پڕشنگدا بەسیمای وردیلەی سێو ئاسایەوە بوو. چاکەتەکەی داکەند. دانیشت و بەگەرمی کەوتە نۆڕینی لیستی خواردنەکان. سیلستی گاز کردو یەکسەرو بە دەنگێکی روون و خێراو پچڕپچڕ هەموو خواردنەکانی خۆی داواکرد. بەدەم چاوەڕوانی بەرخواردنەوە جانتاکەی کردەوە. کاغەزێکی چوارگۆشەو قەڵەمێکی رەشی دەرهێنا و پێشوەختە حیسابی خواردنەکەی کردو نرخی تەواوی خواردنەکەی بەسێرفزەوە لە گیرفانە چکۆلەکەی خۆی دەرهێنا ولەبەردەمی خۆیدا داینا. لەم کاتەدا بەرخواردنەکەیان هێناو بەپەلە هەڵیقوڕاند. بەدەم چاوەڕوانی خواردنەکەیەوە، هەمدیس قەڵەمێکی رەساسی شینی لەگەڵ گۆڤارێکی هەفتانەی بەرنامانی رادیۆیی دا لە جانتاکەی دەرهێنا. زۆر بەوردی کاتی هەموو بەرنامەکانی خوێندەوەو ئیشارەتی لێدان. چونکە گۆڤارەکە دە دوانزە لاپەرەیەك دەبوو، ئەم کارەی زۆر بەوردی بەدرێژایی کاتی نانخواردنەکە درێژە پێدا. من خواردنەکەم تەواو کردبوو کە ئەو هێشتا بەهەمان گەرم و گوڕی مژوڵی خوێندنەوەی گۆڤارەکە بوو. ئەوجا هەستا. ئامێر ئاسا چاکەتەکەی لەبەر کردو ڕۆیی، منیش کە هیچ کارێکم نەبوو، وەدەرکەوتم و ماوەیەك دوای کەوتم. ملی شۆستەکەی گرتبوو و بەدڵنیاییەکی باوەڕنەکراوەوە بێ هیچ لادان و ئاوڕدانەوەیەك بەڕێی خۆیدا دەرۆیی. ئاقیبەت لەچاوم ونبوو وبەڕێی خۆمدا گەڕامەوە، پێم ژنێکی غەریب بوو. بەلام زۆر زوو لەبیرم چووەوە.

لەبەر ماڵەوە تووشی سالامانۆی پیر بووم. بردمە ژوورەوەو پێی ڕاگەیاندم کەتەواو، سەگەکەی ونبووە، چونکە لەبنکەی حەیواناتی گووم بوودا نەیدۆزیوەتەوە. کارمەندانی ئەوێندەر پێیان ڕاگەیاندبوو کە ڕەنگە کەوتبێتە ژێر ئۆتۆمۆبیلەوە. پرسی بووی کە ئایا دەتوانیٚ لە پۆلیسخانەکاندا سۆراخێکی دەست بکەویٚ. وەڵامیان دابووەوە کە ئەم ڕووداوانە ناهێڵنەوە چونکە ڕۆژانە ئەم شتانە زوو دەدەن. بەسالامانۆم گووت دەتوانیٚ سەگێکی دیکە پەیدا بکات، وگووتی ئاخر هۆگری ئەمە بوو بوو، ڕاستیشی دەکرد.

لەسەر تەختە خەوەکەم بەچیچکانەوە ڕۆنیشتبووم و سالامانۆ لەسەر کورسییەکی کەنار مێزەکە دایشتبوو. ڕێك بەرانبەر بەمن بوو ودەستەکانی نابوونە سەر زرانییەکانی. کۆنە کڵاوە لبادەکەی هەر لەسەر بوو. لەبن سمێڵە زەردەکەیەوە منگە منگی دەکرد. کەمێك پێی بێتاقەت بووم. بەڵام هیچ کارێکم نەبوو وخەویشم نەدەهات. هەر بۆ ئەوەی قسەیەك بکەم سەبارەت بە سەگەکەی هەندیٚ پرسیارم لێی کرد. گووتی لەمردنی ژنەکەی بە دواوە تا نهۆ ئەم سەگەی هەبووە، زۆر درەنگ ژنی هێنابوو. لەلاویدا کەڵکەڵەی شانۆکاری لەسەردا بووە، لەماوەی خزمەتی سەربازیدا لە شانۆییە سوپاییەکاندا یاری دەکرد، بەڵام لە ئەنجاما لەکاری ڕێگەی ئاسندا گیرسابووەوە و لێی پەشیمان نییە. چونکە نهۆ سووکە خانەنشینییەك وەردەگریٚ. لەگەڵ ژنەکەیدا بەختەوەر نەبووە،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هۆگری بوو بوو کە ژنەکەی مردووە زۆری هەست بە تەنیایی و بیکەسی کردووە. ئیدی داوای سەگێك لە یەکێك لە هاوکارەکانی دەکات و ئەم سەگەی، کە ئەوسا توتەڵە بووە، دەداتیٚ. دەبوایە بەمەمکەمژە شیری بداتیٚ، بەڵام چونکە سەگ تەمەنی لە بنیادەم کورتترە، پێکڤە پیر بووبوون.

سالامانۆ گووتی: ((تەبیعەت شەڕانی بوو. هەندیٚ جار لێمان دەبوو بەشەڕ، بەڵام بەگشتی سەگێکی باش بوو.)) گووتم: ((ڕەسەن بوو)) وسالامانۆ کەیفی هات. و لەسەری ڕۆیی: ((تۆ بەر لەنەخۆشییەکەی نەت دیبوو. کوڵکەیەکی بیٚ ئەنازە جوانی هەبوو.)) لەوساوە کە ئەم سەگە تووشی نەخۆشی پێست بوو بوو، سالامانۆ هەموو ئێوارەو بەیانییەك چەوری دەکرد. بەڵام بەباوەڕی ئەو، نەخۆشی ڕاستەقینەی سەگەکە پیری بوو و پیری چارەسەری نییە.

لەم کاتەدا باوێشکێکم داو پیرەمێردەکە گووتی ئیدی دەبیٚ بڕوات. پێم گووت پەلەی چییە، بۆی هەیە دانیشێت. وگووتم پێم ناخۆشە کە سەگەکەی وای لێهاتووە. سوپاسی کردم. گووتی کە دایکم سەگەکەی ئەوی زۆر خۆشدەویست. کە دەهاتە سەر باسی دایکم دەیگووت((دایکە بەسەزوانەکەت)). وای خەیالٚ دەکرد کە لەوەتای دایکم مردووە دەبیٚ من زۆر غەمگین بم. ومن هیچ وەڵامێکم نەدایەوە ئەوجا بە پەلەو بەدەنگێکی شەرمنانە گووتی دەزانیٚ کە خەڵکی گەڕەك لەسەر ئەوەی کە دایکم لە کەترەخانە دانابوو، لۆمەیان کردووم. بەڵام ئەو من دەناسێت و دەزانیٚ کە دایکم خۆشدەویست. ئێستاش نازانم بۆچی وەڵامم دایەوە کە تا نهۆ نەمزانیوە کە خەڵکی لەسەر ئەم شتە لەپاش ملەم دەڵێن. خۆ کەترەخانە بەلای منەوە کارێکی ئاسایی بوو. چونکە پارەی پێویستم نەبوو خزمەتی دایکمی پیٚ بکەم. لەسەری ڕۆییشتم کە((دەمێك بوو چ قسەیەکی پیٚ نەمابوو لەگەڵمی بکات و بەتەنیا بێتاقەت دەبوو.)) گووتی: ((لەکەترەخانەدا

بنیادەم بەلای کەمەوە بۆخۆی هاوڕێ پەیدا دەکات.))ئەوسا عوزرخوایی کرد. دەیویست بڕوات بخەوێ. نهۆ ژیانی گۆڕابوو ونەیدەزانی دەیەوێ چ بکات. لەوەتای دەمناسی بۆ یەکەمجار بوو کە بەپەشۆکاوی و شەرمەوە دەستی بۆ هێنام و هەستم بە چرچ ولۆچی پێستی دەستی کرد. کەمێك پێکەنی و بەرلەڕۆییشتن گووتی: ((خۆزیا ئەمشەو کسۆکان نەدەوەڕین، هەمیشە واهەست دەکەم کە دەنگی سەگەکەی خۆمە.))

((6))

یەك شەممە بەزەحمەت لە خەو ڕابووم. دەبوایە ماری گازم بکات و ڕامبتەکێنێ. هیچمان نەخوارد. چونکە دەمانویست زوو فریای مەلە بکەوین. هەستم کرد تەواو داهێزراوم و کەمێك سەرم دەیەشا. جگەرە لە دەمما تاڵ بوو. ماری گاڵتەی پێدەکردم و دەیگووت: ((لە تازیەبار)) دەچم. جلێکی کەتانی سپی لەبەر کردبوو وقژەکەی بەردابووەوە.پێم گووت کە جوان بووە. لەخۆشیا پێکەنی.

کە دەهاتینە خوارێ لە دەرکەی ژوورەکەی ڕیمۆن–مان دا! وەڵامی داینەوە کەوادێ. بەهۆی ماندوویەتیم و چونکە پەنجەرەکانم نەکردبووەوە، تیشکی تیژی هەتاوەکە وەکو توقاتێك بەر دەموچاوم کەوت. ماری لەخۆشیا هەر هەڵدەبەزییەوە و لێکدا لێکدا دەیگووت چ ڕۆژێکی خۆشە. ئەوجا حاڵم باشتر بوو و هەستم دەکرد برسیمە. ئەمەم بەماری گووت و ئەویش جانتا موشەممایەکەی خۆی نیشانم دا کە مایۆکانمان و خاولییەکی تیا دانابوو. هیچ چارێکم نەبوو تەنیا سەبر نەبێ. و گوێمان لێ بوو کە ڕیمۆن دەرکەی ژوورەکەی داخست. پانتۆڵێکی شین و کراسێکی سپی قۆڵ کورتی لەبەر کردبوو. کلاوێکی حەسیری لەسەر بوو، کە ماری خستە پێکەنین. باسکەکانی کە لەژێر مووی ڕەشا سپی دەچووەوە، کەمێك دڵی تێکدەدام. بەدەم دابەزینەوە فیکەی دەکێشاو شادو خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو. پێی گووتم: ((سڵاو هاوڕێ)) وبە ((خانم)) ماری دواند.

دوێنێ ئێوارە چووبووینە پۆلیسخانەو من شایەتیم دابوو کە ئەو کیژە، ڕیمۆنی فریو داوە. ومەسەلەکە بە ئاگادارکردنەوەیەکی سادە بۆ ڕیمۆن بڕابووەوە. بەتانی قسەکانی منیشدا نەچوون. لەبەر دەرگا باسی ئەمەم لەگەڵ ڕیمۆن دا کرد وپاشان بڕیارمان دا بەپاس بڕۆین. کەنارەکە زۆر دوور نەبوو. بەڵام بەپاس زۆر زووتر دەگەییشتین. ڕیمۆن پێی وابوو کە هاوڕێکەی خۆشحاڵ دەبێ بەوەی کە زوو دەگەین. خەریك بوو بەڕێ بکەوین کە ڕیمۆن لەناکاو ئاماژەی بۆ کردم کە بڕوانمە بەرانبەر. دەستە عارەبێکم بینی کە شانیان بە دوکانی جگەرەفرۆشێکەوە دابوو. بەبێدەنگی، بەڵام بەشێوەی خۆیان چاویان بڕی بووە ئێمە. ڕێك وەکو ئەوەی ئێمە بەرد بین یان دارو درەختانی بێگیان. ڕیمۆن پێی گووتم کە دووەمیان لەدەستە چەپەوە یارۆی ڕەقیبی ئەوەو نارەحەت بوو. لەگەڵ ئەوەشا ڕیمۆن گووتی کە ئەم چیرۆکە تازە بڕاوەتەوە. ماری بەباشی سەری لەقسەکانمان دەرنەدەکرد وپرسی مەسەلەچییە. گووتم ئەمانە عارەبن و سووکە

کێشەیەکیان لەگەڵ ریمۆن دا هەیە. ماری ویستی یەکسەر برۆین. ریمۆن خۆی راست کردەوەو بە پێکەنینەوە گووتی پێویستە پەلە بکەین.

بەرەو وێستگەی پاسەکە، کە زۆر دوور نەبوو وەرێکەوتین. ریمۆن پێی راگەیاندم کە عارەبەکان تاقیبمان ناکەن. من ئاوڕی پاشەوم دایەوە، ئەوان بەهەمان شێوە لەجێی خۆیان وەستابوون وبەهەمان بێ موبالاتی و خەمساردی دەیانروانییە ئەو شوێنەی کە ئێمە تازە جێمان هێشتبوو. سواری پاس بووین. ریمۆن کە تەواو ئاسودە دەهاتە بەرچاو، بەردەوام نوکتەی بۆ ماری دەگووت وسوعبەتی لەگەڵ دەکرد. هەستم کرد کە بەماری خۆشحاڵە، بەلاَم ماری تەقریبەن هیچ وەلاَمێکی نەدەدایەوە. جار جارێك بەپێکەنینەوە نیگایەکی دەکرد.

لەدەرەوەی شاری جەزایر دابەزین. کەنارەکە زۆر لە ویستگەی پاسەکەوە دوور نەبوو. بەلاَم دەبوایە بەسەر گردێکی بچکۆلەدا کە دەیروانییە سەر دەریا وبەرەو پلاژەکە نشێو دەبووەوە، تێبپەڕین. گردەکە بەزەردە تاوێران و گوڵە کێویلەی سپی ژێر ئاسمانی شینی تۆخ داپۆشرابوو. ماری جانتا مشەماکەی خۆی بەگوڵەکانا دەداو هەڵیدەوەراندن وبەم شێوەیە خۆی سەرگەرم دەکرد. بەناو ریزی خانووە چکۆلەکانا، کە بەپەرژینی کەسك یان سپی دەورە درابوون، رەتبووین، هەندێکیان بە هەیوانە سەرتاسەرییەکانیانەوە لەژێر دار گەزاندا وون بووبوون. وهەندێکیان کەوتبوونە ناو تاوێرە رووتەنەکانەوە. بەرلەوەی بگەینە قەراخی گردەکە، دەریای هێدی وئارام، وکەمێ لەولاترەوە لووتەیەکی خەوالّوی ناو ئاوە زولاَڵەکەمان بینی. دەنگی هێمنی ماتۆرێك لە نێو هەوا کپەکەوە هەستا، و گەییە ئێمە.لەدووری دوورەوە بەلەمێکی چکۆلەی ماتۆڕدارمان بینی کە لەدەریا ساف و زولاَڵەکەدا بەشێوەیەکی هەست پێنەکراو دەچووە پێشێ. ماری چەند گوڵە زەمەقێکی کێوی چنی. کە لەو سەرەولێژییەی بۆ دەریاکە دەچوو نشێو بووینەوە لەسەر کەنارەکە چەند کەسێکمان بینی کە بۆ مەلە هاتبوون.

هاورێکەی ریمۆن لە کابینەیەکی دارینی چکۆلەی ئەوسەری کەنارەکە دەژیا.کابینەکە پشتی بە کۆمەڵە تاوێرێکەوە بوو، وئەو پایە ئاسنانەی کە پێشەکەیان راگرتبوولە ئاوەکەدا بوون. ریمۆن بەیەکتری ناساندین. هاورێکەی ماسۆنی ناو بوو. پیاوێکی بالاَبەرزو تۆکمەو چوار شانە بوو. ژنەکەی کورتە بالاَیەکی خەپەتۆڵەی میهرەبانی پاریسی زمان بوو. ماسۆن یەکسەر پێی گووتین کە ئیسراحەتی خۆ بکەین و بۆ نیوەڕۆ ماسی سورەوەکراویان هەیە کە ئەو بەیانییە لە دەریاکەدا گرتبوونی. پێم گووت ماڵەکەی زۆر جوانە. گووتی کە رۆژانی شەممە و یەکشەممە وهەموو پشووەکان لێرە بەسەر دەبات. لەسەری رۆیی: ((من و ژنەکەم رێکین)). رێك لەم کاتەدا ژنەکەی لەگەڵ ماری دا پێدەکەنی. بۆ یەکەمجار بەڕاستی بیرم کردەوە کە ژن بینم.

ماسۆن دەیویست مەلە بکات. بەلاَم ژنەکەی وریمۆن دڵیان پێوە نەبوو بێن. بەسێ قۆڵی داگەراین و ماری یەکسەر خۆی فرێدایە ئاوەکەوە. من و ماسۆن کەمێك سەبرمان کرد.بەکاوەخۆ دەپەیڤی و هەستم کرد عادەتی وایە هەر رستەیەکی خۆی بە(دەتوانم بڵێم) کۆتایی دێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەم دەستەواژەییە چ شتێك نەخاتە سەرمانای رستەکەی. سەبارەت بەماری گووتی: ((زیتەڵەیە، دەتوانم بڵێم جوانە.)) ئیدی گوێم بەم عادەتەی ئەو نەدا، چونکە خەریك بوو

www.pertwk.com

هەستم دەکرد هەتاوەکەم لە گیان خۆشە. لمەکەی ژێر پێم خەریك بوو گەرم دەبوو. تۆزێکی دیکەش ئارەزووی مەلەکردنەکەم دواخست. ئەنجام بە ماسۆنم گووت: ((بڕۆین؟)) خۆم هەڵدایە ئاوەکەوە. ئەو هێدی هێدی بەناو ئاوەکە کەوت و کاتێ کە پێی لە عاردی بڕا خۆی هەڵدا. بۆقە مەلەی دەکرد. جا چەند ناشیانە، ئیدی پێشم دایەوە تا خۆ بگەیەنمە ماری، ئاوەکە سارد بوو، و مەلە کردنم پێ خۆش بوو، لەگەڵ ماری دا دوور کەوتینەوەو لە جوڵەو شادی دا هەردووك هاوبەش بووین. لە ناوەندی دەریاکەدا کەوتینە سەرگازی پشت و رووم لە ئاسمان بوو، هەتاوەکە دوا پەردەی ئەو ئاوەی لادەبرد کە بەسەر زارما دەڕۆیی. دیتم ماسۆن بۆ کەنارەکە دەگەڕێتەوە تا لەبەر هەتاوەکەدا راکشێت. لە دوورەوە زەلام دەینواند. ماری ویستی پێکڤە مەلە بکەین. کەوتمە دوایەوە تا دەست بخەمە ناو قەدی وئەو بە باسکە مەلە دەچووە پێشێ ومنیش بە پا مەلە یارمەتیم دەدا. شڵپە شڵپی ئارامی ئاوەکەمانم بە دوواوە بوو، هەستم کرد ماندوو بووم. ئیدی وازم لە ماری هێناو لەکاتێکا بە رێك وپێکی مەلەم دەکرد و بەدروستی هەناسەم دەدا گەرامەوە. لەسەرکەنارەکە، بەدەماو لە پاڵ ماسۆندا راکشام و دەموچاوم خستە سەر لمەکە. پێم گووت: ((کە بەلەزەت بوو.)) وئەویش هەمان رای هەبوو. دوای تۆزێك ماری هات. ئاورم دایەوە تا هاتنەکەی تەمەشا بکەم. ماری لە شۆراوکی ئاوەکەدا لینج و لیغیز بوو بوو. قژەکەی بە پشتا رژابوو. لە پاڵ منا راکشاو گەرمی بەدەنی ئەو و هەتاوەکە، بەرەبەرە خەویان لێخستم.

دوای تۆزێك ماری تەکانی دام و گووتی ماسۆن بۆ ماڵ گەرایەوە، دەبێ فراڤین بخۆین. چونکە برسی بووم یەکسەر هەستام. لێ ماری پێی گووتم کە لە بەیانییەوە تا ئیستا رام نەمووسیوە. راستی دەکرد، منیش حەزم لێ بوو.گووتی: ((وەرە ناو ئاوەکە)) غارمان دا تا خۆ بخەینە هەمێزی هەوەڵین وردە شەپۆلانەوە. تۆزێك مەلەمان کردو ئەو خۆی پێوە چەسپاندم. هەستم کرد لاقەکانی لە لاقم هالاَند و هەوەسم چووە سەری..

کە دەگەراینەوە، ماسۆن بانگی دەکردین. گووتم کە زۆرم برسییە ویەکسەر بە ژنەکەی گووت کە خۆشی لێم دێ. نانێکی بە لەزەت بوو. من بەشە ماسییەکەی خۆم ماشییەوە. ئەوجا نۆرەی گۆشت و پەتاتەی سورەوەکراو هات. هەموومان کرِ وکپ نانمان دەخوارد. ماسۆن پەیتا پەیتا شەرابی دەخواردەوەو لێکدا لێکدا بۆ منیشی تێدەکرد. کە سەرە هاتە سەر قاوە، سەرم هەندێ قورس بوو وجگەرەیەکی زۆرم کێشا. ماسۆن وریموِن و من هات بەبیرماندا کە مانگی ئاب پێکەوە، بەشەریکی، لە کەناری دەریاببەینە سەر. ماری لە پڕ گووتی: ((دەزانن سەعات چەندە؟ سەعات یانزەو نیوە.))هەموومان سەرمانسوڕما. ماسۆن گووتی زۆر زوو نانمان خوارد. و شتێکی ئاساییە پیاو هەرکاتێ برسی بێ، وەختی نانخواردنە. نازانم ماری بۆچی بەم قسەیە پێکەنینی هات. وابزانم کەمێك زیادی خواردبووەوە. هەنگێ ماسۆن لێی پرسیم ئایا حەزم لێیە پیاسەیەکی کەنارەکەی لە گەلا بکەم.((ژنەکەم هەمیشە دوای فراڤین دەخەوێ، بەلاَم من حەزم لێ نییە. دەبێ رێبکەم. هەمیشە پێی دەڵێم کە ئەم رێکردنە بۆ سەلامەتی باشە. بە هەرحاڵ، مەیل مەیلی خۆیەتی.)) ماری گووتی لەگەڵ خانم ماسۆن دا دەمێنێتەوە، تا قاپەکانی لە گەلاَ بشوات.

خانم ماسۆن گووتی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبیٚ بەر لە هەر شتێك پیاوان لە ماڵ وەدەر بنرێن. بە سیٚ قۆڵی لە ماڵ هاتینە دەریٚ.

هەتاوەکە بە شێوەیەکی ئەستوونی لە لەملاٚنەکەی دەداو تیشکەکەی بەسەر دەریاکەوە تەحەمول نەدەکرا. چ کەسێك بەسەر کەنارەکەوە نەبوو.لە کابینەکانی قەراخ تەپەکەوە، کە دەیروانییە دەریاکە، دەنگی ئامان وقاپ و چەتالاٚن دەهات. ئەو هالاٚوە گەرمەی کە لە تاوێرەکانەوە هەڵدەستا هەناسەی پیاوی سوار دەکرد. ریمۆن وماسۆن کەوتنە باسی کۆمەڵێك شت وخەڵکانێك کە من نەمدەناسین. ئیدی زانیم کە ئەمانە لە مێژە یەکتری دەناسن و ماوەیەکیش بەیەکەوە ژیاون. بەرەو دەریا چووین و بەکەناریا کەوتینە پیاسە. جار جار شەپۆلێکی چکۆلەی لەوانی دی گەورەتر دەهات و پێلاٚوەکەتانەکانی تەڕ دەکردین. من بیرم لە هیچ نەدەکردەوە چونکە ئەو هەتاوەی لەسەری کۆتی دەدام، خەواڵوی کردبووم.

لەم کاتەدا، ریمۆن شتێکی بە ماسۆن گووت کە باش گوێم لیٚ نەبوو. بەلاٚم لە هەمان کاتا لە دووری دوورەوە، لەوسەری کەنارەکەوە، دوو عەرەبم بەجلی شینی کارەوە بینی کە بەرەو لا ئێمە دەهاتن. نیگایەکی ریمۆنم کرد و ئەو پێی گووتم: ((خۆیەتی)) ئێمە درێژەمان بە پیاسەکەمان دا. ماسۆن پرسی چۆن توانیویانە تا ئێرە تاقیبمان بکەن. لە دڵی خۆما بیرم کردەوە کە بیگومان کاتیٚ کە بەجانتای تایبەتی کەناری دەریاوە، سواری پاس بووین، دیتویانین. بەلاٚم هیچم نەگووت.

عەرەبەکان هێدی هێدی دەهاتنە پێشیٚ ونهۆ زۆر نزیك بوو بوونەوە. ئێمە رەوتی خۆمان نەگۆڕی وریمۆن گووتی: ((ئەگەر لێمان بوو بەشەڕ، ماسۆن تۆ ئالکاوی دووەمیان ببە ومن دەکەومە گیانی رەقیبەکەی خۆم. تۆش مەرسۆ ئەگەر کەسی سێیەم هات ، دەست بکەوە.)) گوتم: ((باشە)) ماسۆن دەستەکانی خستنە گیرفانی. لمەکە کە لەرادەبەدەر گەرم بووبوو نهۆ سوور دەینواند. بە هەنگاوی هێدییەوە بەرەزو عەرەبەکان دەرۆیشتین. فاسیلەی نێوانمان کەم و کەمتر دەبووەوە. کاتیٚ گەییشتینە نزیکی یەکترو چەند هەنگاوێکمان بۆ لای یەکتر مابوو، عەرەبەکان وەستان. من و ماسۆن پێمان سووك کرد. ریمۆن یەکسەر بەرەو رەقیبەکەی رۆیی. باش گوێم لیٚ نەبوو کە چی پیٚ گووت. بەلاٚم عەرەبەکە خۆی ئامادەکرد کە بەر کەللەی بدات. هەنگیٚ ریمۆن جەزرەبەی یەکەمی وەشاند و بەتوندی ماسۆنی گازکرد. ماسۆن بەرەو لای عەرەبی دووەم رۆیی تا هێزی تیابوو دوو جەزرەبەی خێواندیٚ. کابرا بەسەرا کەوتە ناو ئاوەکەوە. چەند ساتێك بەودەقەوە مایەوە، لای سەرییەوە چەند بڵقە ئاوێك هاتە سەریٚ. لەم ماوەیەدا ریمۆن لە رەقیبەکەی دەدا. و دەمووچاوی خڵتانی خوێن کردبوو. ریمۆن ئاوری لای منی دایەوەو گووتی: ((بزانە چی بەسەر دێنم.)) وهاوارم کرد: ((وریا بە چەقۆی پێیە.)) لیٚ تازە کار لەکار ترازابوو وبازوی ریمۆن بریندار بووبوو وزاری دادڕابوو.

ماسۆن تەکانێکی بۆ پێشەوە دا. بەلاٚم عەرەبەکەی دیکەش هەستابووەوە خۆی گەیاندبووە پشت ئەو عەرەبەی کە چەقۆکەی پیٚ بوو. زاتی جوڵەمان نەبوو. ئەوان بە ئەسپایی و بیٚ ئەوەی چاو لەئێمە بگوازنەوە پاشە کشەیان کرد. بە هەرەشەی چەقۆ بەریان لیٚ گرتبووین. کە دیتیان

www.pertwk.com

مەدایەکی باش کەوتە نێوانمان، بەخێرایی پێیان وەغارێوە نا. کاتێ کە ئێمە لەژێر هەتاوەکەدا لەجێی خۆمان چەقی بووین، ریمۆن بازووی خۆی کە خوێنی لێ دەچۆڕا دەگوشی.

ماسۆن یەکسەر گووتی: دکتۆرێك هەیە کە یەکشەمموانی خۆی لەسەر گردەکە بەسەر دەبات. ریمۆن ویستی یەکسەر بچێ بۆ لای ئەو. بەڵام هەرجارێ کە قسەی دەکرد، خوێنی زامەکەی لە زاریا بڵقی دروست دەکرد. ژێر باڵیمان گرت و بەپەلە خۆمان گەیاندەوە کابینەکە. ولەوێندەر ریمۆن گووتی کە زامەکانی سوکەو دەتوانێ بۆ لای دکتۆر بڕوات. ئەو لەگەڵ ماسۆن دا رۆیی و من بۆ رونکردنەوەی روداوەکەلای ژنەکان مامەوە. خانم ماسۆن دەگریاو ماری رەنگی پێ نەمابوو. رونکردنەوەی رووداوەکە بۆ ئەوان بێتاقەتی کردم. ئەنجام بێدەنگ بووم و بەدەم جگەرە کێشانەوە چاوم بڕییە دەریاکە.

ریمۆن وماسۆن نزیکەی سەعات یەك ونیوی پاش نیوەرۆ گەرانەوە. بازوی ریمۆن بەسترابوو وپلاستەری پزیشکی لە گۆشەی زاری نرابوو. دکتۆر پێی گووتبوو چ نییە. بەڵام ریمۆن پەست بوو. ماسۆن هەوڵی دا بیهێنێتە پێکەنین. بەلام هەر مات بوو. کاتێ گووتی کە دەخوازێ بۆ کەنار بڕوات، لێم پرسی بۆ، وەڵامی دامەوە کە دەیەوێ هەوا بگۆڕێ. ماسۆن و من گووتمان لەگەڵی دەچین. هەنگێ تورەبوو و جنێوی دا. ماسۆن گووتی نەدەبوو تورەی بکەین. بەهەرحاڵ من بەدوویدا رۆییشتم.

ماوەیەك بە قەراخی دەریاکەدا پیاسەمان کرد. گەرمای ئەم کاتەی هەتاوەکە لە کێشا نەبوو. پیاوی گێژ دەکرد. هەتاو بەسەر لمەڵانەکەو بەسەر دەریاکەدا دادەڕژا. هەستم کرد ریمۆن دەزانێ کێوە دەچێ. بەڵام بیگومان هەستەکەم هەڵە بوو. لەوسەری کەنارەکە، گەیینە کانییەکی چکۆلە کە لەپشت تاشەبەردێکەوەو لەناوجەرگەی چەوو لمەکەوە بەرەو دەریاکە هەڵدەقوڵی و دەرۆیی. ئەو دوو عەرەبە لەوێندەر بوون. بەجلە کەوەیی و گریساوییەکانیانەوە راکشابوون. زۆر ئارام و تەقریبەن شاد دەهاتنە بەرچاو. هاتنی ئێمە هیچ شتێکی نەگۆڕی. ئەوەیان کە ریمۆنی بریندار کردبوو، بێ ئەوەی چ قسەیەك بکات نیگای ئەوی دەکرد. ئەوی تریان نەیەکی بەدەمەوە بوو ولە کاتێکا کە بەتیلەی چاو دەیڕوانییە ئێمە، پەیتا پەیتا ئەو سێ نۆتەیەی کە دەیتوانی بە نەیەکەی دەریبێنێ، دووبارە دەکردەوە.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە هەر هەتاو بو وهەمان بێدەنگی، لەگەڵ قوڵەقوڵی کانییەکەو سێ دانە نۆتەکەدا..ئەوجا ریمۆن دەستی برد بۆ ئەو گیرفانەی کە دەمانچەکەی تیا بوو. لێ رەقیبەکەی لە جێی خۆی نەجوڵا وبەو دەقەوە نیگای یەکتریان دەکرد، سەیرم کرد نەیژەنەکە قامکی پێیەکانی زۆر لەیەکدییەوە دوورن. ریمۆن بێ ئەوەی چاو لە رەقیبەکەی بگوازێتەوە لێی پرسیم: ((تەقەی لێ بکەم؟)) بیرم کردەوە گەر بڵێم نە، ئەوا تورە دەبێ و تەقەی لێدەکات. بۆیە تەنیا ئەوەندەم گووت: ((خۆ هێشتا چ قسەیەکی پێ نەگووتویت. بۆیە ئەم جۆە تەقەکردنە نامەردییە.)) جارێکی دیکە لەناو جەرگەی گەرماو بێدەنگییەوە گوێمان لە خورەخوری کانییەکە و نەوای نەیەکە بوو. ئەوجا ریمۆن گووتی: ((کەواتە من جنێوی دەدەمێ و کە وەڵامی دایەوە بەرگوللەی دەدەم.)) وەڵامم دایەوە: ((باشە، بەڵام ئەگەر چەقۆکەی دەرنەهێنا بۆت نییە تیرەندازی بکەی.)) ریمۆن

خەریك بوو تورە دەبوو. عەرەبەکەی دیکە هەر لەسەر نەیژەنینی خۆی بەردەوام بوو، وهەردووکیان تاقیبی رەفتار و ئەتواری ریمۆنیان دەکرد. بە ریمۆنم گووت: ((نە. تۆ پری بدەیێ ودەمانچەکەت بدە بە من. ئەگەر ئەوی دیکە یارمەتی دا یا رەقیبەکەت چەقۆکەی دەرهێنا، من تەقەی لێدەکەم.))

کاتێ ریمۆن دەمانچەکەی دامێ، لەبەرتیشکی خۆرەکەدا بریقایەوە. لەگەڵ ئەوەشا، ئێمە هێشتا لە جێی خۆمانا چەقی بووین. لە تۆ وایە هەموو شتەکانی دەوروبەرمان دەرکەیان لە خۆ داخستبوو. بێ ئەوەی چاوان بتروکێنین، چاومان بڕیبووە یەکدی. لێرەدا هەموو شتێك لە نێوان دەریاو لم و هەتاوو بێدەنگی دووانەی ئاو و نەیەکەدا وەستابوو. لەم ساتەدا بیرم کردەوە ە مرۆۋ دەشێت تیرەندازی بکات و دەتوانێ نەیکات. و ئەم دووە یەکسانن. لێ لە نکاو عەرەبەکان پاشەکشەیان کردو چوونە پشتی تاوێرەکەوە. هەنگێ من و ریمون دووبارە دەستمان بە پیاسە کردەوە و لەوە دەچوو حاڵی ریمون باشتر بووبێ، باسی پاسی گەرانەوەی کرد.

هەتا کابینەکە لەگەڵیا ڕۆیشتم، کاتێ کە بە نەردەوانەکەدا سەردەکەوت، من لەبەردەم یەکەم پلەدا مامەوە، سەرم لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دنگەی دەهات و تاقەتی ئەوەم نەبوو بە پلیکانەکاندا سەربکەوم و دیسان ببم بە هاودەمی ژنەکان. بەلأم گەرماکە بە ڕادەیەك بوو کە بەلامەوە زەحمەت بوو بەوجۆرە وبێ جووڵە لە ژێر ئەو بارانە بە خورەمەی کە لە ئاسمانەوە دادەباری، راوەستم. وەستان یان ڕۆیشتن لەوێدا هەردوکیان یەك شت بوون. دوای تۆزێك بەرەو کەنارەکە گەڕامەوە و دەستم بە ڕێکردن کرد. هەمان تیشکی سوور بەرقەرار بوو، دەریا هەناسەی توندو بەکەفی وردە شەپۆلەکانی خۆی دەکرد بەرووی لمەکاندا. هێدی هێدی بەرەو تاشە بەردەکان هەنگاوم دەناو هەستم دەکرد تەوێڵم لەژێر خۆرەکەدا ئاوساوە. هەموو ئەم گەرمایە قورسایی دەخستە سەرم، و ڕێگەی لە پێشڤەچوونی ئەز دەگرت.هەرکاتێ کە هاڵاوی گەرمییەکە لەسەرو چاوی دەدام، ددانەکام دەنان بەیەکدا، کۆڵە مستم لەناو گیرفانەکانمدا دەگوشی، وبە هەموو هێزێکمەوە هەوڵم دەدا بەسەر هەتاوەکەداو بەسەر ئەم چڕەمەستییەدا کە شپرزەی کردبووم زاڵ ببم. لە گەڵ هەر تیرۆژیکا کە لە دەنکە لمێکەوە یا لە سەدەفێکەوە یا لە لەتە شووشەیەکەوە بەرز دەبووەوە، شەویلاگەم گرژ دەبوو. ماوەیەك ڕێم کرد. لەدوورەوە تاپۆی بچووك وتاریکی تاشەبەردەکەم دەبینی کە خەرمانەیەکی تیژی چاوکوێرکەر لە تیرۆژو غوباری دەریا دەوری دابوو. بیرم لە کانییە فێنکەکەی پشت تاشە بەردەکە کردەوە. حەزم دەکرد جارێکی دیکە قوڵە قوڵی ئاوەکەی بژنەوم. دەمویست لە خۆرەکە هەڵێم. لە تەقەلاو گریانی ژنەکان هەڵێم، دەمویست سایەو ئارامییەکەی ببینمەوە. لێ کاتێ کە زیاتر نزیك بوومەوە، سەیرم کرد حەریفەکەی ریمۆن دووبارە گەڕاوەتەوە. بەتەنێ بوو. بەپشتا خەوتبوو. دەستی نابووە ژێر سەری. نێوچەوانی لەبەر سێبەری تاشە بەردەکەدا بوو و ئەودوای بەدەنی لەبەر خۆرەکە بوو. جلە شینەکەی لە گەرما دوکەڵی دەکرد. کەمێکم پێ سەیر بوو. چیرۆکەکە بەلای منەوە کۆتایی هاتبوو و بەبێ هیچ مەبەستێك بۆ ئێرە هاتبووم. هەرکە منی بینی نیوە ئاخێزێکی کردو دەستی بۆ گیرفانی برد. هەڵبەتە منیش خۆ بەخۆ دەمانچەکەی ریمۆنم لە گیرفانی چاکەتەکەمدا گوشی.

هەنگیٚ بیٚ ئەوەی دەستی لەگیرفانی دەربێنیٚ، خۆی بۆ دواوە برد. من تەواویێك ، نزیکەی دە دوانزە مەترێك لەوەوە دوور بووم. جارجاریٚ مانای روانینەکەیم لە نێوان پێڵوە نیوە نوقاوەکانیا دەخوێندەوە. بەلاٚم لەم هەوا گڕگرتووەدا، وێنەکەی بەردەوام لەبەرچاوما دەرەقسی. دەنگی شەپۆلەکان لە نیوەرۆ خاوتر و درێژ تربوو. هێشتا هەر هەمان خۆر، هەمان تیرۆژو تیشك و هەمان لمەلاٚن سەرانسەری ئێرەی گرتبووەوە. دوو سەعاتێك بوری رۆژ هەر لە جێی خۆی بوو. نەچووبووە پێشیٚ. دوو سەعات دەبوو کە رۆژ لە ئۆقیانوسێکی کانزای وەجۆش هاتگدا لەنگەری خستبوو. لە دوورەوە پەلە هەلمێکی بچووك تێپەری و من بەگۆشەی چاو تارماییەکەیم بینی. چونکە چاوم لە پیاوە عەرەبەکە نەدەگواستەوە.

بیرم کردەوە کە پێوست پێچێکی بۆ بکەمەوەو کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنم. بەلاٚم سەرانسەری کەنارە داغبووەکەی باوەشی هەتاو، نووسابوو بە پشتمەوە. چەند هەنگاوێکم بەرەو کانییەکە نا. پیاوە عەرەبەکە نەبزوا. هێشتاش هەر تەواو لێمەوە دوور بوو، رەنگە بەهۆی سێبەرەکەی سەر دەموچاوییەوە بووبیٚ کە لە تۆ وایە پێدەکەنیٚ. هەلۆوستەیەکم کرد. هەستم کرد کە دلۆپە عارەقە لە نێو برۆکانمدا کۆبووەتەوە. ئەمە هەمان ئەو هەتاوەبوو کە لە رۆژی ناشتنەکەی دایکم دیتبووم. رێك وەکو ئەو رۆژە، بەتایبەتی تەوێڵم دەیەشا و هەموو دەمارەکانی لەژێر پێستەکەیەوە پێکەوە لێیان دەدا. بەهۆی ئەو سۆزی گەرمایەوە کە نەمدەتوانی تەحەمولی بکەم جولەیەکم بەرەو پێشەوە کرد. دەمزانی کە ئەم جولەیە گەوجانیە، دەمزانی بەتاقە هەنگاوێك خۆم لەشەری گەرمای هەتاو رزگارناکەم. بەلاٚم یەك هەنگاوم نا، تەنیا یەك هەنگاو بۆ پێشەوەو ئەمجارە کابرای عەرەب بیٚ ئەوەی لە جێی خۆی هەستیٚ، چەقۆکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بەبەرچاوی منەوە دایە بەر تیشکی هەتاوەکە. تیشکی خۆرەکە لەدەمە پۆلاٚیینەکەی دا و وەکو شفرەیەکی درێژی بریقەدار بەر تەوێڵم کەوت. لەم کاتەدا ئەو ئارەقەیەی کە لەسەر برۆکانم کۆبووبووەوە لەپڕ بەسەر پێلۆوەکانمدا دارژاو پەردەیەکی ئەستوری فێنکی بەسەردا هێنان. چاوەکانم لەپشت ئەم پەردەی ئەشك و خوێیەوە کوێرە بووبوون. ئیدی هەستم بە هیچ نەدەکرد جگە لە تیشکی هەتاوەکە کە دەیدا لە تەوێڵم، و بەشێوەیەکی هەست پێنەکراو ئەو بریقەیەی کە لە چەقۆکەوە بەرانبەرم دەبزوا. ئەم شمشێرە سووتێنەرە، برژانگەکانمی دەخوارد و بەچاوانی پڕ ئازارمدا رۆدەچوو. رێك لەم کلاتەدا بوو کە هەموو شتەکان لەرزین. چرە هەلمێکە گرگرتوو لە دەریاوە هەستا. وام هاتە بەرچاو کە سەرانسەری ئاسمان دەمی کردەوە تا ئاگر ببارێنیٚ. هەموو بوونم گرژ بوو، دەستم لەسەر دەمانچەکە توند بوو، زامنەکەی کرایەوە، دەستم بە دەسکە سافەکەیدا هێنا، ولێرەدا، لەناو هەراو زەنای وشك و کەرکەردا، هەموو شتێك دەستی پێکرد، ئارەقەو هەتاوەکەم لە خۆم تەکاند. ئیدی زانیم کە هاوسەنگی رۆژو کری و کپی ریزپەری کەنارەکەم سەنگەلا کردووە، ئەو کەنارەی لەسەریا خۆشحالٚ بووم. هەنگیٚ چوار جاری دیکە دەمانچەکەم نا بە جەستەیەکی بیٚ گیانەوەو گوللەکانی پێدا چوون، بیٚ ئەوەی چ شتێکی پێوە دیار بیٚ. ئەمە وەکو چوار سووکە تەقولباب بوو کە من لە دەرکەی بەدبەختیم دا.

بەشی دووەم

((1))

یەکسەر دوای گرتنەکەم، چەندجارێك پرسوجۆم لەگەڵ کرا. بەڵام هەموو پرسوجۆکان لەمەڕ ناسنامەی من بوو و زۆری نەخایاند. یەکەمجار لە پۆلیسخانەدا وام دەهاتە بەرچاو کەس هەقی بەسەر کارەکەی منەوە نییە. دوای هەشت رۆژ، قازی بەپێچەوانەوە، کنەکارانە تەمەشای کردم، بەڵام لەسەرەتادا، تەنیا ناوم و ئەدرەس و کارو مێژووی لەدایکبوونی پرسیم. پاشان ویستی بزانێ کە ئاخۆ ئەوقاتم هەڵبژاردووە یان نا. پێم گووت هەڵمنەبژاردووە. جا هەر بۆ دڵنیایی لێم پرسی کە ئاخۆ ئەوقات پێویستە؟ گووتی: ((بۆچی دەپرسیت؟)) وەڵامم دایەوە کە بەرای من قەزییەکەم زۆر سادەیە. بەپێکەنینەوە گووتی: ((ئەمەش بۆچوونێکە. لەگەڵ ئەمەشا یاسا لەبەر دەستدایە. ئەگەر تۆ ئەوقات هەڵنەبژێری، ئێمە بۆتی دادەنەین.)) لە دڵی خۆدا گووتم چەند باشە دادگا ئەم وردەکاریانەشی لە ئەستۆ گرتووە. ئەمەم بە قازییەکە گووت. پشتگیری قسەکەی کردم و بەوە بڕانییەوە کە یاسا بەشێوەیەکی باش دانراوە.

لەسەرەتاوە ئەم پیاوەم بەهەند وەرنەگرت. لە ژوورێکا پێشوازی کردم کە پەردەکانی دادرابوونەوە. تەنیا یەك گڵۆپ لەسەر مێزەکەی بوو، کە ئەو کورسییەی کە منی لەسەر دانرابووم، روناك دەکردەوەو بەخۆی لە تاریکییەکەدا بوو. کاتی خۆی، زوو وەسفی دیمەنێکی لەم بابەتەم لە کتێباندا خوێندبووەوەو هەموو ئەمەم وەکو گەمە ونماییش دەهاتە بەرچاو. پاش گفتوگۆیەکەمان، بەپێچەوانەی تەسەوری خۆمەوە، سەیرم کرد پیاوێکی سیما ناسك، چاوشینی چاو درشتی بەقولاچوو، بالابەرز، سمێڵ درێژی بۆز، وقژ زۆری مەیلەو سپییە. وەکو بنیادەمێکی زۆر بەهۆش ومەنتیقی هاتە بەرچاوم. هەرچەندە جارجارێ جوڵەیەکی لائیرادی زاری کرژ دەکرد ودەلالەتی لە تورەیی ئەو دەکرد، سیمای لەبەردڵان و خۆشەویست بوو. تەنانەت لە کاتی دەرچوونا بەتەمابووم تەوقەی لەگەڵ بکەم، بەڵام یەکسەر بیرم کەوتەوە کە من پیاوێکم کوشتووە.

بۆ سبەینێ ئەوقاتێك لە زیندانا هاتە دیدەنیم. پیاوێکی چکۆلەی خرکەڵەی مەیلەو گەنج بوو، بە دیقەت کرێمی لە قژی دابوو وتەخت و سافشانەی کردبوو. هەرچەند گەرمابوو(من بەتۆی کراسێکی قۆڵ کورت بووم.) جل و بەرگێکی تۆخی یەخە هەڵگەڕاوەی لەبەردابوو، بۆینباخێکی سەیری موقەلەمی پانی رەش وسپی لەمل کردبوو. جانتایەکی بە بن هەنگڵەوە بوو، جانتاکەی لەسەر تەختە خەوەکەی من داناو خۆی ناسادو پێی گووتم دۆسییەکەی خوێندوومەتەوەو قەزییەکەم حەساسە. و ئەگەر متمانەی پێ بکەم، ئەوا گومانی لەسەرکەوتن

www.pertwk.com

نابێ. سوپاسم کردو گووتی: ((جا ئێستا با بچینە سەر ئەسڵی مەسەلەکە.)) لەسەر تەختە خەوەکەم دانیشت و ئەوەی باس کرد کە هەندێ زانیاری لەسەر ژیانی تایبەتیم کۆکراوەتەوە. زانراوە کە دایکم تازە لە لەنگەرخانە مردووە. ئەوجا لە مارنکۆ هەندێ تەحقیق کراوە. تەحقیقکاران بۆیان دەرکەوتووە کە لەرۆژی ناشتنەکەی دایکما، من بێ موبالاتی و خەمساردیم نیشانداوە. ئەوجا پێی گووتم: ((هەڵبەتە بە خۆت دەزانی کە پێم ناخۆشە کە ئەم پرسیارەتان لێدەکەم، بەلاّم زۆر زەرورییە، چونکە ئەگەر وەلاّمێکی ئەم پرسیارەم دەست نەکەوێ، بە بەڵگەیەکی گەورەی تاوانباری دەژمێردرێ.)) دەیویست هاوکاری بکەم. لێی پرسیم کە ئایا لەو رۆژەدا خەمبار بووم. ئەم پرسیارەم بەلاوە سەیربوو، و وام بەخەیاڵدا هات ئەگەر من پرسیارێکی وام بکردایە زۆر نارەحەت دەبووم. لەگەڵ ئەمەشا وەلاّمم دایەوە کە ماوەیەکە عادەی پرسیار کردنم لەخۆ لەدەست داوەو وەلاّمی پرسیارەکەیم بەلاوە زەحمەتە. بێگومان دایکم زۆر خۆش دەویست، بەلاّم ئەمە هیچی نەدەگەیاند. هەموو کەسێکی تەندروست کەم وزۆر ئارەزووی مەرگی ئەو کەسانە دەکەن کە خۆشیان دەوێن. لێرەدا پارێزەرەکە قسەکەی پێ بریم و تەواو شڵەژا. ئیدی قەولی لێ وەرگرتم کە ئەم قسەیە نە لە دادگاو نە لەلای سەرۆکی دادگا نەکەم. ئیدی بۆم باسکرد کە تەبیعەتم جۆرێکە کە بەزۆری پێداویستییە بەدەنییەکانم، هەستەکانم دەشێوێنێ. ئەو رۆژەی دایکم بەخاك سپارد، زۆر ماندووبووم و خەوم دەهات. بەجۆرێ کە چەند شتێکی ئەو رۆژەم لەبیر نەماوە. ئەوەی دەمتوانی بە دڵنیاییەوە بیڵێم ئەمە بوو کە خۆزیم دەخواست دایکم نەمردبایە. لێ پارێزەرەکەم کە پێناچوو ئاسودە بێ گووتی: ((ئەمە بەس نییە.))

لەفکران راچوو. پرسی ئایا دەتوانم بڵێم کە لەو رۆژەدا بەسەر هەستە ئاساییەکانما زاڵ بووم؟ گوتم: ((نە، چونکە ئەمە دروست نییە.)) بەشێوەیەکی سەیر نیگای کردم، وەکو ئەوەی کەمێك رقی هەستێنم وبێزاری بکەم. بەجۆرە فێڵبازییەکەوە گوتی بەهەرحاڵ بەرێوەبەرو کارمەندانی کەترەخانەکە وەکو شایەت گوێ لە قسەکانی من دەگرن و((ئەمەش بۆ تۆ خراپ دەبێ)) دڵنیام کردەوە کە ئەم چیرۆکە هیچ پەیوەندییەکی بە دۆزەکەی منەوە نییە، بەلاّم ئەو هەر ئەوەندەی گووت کە دیارە هەرگیز سەروکارم لەگەڵ دادگادا نەبووە.

ئەوجا بەتورەیی رۆیی. دەمویست رایگرم و تێی بگەیەنم کە هاودڵی ئەوم مەبەستە نەك بۆ ئەوەی باشتر بەرگریم لێ بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەتەبیعەت هاودەردی ئەوم دەوێ! بەتایبەتی کە هەستم کرد نارەحەتم کردووە. لەقسەکەی من تێ نەدەگەیی و لەبەر ئەمە کەمێك رقی لێم هەستا بوو. حەزم لێ بوو کە دڵنیای بکەم کە منیش وەکە هەموو خەڵکیم، تەواو وەکو هەموو خەڵکی وەهام. بەلاّم هەموو ئەم شتانە لە راستیا بێفایدەبوون ومن لەبەر تەمەڵی خۆم چاو پۆشیم لە گوتنیان کرد.

دوای تۆزێ هەمدیس بۆلای قازیی تەحقیقیان بردم. سەعات دووی پاش نیوەرۆ بوو. ئەمجارەیان ژوورەکەی نوقمی تیشك بوو کە پەردە تۆرییەکەی گلی نەدەدایەوە. زۆر گەرم بوو، داینیشاندم وبەرێزێکی زۆرەوە پێی راگەیاندم کە پاێزەرەکەم((لەبەر هۆیەکی چاوەروان نەکراو)) نەهاتووە. جا من هەقم هەیە کە وەلاّمی پرسیارەکانی نەدەمەوەو چاوەرێ بکەم کە

ئەوقاتەکەم بێت. لێ من گووتم بەخۆم دەتوانم وەلاّم بدەمەوە. قامکی نا بە دوگمەیەکی سەر مێزەکەیدا. سکرتێرێکی لاو وەژوور کەوت و تەقریبەن لەپشت منەوە دانیشت.

هەردووکمان لەسەر کورسییەکانمان دانیشتبووین. پرس وجۆ دەستی پێکرد. هەوەڵجار گووتی وادیارە تۆ بنیادەمێکی کەمدوو ومەندەی، ورای منی لەمبارەیەوە دەویست. وەلاّمم دایەوە: ((لەبەر ئەوەیە کە هیچ کاتێ شتێکی گرینگم نییە کە باسی بکەم. بۆیە قسە ناکەم.)) وەکو جاری پێشوو پێکەنی و سەلماندی کە ئەمە باشترین بەڵگەیە و لەسەری رۆیی: ((بەلاّم ئەمە هیچ بایەخێکی نییە)). بێدەنگ بوو، نیگایەکی کردم و لەپڕ خۆی راست کردەوەو بە پەلە پەل پێی گووتم: ((من تەنیا خۆتم مەبەستە.)) دروست لە مەبەستی حاڵی نەبووم و هیچ وەلاّمێکم نەدایەوە. لەسەری رۆیی کە: ((هەندێ لایەنی ئەم کارەی تۆ هەیە کە سەریان لێدەرناکەم. هەڵبەتە دڵنیام کە یارمەتیم دەدەی تا لێیان حاڵی ببم.)) گووتم شتەکان زۆر سادەن. ناچاری کردم کەشتەکانی ئەو رۆژەی دووبارە بۆ بگێڕمەوە. بەکورتی ئەوەی کە لەوەو پێش بۆم باسکردبوو، بۆم گێڕایەوە: ریمۆن، کەناری دەریا، مەلەوانی، شەڕوقەرقەشە، دیسانەوە کەنار، کانییە چکۆلەکە، هەتاوو پێنج فیشەکی دەمانچەکە. لەسەری هەر ڕستەیەکدا دەیگووت: ((زۆر باشە، زۆر باشە.)) کە گەییمە سەر جەستە کەوتووەکە هەمدیس پشتگیری قسەکەی کردم و گووتی: ((زۆر باشە)).لەدووبارە کردنەوەی ئەم حیکایەتە بێتاقەت بووبووم وهەستم دەکرد هەرگیز ئەوەندەم قسە نەکردبوو.

دوای تۆزێك هەستاو گووتی دەیەوێ یارمەتیم بدات، چونکە بووم بەمایەی بایەخی وی و پەنا بەخوا کارێکم بۆ دەکات. بەلاّم هەوەڵجار ویستی دیسان هەندێ پرسیارم لێبکات، یەکسەر لێی پرسیم کە دایکم خۆشدەویست، گووتم: ((بەڵێ وەکو هەموو خەڵکی.)) و سکرتێرەکە کە تا ئەم کاتە بەردەوام تایپی دەکرد، وەك بڵێی بە هەڵە تایپەکەی لێدا، چونکە لە کارەکەی وەستاو ناچار ئاوڕی دواوەی دایەوە. قازییەکە هەمدیس بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا لێی پرسیم: ((ئایا هەر پێنج گوللەکەم دوا بەدوای یەك تەقاند؟ کەمێك لەفکرانراچووم و گووتم هەوەڵجار یەك گوللەم تەقاند، و پاش چەند ساتێك چوارەکەی دیکە، هەنگێ گووتی:((بۆچی لە نێوان یەکەم و دووەمدا هەڵوەستەت کرد؟)) جارەکی دی کەنارە سورەوەبووەکەم لەبەرچاو بەرجەستە بوو و هەستم بەگەرمییە سووتێنەرەکەی لەسەر تەوێڵم کرد. لێ ئەمجارە هیچ وەلاّمێکم نەدایەوە. لەماوەی ئەو بێدەنگییەی پاش ئەمە، قازی پەشێو دەینواند، دانیشت. قامکەکانی خستە ناو قژی، ئانیشکەکانی دادایە سەر مێزەکەی و بەسیمایەکی غەریبەوە تۆزێ بەلای منا دانەوییەوە: ((لەبەرچی؟ بۆچی تەقەت لە جەنازەیەکی بێگیان کرد؟)) هەمدیس نەمزانی چ وەلاّمێکی بدەمەوە. قازی دەستی بەناوچەوانی خۆیدا هێناو پرسیارەکەی بەتۆزێ دەسکارییەوە دووبارە کردەوە: ((لەبەرچی ؟ دەبێ پێم بڵێی لەبەرچی؟)) بێدەنگ بووم.

لەپڕ هەستا، بەپەلە چوو بۆ ئەوسەری ژوورەکە، چەکمەجەی مێزێکی راکێشا. خاچێکی زیوینی بە نەخشی عیسای لێ دەرهێنا ولە حاڵێکا دەیجوڵاند بەرەو لای من هات و بەدەنگێکی لەرزۆك کە تەواو گۆڕابوو هاواری کرد: ((ئایا ئەمە دەناسیت، ئەمە ئەمە؟)) گووتم:

((بەڵێ، هەڵبەتە)) ئەوجا زۆر بەپەلەو بە هەڵچوونەوە گوتی کە باوەڕی بەخوا هەیە کە هیچ مرۆڤێك ئەوەندە گوناحکار نییە کە خوا نەتوانێ بیبەخشێت. بەلاّم بۆ ئەم کارە مرۆڤ دەبێ تۆبە بکات، پەشیمان ببێتەوەو ببێتەوە بە منالێ کە ویژدانی پاك ببێتەوەو ئامادەی قەبوڵکردنی هەر نەخشێك بێ. هەموو هەیکەلی خۆی دابوو بەسەر مێزەکەدا. خاچەکەی تەقریبەن بەسەر سەری منەوە تەکان دەدا. ڕاستت دەوێ، من بە باشی پەیگیری قسەکانیم نەکرد، چونکە گەرمام بوو و چەند مێشێکی گەورە لەژوورەکەدا بوون کە بەدەمووچاومەوە دەنیشتنەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی بەخۆی تۆزێك خستبوومیە ترسەوە. لەهەمان کاتدا هەستم دەکرد ئەم ترسە مایەی پێکەنینە. چونکە بەهەموو حاڵ وحەساوێك تاوانبارەکە من بووم. بەلاّم ئەو هەر بەردەوام بوو. ئیدی کەم دابێژێك بۆم دەرکەوت کە بە بۆچوونی ئەو تەنیا یەك خاڵی تاریك لە قسەکانی مندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چ شتێك بووە هۆی هەڵوەستە کردنم لەنێوان گوللەی یەکەم وگوللەکانی دواترا. ئەو دوای قەزییەکە زۆر باش بوو، لێ ئەو تەنیا سەری لەم خاڵە دەرنەدەکرد.

دەمویست تێی بگەیەنم کە پێ داگرتنی ئەو بێهودەو هەڵەیە. چونکە ئەم خاڵەی دوایی ئەو بایەخەی نییە. لێ ئەو قسەکەی بڕیم و لە کاتێکا بە پێوە وەستا بوو بۆ جاری دووەم هانی دەدام وەلاّم بدەمەوە، لێی پرسیم کە ئایا باوەڕم بە خوا هەیە. وەلاّمم دایەوە نە. بەتوڕەیی وبێزاری دانیشت. گووتی ئەمە مەحاڵە، گووتی هەموو خەڵکی باوەڕیان بە خوا هەیە. تەنانەت ئەوانەش کە ڕوویان لێوەرگێڕاوە. ئەمە باوەڕی ئەو بوو. ئەگەر ڕۆژێ گومانی لەوە بکردایە، ئیدی ژیانی مانایەکی نەدەبوو. هاواری کرد: ((ئایا دەتەوێ ژیانم مانایەکی نەبێ؟)) بەرای من ئەمە پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو وپێم گووت. لێ لەم کاتەدا لەسەر مێزەکەی پەیکەرێکی مەسیحی لە بەرچاوم ڕاگرت و شێت ئاسا هاواری کرد: ((من مەسیحیم داوا لەم دەکەم کە لە گوناهەکانی تۆ خۆش بێ، چۆن باوەڕت بە کەسێك نییە کە لەپێناوی تۆدا ڕەنجی کێشاوەو ئازاری چەشتووە؟)) هەستم کرد بەشێوەیەکی خۆیی دەمدوێنێ، بە وشەی ((تۆ)) دەمدوێنێ. لێ شەکەت و بێتاقەت بوو بووم. گەرماکە زیاتر زیاتر دەبوو، وەکو هەمیشە کە کاتێ دەمەوێ خۆم لە دەستی کەسێك ڕزگاربکەم گوێ لە قسەکانی ناگرم، حاڵەتێکم لە خۆگرت لە تۆوایە بە بۆچوونەکانی قایلم، وپێم سەیر بوو کە وایزانی سەرکەوتووەو گووتی: ((دەبینی، دەبینی کە باوەڕت پێیەتی، و ئێستا دەتەوێ ئیمانی پێ بێنی؟)) هەڵبەتە جارێکی دیکەش گووتم نە. کەوتە سەر کورسییەکەی خۆی.

زۆر ماندوو دیار بوو. کەمێك بێدەنگ بوو. لەم کاتەدا تایپەکە، کە لە نووسینی گفتووگۆیەکە دوا نەدەکەوت، دوا ڕستەکانی لێدا. ئەوسا بەوردی و کەمێك خەمینییەوە تەمەشای کردم، و لە ژێر لێوەوە گووتی: ((من هەرگیز ڕوحێکی بە بەردبووی وەکو ڕوحی تۆم نەدیوە. ئەو تاوانبارانەی کە تا نهۆ ڕووبەڕووی من بوونەتەوە، هەر هەموویان لە بەردەم ئەم وێنەی ئازارو خەمەدا کەوتوونەتە گریان.)) ویستم بڵێم کە گریانەکەیان لەبەر تاوانباریان بووە. بەلاّم بیرم کردەوە کە منیش وەکو ئەوانم. نەمدەتوانی ئەم بیرە قبوڵ بکەم. ئیدی قازییەکە هەستا. وەك ئەوەی بڵێ کە پرس و جۆیەکە تەواو بوو. بەلاّم بە هەمان سیمای نەختێ شەکەت و تەنیا لێی

پرسیم ئایا لە کارەکەی خۆم ژێوانم . بیرم کردەوەو گووتم لە جیاتی پەشیمانی راستەقینە هەست بە جۆرە پەستی و خەمینییەك دەکەم. هەستم کرد لە مەبەستم حاڵی نەبوو. بەلاّم ئەو رۆژە کارەکان لێرەدا وەستان و هێوەتر نەچوون.

ئیدی لەوە بەدواوە زۆر جار قازییەکەم دەبینی، بەلاّم هەموو جارێ هەر لەگەڵ پارێزەرەکەمدا بووم. هەموو جارێ بەوە دەبرایەوە کە هەندێ خاڵیان لەمەڕ ئیعترافەکانی پێشووم بۆ روون بکەمەوە. قازییەکەم و پارێزەرەکەم هەندێ باس و خواسیان لەمەڕ هەنجەتەکانم دەکرد. بەلاّم ئەوی راستی بێ ئەوان لەودەمانەدا هیچ بایەخێکیان بە من نەدەدا. بەهەر حاڵ بەرەبەرە رەوت و تۆنی پرس و جۆیەکان گۆڕان. وادیار بوو کە قازییەکە چیتر منی بەلاوە مەبەست نییە و داوەری خۆی سەبارەت بە من بەشێوەیەك لە شێوەکان تەواو کردووە، چیتر باسی خوای لەگەڵ نەکردم. چیتر بەو هەڵچوونەی یەکەم رۆژەوە نەم بینی. بەکورتییەکەی گفتوو گۆیەکەی نێوانمان گەرمترو دۆستانەتر بووبوو. چەند پرسیارێك، چەند قسەیەك لەگەڵ پارێزەرەکەما، وئەوجا پرس و جۆیەکان تەواو دەبووبەگووتەی قازییەکە، قەزییەکەم رەوتی خۆی دەبڕی. وهەندێ جارش کە باس باسی بابەتە گشتییەکان بوایە، منیشیان تیا بەشدار دەکرد. بەرەبەرە پشووم وەبەرهاتەوە. لەم سەعاتانەدا هیچ کەسێك دژم نەبوو. شتەکان هێندە ئاسایی و رێك و پێك و وردو بەقایدە بەرێوە دەچوون، گەوج گەوج وام خەیاڵ دەکرد کە ((بووم بەپێری ئەوان.)) لە کۆتایی ئەم پرس و جۆیانەدا کە یانزە هەیڤی خایاند، دەتوانم بڵێم کە سەیرم پێدەهات کە هەرگیز لە هیچ شتێك ئەوەندەی ئەو ساتە دەگمەنانە لەزەتم نەدەبرد کە قازییەکە منی تا بەردەرکەی ژوورەکەی بەرێ دەکرد وبە سەدایەکی دۆستانە دەیگووت: ((بۆ ئەمرۆ بەسە جەنابی دژە مەسیح.)) ئەوسا بەدەستی پۆلیسیان دەسپاردم.

((2))

هەندێ شت هەن کە هەگیز حەزم نەکردووە باسیان بکەم. کە چوومە زیندانەوە، وای چەند رۆژێك بۆم دەرکەوت کە حەزناکەم تاقە یەك وشە دەربارەی ئەم بەشەی ژیانم باس بکەم.

پاشان زانیم کە ئەم حەزنەکردن و بێ مەیلییەش هیچ پایەو بناغەیەکی نییە. لەراستیدا لە رۆژانی هەوەڵدا هەستم بە زیندانی بوونی خۆم نەدەکرد چونکە بەشێوەیەکی نادیارو ئاڵۆز چاوەنۆڕی رووداوێکی تازە بووم. ئەم رووداوە پاش یەکەمین و لەهەمان کاتا دوایەمین دیدەنی ماری روویدا. لەو رۆژەوە کە کاغەزەکەیم پێ گەیی (بۆی نووسی بووم چونکە ژنی من نییە چیتر مۆڵەتی نادەن دیدەنیم بکا.) بەڵێ لەو رۆژە بەدواوە هەستم کرد کە ئەم ژووری زیندانە ماڵی منەو ژیانم لێرەدا دەوەستێ. ئەو رۆژەی کە دەسگیریان کردم، هەوەڵجار لە ژوورێکا زندانیان کردم، کە زندانییانێکی زۆری تیا بوو، زۆربەیان عەرەب بوون. ئەوانە هەرکە منیان بینی پێکەنین، پاشان لێیان پرسیم کە چیم کردووە، گووتم عەرەبێکم کوشتووە، وئیدی ئەوان بێدەنگ بوون. بەلاّم دوای کەمێك شەو بەسەرا هات، فێریان کردم کە چۆن حەسیرەکەی ژێرم بۆ خەوتن رێك بخەم، بە لوول دانی سەرێکی، سەرینێك دروست دەکرا. بە درێژایی شەوەکە مێشولە بەسەر

سەروچاوما تەراتێنیان کرد. دوای چەند رۆژێك بۆ ژوورێکی تەنیایان بردم کە لەوێ لەسەر تەختێکی دار دەخەوتم. لەگەڵ ئەوەشدا لە جیاتی ئاودەست هەبوو. تەشتۆکەیەکی ئاسنیشم هەبوو. زندانەکە رێك کەوتبووە سەرووی شارەوە، لە کلاورۆژنەیەکەوە دەمتوانی دەریا ببینم. رۆژێك کە خۆم بە شیشبەندەکەوە نووساندبوو و رووم کردبووە روناکییەکە، پاسەوانێك وەژوور کەوت و پێی گووتم کە میوانم هاتووە. لە دڵی خۆدا گوتم ماری یە. هەرواش بوو.

بۆوەی بگەینە ژووری دیدەنی، بە دالانێکی درێژا، پاشان بە قالدرمەیەکا و ئەوجا بەرارەوێکی دیکەدا رەتبووین. چووینە ناو هۆڵێکی زۆر گەورەوە، لەدەرگایەکی گەورەوە روناکی تێدەکەوت. دوو موحەجەری ئاسن درێژایی هۆڵەکەیان دەبڕی وکردبوویان بەسێ بەشەوە. لە نێوان دوو موحەجەرەکەدا مەیدانێکی هەشت تا دە مەتری دروست بووبوو کە مواجەهەچییەکان و زندانییەکانی لێکدی جیا دەکردەوە. ماریم لە بەرانبەر خۆدا، بەجلە موقەلەم و دەموچاوە تاوانگازەکەیەوە بینی. دە دوانزە زندانییەك کە زۆربەیان عەرەب بوون لە تەنیشت منەوە وەستابوون. چواردەوری ماری ژنانی جەزایری ناوچەیی بوو، کەوتبووە نێوان دوو ژنی مواجەهەچییەوە: پیرەژنێکی زیتەڵەی لێو هەڵقورتاوی رەشپۆش، و ژنێکی قەڵەوی سەررووت کە زۆر بەدەنگی بەرز بە حەرەکەوە قسەی دەکرد. بەهۆی مەودای نێوان موحەجەرەکانەوە مواجەهەچییەکان و زندانییەکان ناچار بوون بەدەنگی بەرز قسە بکەن. کاتێ وەژوور کەوتم غەڵبە غەڵبی دەنگەکان کە لەسەر دیوارە رووتەکەی هۆڵەکە دەنگی دەدایەوە، ئەو تیشکە تیژەی کە لە ئاسمانێ را دەیدا لە شووشەکان و لە هۆڵەکەدا پەخش و بڵاو دەبووەوە سەرەگێژکەیان پێخستم. ژووری زندانەکە زۆر هێدیترو تاریکتر بوو. چەند ساتێکم دەویست تا بەم وەزعە رابێم. ئەوجا سیماکانم لەبەر روناکی ژوورەکەدا بە جوانی لێدەرکەوت. بینیم پاسەوانێك لەوسەری دالانەکەو لە نێوان دوو موحەجەرەکەدا وەستاوە. زۆربەی زندانییە عەرەبەکان بەرانبەر بە خزم و کەسوکاریان، بە چیچکانەوە دانیشتبوون. ئەمانە هاواریان نەدەکرد. وێرای ئەو هەموو هەراو زەنایە بە ئەسپایی قسانیان دەکردو لە قسەی یەکدیش حاڵی دەبوون. چپە مەنگەکانیان کە لە خوارەوە دەهات تێکەڵ بەو گفتو گۆیانە دەبوو کە لەسەریانەوە دەکران. هەموو ئەمانەم زۆر بە خێرایی بۆ دەرکەوت و بەرەو لای ماری چووم. خۆی دابوو بە شیشبەندەکەدا، بە هەموو تواناییەوە بۆم دەخەنی، لەبەرچاوم زۆر جوان بوو، بەڵام نەمتوانی ئەوەی پێ بڵێم.

بەدەنگی بەرز گووتی: ((چۆنی؟)) وەڵامم دایەوە: ((هەر وادەبێ)) گووتی: ((باشی، هەموو شتێکت هەیە؟)) وەڵامم دایەوە:((بەڵێ، هەموو شتێك.))

بێدەنگ بووین و ماری هەر پێدەکەنی. ژنە قەڵەوەکە بەرەو هاوسێکەی من هاواری دەکرد کە بێگومان مێردی بوو. پیاوێکی چوارشانەی قژزەردی جوان بوو. قسەکەیان پاشماوەی گفتو گۆیەك بوو کە ماوەیەك پێشتر دەستیان پێکردبوو.

ژنەکە بە هەموو هێزییەوە هاواری کرد: ((جان نایەوێ وەری بگرێ)) پیاوەکە دەیگوت: ((بەڵێ، بەڵێ)) – پێم گووت کە هاتییە دەرێ وەری دەگریتەوە، بەڵام جان رازی نەبوو وەری بگرێ.

ماری لە پاڵ ئەو ژنەوە هاواری کرد کە ریمۆن سلاّوم لێدەکات و من گووتم: ((سوپاس)) بەلاّم دەنگی من لەناو دەنگی هاوسێکەمدا کە پرسی: ((ئایا حالّی باشە)) گووم بوو. ژنەکە پێکەنی و گووتی: ((هیچ کاتێك ئەوەندە باش نەبووە.)) ئەوەی دەستە چەپم، پیاوێکی وردیلەی گەنج بوو، جووتێ دەستی ناسکی پێوە بوو و هیچی نەدەگووت. سەیرم کرد کە بەرانبەر بە پیرەژنێکی لاواز دانیشتووەو هەردووکیان بە تامەزرۆیی چاویان بریوەتە یەکدی. نەمتوانی لەوەی پتر لێیان وردبیمەوە، چونکە ماری بەرەو من هاواری کرد کە دەبێ بە ئومێد بم. گووتم: ((بەڵێ)) و لەهەمان کاتا تەمەشای ئەوم دەکرد و حەزم دەکرد لەسەر کراسەکەیەوە شانی بگوشم. هەوەسی ئەو قوماشە ناسکە لە کەللەی دابوم و بەچاکی دەمزانی کە جگە لەو بە چ شتێك ئومێدەواربم. ماری دەیویست ئەمە بڵێ. ماری هەر پێدەکەنی. من جگە لە بریقەی ددانەکانی ، و وردەچرچی دەوری چاوەکانی چیترم نەدەبینی. دووبارە هاواری کرد: ((دێیتە دەرێ و زەماوەند دەکەین!)) وەلاّمم دایەوە: ((پێت وایە؟)) ئەم رستەیەم هەر بۆ ئەوە گووت کە شتێکم گووتبێ. هەنگێ بە دەنگی زۆر بەرزو خێرا گووتی: بەڵێ، وگووتی کە من تەبرێ دەبم و دووبارە دەچینە مەلەوانی. لە پاڵ ماری دا، ئەو ژنە هاواری دەکرد کە زەمیلەیەکی لە نوسینگەکە داناوەو شتەکانی ناو زەمیلەکەی یەك یەك دەژمارد تا وەریان بگرێ، چونکە نرخیان گران بوو. هاوسێکەی دیکەی من و دایکی هەر بەو دەقەوە نیگای یەکتریان دەکرد. چپەچپی عەرەبەکان لە خوارەوە بەردەوام بوو. لەدەرێ ڕا وادیار بوو کە روناکی لەبەر پەنجەرەکەدا شەپۆل دەدا. روناکی وەکو خۆشاوی تازەی میوە بەسەر سەروچاوەکانا دەرۆیی.

هەستم دەکرد بێتاقەتم و دەمویست برۆم. غەڵبە غەڵبەکە ئەزیەتی دەدام. بەلاّم لە لایەکی دیکەوە دەمویست تێر تەمەشای ماری بکەم. نەمزانی چەند وەخت بوری. ماری باسی کارەکەی خۆی دەکردو بەردەوام دەخەنی. چپەچپەکان، هەراو زەناکان و گفتو گۆکان تێکەڵ بەیەکدی دەبوون. تاقە دورگەی مات وکپ تەنیشتی من بوو، لەو شوێنەی کە ئەم لاوە وردیلەیەو ئەو پیرەژنە دەیانڕوانییە یەکدی. وردەوردە عەرەبەکانیان برد. هەرکە نەفەری یەکەم رۆیی، ئیدی هەموو بێدەنگ بوون. پیرەژنەکە خۆی لە شیشبەندەکە نزیك کردبووەوە، ولەم کاتەدا پاسەوانەکە ئاماژەیەکی بۆ کورەکەی کرد، وئەویش گوتی: ((بە هیوای دیدار دایکە.)) دایکەکە دەستی لەنێو دوو شیشەوە درێژ کرد تا کورتە ئاماژەیەکی خاو و درێژی بداتێ.

پیرەژن رۆیی. لەم کاتەدا پیاوێکی کلاّو بەدەست وەژوور کەوت و شوێنەکەی ئەوی گرت. زندانییەکیان هێنا، ئەو جووتە زۆر بەگەرمی قسەیان دەکرد، بەلاّم بە ئەسپایی، چونکە هەمدیس بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو. هاتن بە سۆراخی یارۆی دەستە راستی منەوە، و ژنەکەی بێ ئەوەی دەنگی نزم بکاتەوە، وادیار بوو هێشتا نەیزانی بوو کە چیتر پێویست بە هاوار کردن ناکات، پێی گووت: ((ئاگاداری خۆت بەو وریابە.)) ئەوجا نۆرە هاتە سەر من. ماری بە ئاماژە ماچێکی تێ گرتم. بەرلەوەی لە چاوی ونبم، دووبارە ئاوڕم دایەوە. بێ جوڵە بوو، دەموچاوی خۆی بەهەمان خەندەی درێژو چرەوە نابوو بە موحەجەرەکەوە.

دوای ماوەیەکی کەم نامەیەکی بۆ نووسیم. لەمە بەدواوە ئەو شتانە دەستیان پێکرد کە هەرگیز حەزم نەکردووە باسین بکەم، حەزناکەم موبالەغە بکەم، ئەمە بۆ یەکێکی وەکو من لەخەڵکانی دی ئاسانتر بوو. لەسەرەتای حەپسییەکەمدا ناخۆشترین شت بەلای منەوە ئەمە بوو کە بیرکردنەوەم وەکو بیرکردنەوەی مرۆڤێکی ئازاد وابوو. بۆ نمونە ئارەزووم دەکرد بچمە کەناری دەریا. دەنگی هەوەڵین شەپۆلانی ژێر پێیەکانم، چوونم بۆ ناو ئاوەکە، ئەو ئاسودەی و ئیسراحەتەی کە لەوە دەمبینی، هەموو ئەمانەم لای خۆم بەرجەستە دەکرد. و لەپڕ هەستم دەکرد کە چوار دیواری زندانەکەم چەند تەنگە، چەند هاتوونەتەوە یەك، بەلاّم ئەم حاڵەتە تەنیا چەند مانگێك بەردەوام بوو. لەوە بەدواوە وەکو زیندانییەك بیرم دەکردەوە: چاوەروانی ئەو رۆژانە پیاسەیە دەبووم کە لەناو حەساری زیندانەکەدا دەمکرد. یان دادەنیشتم و چاوەروانی پارێزەرەکەم دەکرد. باقی وەختەکەم بەباشی رێك خستبوو. هەنگێ بەزۆری وام خەیاڵ دەکرد کە ئەگەر ناچاریان کردبام، لە کلۆری دارێکی وشکا بژیم, و چ کارێکم نەبوایە جگە لە تەمەشاکردنی گوڵی ئاسمان، هەنگێش وردە وردە ڕادەهاتم.(لێرەدا مەرسۆ ئاسمان وەکو گوڵێك بەدیار سەرییەوە دەبینێ). لەم حاڵدا وەختی خۆم بەدەم چاوەروانی تێپەڕینی باڵنەدان، ویا بەچاوەروانی یەکانگیری هەورانەوە دەگوزەران. وەکو چۆن لێرەدا چاوەڕوانی دیتنی بۆینباخە سەیرەکانی پارێزەرەکەمم، یا وەك چۆن لە جیهانێکی دیکەدا رۆژانم دەژمارد کە شەممە بێ تا ماری لەباوەش بگرم. بەڵێ کە لەفکرانڕا دەچووم، لەناو کلۆرە دارێکی وشکدا نەبووم. خەڵکانی لە منیش نەگبەت تر هەبوو. بەڵێ، ئەمە بۆچوونی دایکم بوو و بەزۆری دووبارەی دەکردەوە کە مرۆڤ لەگەڵ هەموو شتێکدا ڕادێ.

بەهەرحاڵ زۆریش لەم خەیالاّنە دوور نەدەکەوتمەوە. مانگەکانی سەرەتا ناخۆش بوو. بەلاّم بەزەبری ئەو هەوڵ و تەقەللایەی دەمدا تێم دەپەڕاندن. بۆ نموونە ئارەزووی ژن ئەزیەتی دەدام. ئەمە ئاسایی بوو. من گەنج بووم. هەرگیز بەتایبەتی بیرم لە ماری نەدەکردەوە. بەلاّم بەجۆرێ بیرم لە ژنێك، لە ژنان، لە هەموو ئەو ژنانەی کە ناسیبوومن، ولە هەموو ئەو کات و شوێنانەی کە ئاشقێنیم لەگەڵدا کردبوون، دەکردەوە، کە ژوورەکەم پڕ دەبوو لە سیمای ئەوان و لە ئارەزووەکانی من. ئەمە لە لایەکەوە هاوسەنگی هزری منی دەشێواند، بەلاّم لە لایەکی ترەوە وەختەکەی دەکوشت. لە ئەنجاما کاتێ کە ئاشنایەتیم لەگەڵ سەرپاسەواندا، کە لەکاتی خواردن دابەشکردندا لەگەڵ شاگرد ئاشپەزەکەدا دەهات، پەیدا کرد، ئەم خەیالاّتانە کۆتاییان هات. ئەو هەوەڵجار باسی ژنانی لەگەڵ کردم، و گووتی ئەمە گەورەترین شتە کە خەڵکی پێوەی دەناڵێنن. گووتم منیش وەکو ئەوانم و ئەم جۆرە رەفتارانە بە ناڕەوا دەزانم. گووتی: ((بەلاّم رێك لەسەر ئەم بابەتەیە کە ئێوە دەخەنە زندانەوە. – چۆن لەسەر ئەم بابەتەیە؟ –بەڵێ، لەسەر ئەم بابەتەیە، ئەمە ئازادییە. لە ئازادی مەحرومتان دەکەن.))

من هەرگیز بیرم لەم مەسەلەیە نەکردبووەوە. قسەکەیم سەلماند. گووتم: ((دروستە ئەگەر ژن هەبێ، سزایەك نامێنێ. گووتی: بەڵێ، تۆ لەشتان دەگەی، تۆ نەك ئەوانی دی، بەلاّم ئەوانی

دیکـەش دەگەنـە ئـەم ئەنجامـەی کـە خۆیـان هۆکـاری تەسـکینی خۆیـان فەراهـەم بکـەن. خۆیـان ڕابێنن.)) ئەوجا پاسەوانەکە ڕۆیی.

جگـەرەش مەسـەلەیەك بـوو. کـە هاتمـە نـاو زنـدان، پشـتێنەکەم، قـەیتانی پێڵاوەکـانم، بۆینباخەکەم و هەرچییەکم لـە گیرفانا بـوو ، بەتایبـەتی جگەرەکانیان لێ سـەندم. لـە زندانەکەمدا جارێکم داواکرد کە جگەرەکانم بدەنەوە. بەڵام گووتیـان قەدەغەیـە. ڕۆژانـی یەکەم زۆر زەحمەت بـوو، ورەنگـە هـەر ئەمـەش لـە هـەر شـتێکی دی داغـانی کـردبم، تەلزمـە دارم لـە تەختەکـەی ژێـرم دەکردەوەو دەمجوو. بە درێژایی ڕۆژ دڵم تێك هەڵدەهات. نەمدەزانی بۆچی لە شتێکیان مەحرووم کردووم کە زیانی بە چ کەسێك نەدەگەیاند. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەم مەحرومیەتـەش بەشێکە لـە سـزا. لـەم ساتە بـەدواوە خـۆم ڕاهێنا کـە چیتر جگـەرە نەکێشم. ئیـدی ئـەم سـزایەش بـۆ مـن حوکمی سزای نەما.

ئـەم وردە نارەحـەتیانی لێ دەرچـێ، ئیـدی حـاڵم زۆر خـراپ نـەبوو. گـرنگترن شـت دیسـانەوە کوشـتنی وەختەکـە بـوو. بـەڵام لەوسـاتەوە کـە فێربـووم بیرەوەریـانی ڕابـردوو دووبـارە زنـدوو بکەمەوە ئیدی هیچ شتێك بێتاقەتی نەدەکردم. هەندێ جار دەکەوتمە بیرکردنەوە لە ژوورەکەم و بە خەیاڵ لە سوچێکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکەی ژوورەکەم دەڕۆییشتم، یەك یەك شتەکانی سەر ڕێگەمم دەژمارد. هـەوەڵجار ئـەم کارە زوو تـەواو دەبوو. بـەڵام هـەر کـەڕەتێ کـە دووبـارە دەستم پێدەکردەوە، کەمێك زیاتری دەبرد. چونکە یەك یەك کەل وپەلەکان و دەربارەی هەر کەلو پـەلێکی ژوورەکە، هەر شتێکە بەسەرەوە بایە و دەربارەی هـەر شـتێك هـەموو وردەکارییـەکانی و تەنانـەت خـودی وردەکارییـەکانیش، لـە نەخشـێکەوە بیگـرە تـا درزێـك یـا قـەراخێکی شـکاو، و ڕەنـگ و پەڵەکانی سەر شتەکانم وەبیر دەهێنایـەوە. لـە هـەمان کاتـا هـەوڵم دەدا داوی خـەیاڵم نەپچڕێ، تـا بەتـەواوەتی بیانـژمێرم. بـەجۆرێ لـەم کـارە ڕاهـاتم کـە دوای چـەند هەفتەیـەك دەمتـوانی چـەندین سەعات بەو حاڵەوە بمێنم بێ ئەوەی جگە لە ژماردنی هەموو شتەکانی ناو ژوورەکەم بیر لـە هـیچ شتێکی دیکە بکەمەوە. بەمجۆرە هەرچی پتر بیرم دەکردەوە شتانی گوم و فەرامۆشکراوی زیـاترم لە قوڵایی زەینمەوە دێنایە دەرێ. هەنگێ حاڵی بووم کە پیاوێك تەنیا یەك ڕۆژ ژیابێ دەتـوانێ بـە ئاسانی سەد دانە ساڵ لە زیندانا بژی. چونکە هێندەی بیرەوری لا کۆدەبێتەوە کە بێتاقەت نەبێ. ئەمە بۆخۆی جۆرە دەسکەوتێك بوو.

نارەحەتی خەوتنیش لە ئارادا بوو. لـە سـەرەتادا، شـەوان بـاش نەدەخـەوتم وبـە ڕۆژەوە هـەر نەدەخەوتم. وردە وردە شەوانم باشتر بوو و تەنانـەت دەمتـوانی بـە ڕۆژیـش بخـەوم. ڕاسـتییەکەی لەدوامانگەکاندا، شەوو ڕۆژی شانزە تا هەژدە سەعاتان دەخەوتم. تەنیا شەش سەعات دەمایـەوە کـە ئەویشـم بـە نـانخواردن، پێشـاو، وبـە بیرەوەرییـەکانم و سـەربوری کـابرا چیکۆسـلۆفاکییەکە دەقەتاند.

لە بەینی تەختەکـەمو دۆشـەکە نـاواخن پوشـەکەم دا پارچـە ڕۆژنامەیـەکی کـۆنم دۆزییـەوە کـە تەقریبـەن نووسـابوو بـە بـەرگی دۆشـەکەکەو، تـەواو زەرد هەڵگـەڕابوو و تـەنك بووبـووەوە. ئەمـە سـەربورێکی کـورتی نادیـاری دەگێڕایـەوە کـە هەوەڵەکـەی گـووم بووبـوو، بـەڵام دیـاربوو کـە لـە

چیکۆسلۆفاکیا رووی دابوو. پیاوێك لە گوندێکی چیکەوە بەمەبەستی دەوڵەمەند بوون رۆیی بوو. دوای بیست و پێنج ساڵان، بە دەوڵەمەندی لەگەڵ ژنەکەی و منداڵێکا گەڕابووەوە. دایك و خوشکەکەی لە گوندەکەی زاگەی وی میوانخانەیەکیان بەڕێوە دەبرد. بۆ غافڵگیرکردنی وان، ژن و منداڵەکەی لە ئوتێلێکی دیکەدا دانابوو، و چوو بوو بۆ میوانخانەکەی دایکی کە ئەمی نەناسیبووەوە. هەر بۆ خۆشی و شۆخی هاتبوو بە بیریا کە ژوورێك لەوێندەر بەکرێ بگرێ. پارەکەی پێ نیشاندابوون. دایك و خوشکەکەی، بەمەبەستی دزینی پارەکەی، شەوێ بە چەکوش کوشتبوویان و لاشەکەیان فڕێ دابووە روبارەوە. بەیانی ژنەکەی هاتبوو، وبێ ئەوەی ئاگای لە واریقاتەکان بێ، ناسنامەی رێبوارەکەی ئاشکرا کردبوو. ئیدی دایکەکە خۆی هەڵواسی بوو و خوشکەکەی خۆی خستبووە بیرەوە. ئەم سەربووەم هەزاران جار خوێندبووەوە. لە سەرێکەوە مەحاڵ بوو، بەلام لە سەرێکی دیکەوە ئاسایی بوو. بەڵێ هەستم کرد کە کابرای رێبوار تارادەیەك شایستەی ئەم چارەنووسە بوو. وهەرگیز نابێ شۆخی و تەمسیل بکرێ. بەمجۆرە وەختەکە بە خەو، بیرەوەری، خوێندنەوەی سەربورە چیرۆکەوانییەکەم و بە دووی یەکا هاتنی روناکی و تاریکی، دەبوری. لە شوێنێکا خوێندبوومەوە کە مرۆۋ لە دوائەنجامدا، لە زندانا چەمك و مانای زەمان لەدەست دەدا. بەلام ئەمە بەلای منەوە مانایەکی ئەوتۆی نەبوو. لەمە حاڵی نەبووبووم کە رۆژان چۆن لە هەمان کاتاهەم کورت دەبن و هەم درێژ. بی گومان بۆ ژیانکردن درێژ بوون، بەلام بە رادەیەك دەکشان کە لە ئەنجامدا بەسەر یەکدا دەڕژان و ئاوێتەی یەکدی دەبوون. رۆژەکان لێرەدا ناوی خۆیان لە دەست دەدا. وشەی ((دوێنێ)) و ((سبەی)) تاقە وشەبوون کە بەلامەوە مانایەکیان هەبوو.

کاتێ کە رۆژێك پاسەوانەکە پێی گووتم کە پێنج مانگە لێرەم، باوەڕم پێکرد. بەلام لە ماناکەی حاڵی نەبووم. بەلای منەوە هەمووی هەر ئەو یەك رۆژەبوو کە لەناو زندانەکەمەوە درێژ دەبووەوەو هەمان ئەو کارەبوو کە پەیگیریم دەکرد. ئەو رۆژە کە پاسەوانەکە رۆیی لە تەشتۆکە ئاسنینەکەمدا تەمەشای خۆم کرد، وام هاتە بەر خەیاڵ کە وێنەکەم حاڵەتێکی جدی هەیە و تەنانەت کاتێ کە ویستم بەروویا پێ بکەنم هەر جدی بوو. تەشتۆکەکەم لە بەرانبەر خۆما جولاند. من پێکەنیم و ئەو هەر حاڵەتە جدی و غەمناکەکەی خۆی لەدەست نەدا. رۆژ لە تەواو بوونا بوو ئەو سەعاتە دەهاتە پێشێ کە نامەوێ باسی بکەم. ئەو سەعاتە بێ ناوەی کە سەدای خۆرنشین و شەو لە هەموو قاتەکانی زندانەکەوە بە ناو کاروانی بێدەنگی دا بەرز دەبووەوە. چووە بەر کلاو رۆژنەکە، لەبەر دواتیشکی روناکییەکەدا، جارێکی دیکە روانیمە وێنەکەی خۆم. وێنەکە هەر جدی بوو، ئەمجارەیان سەیر نەبوو چونکە بە خۆیشم هەمان حاڵەتم هەبوو. بەلام لە هەمان کاتدا و بۆ یەکەمین جار پاش تێپەڕبوونی چەندین مانگ، بەروونی گوێم لە ئاهەنگی دەنگی خۆم بوو. دەنگەکەم ناسییەوە، زانیم هەمان دەنگە کە رۆژگارێکی درێژ لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە. ئەوسا حاڵی بووم کە هەموو ئەو کاتە بەتەنێ قسەم لەگەڵ خۆدا کردووە. هەنگێ گووتەی پەرستارەکەم لە کاتی بە خاکسپاردنی دایکما بیرکەوتەوە. نە، هیچ مەفەڕێك نەبوو. کەس ناتوانێ شەوانی زندان تەسەوربکات.

((3))

ناتوانم بڵێم کە ئەو مانگانە درەنگ تێپەڕین، تەنیا ئەوەندە دەزانم بەر لەوەی یەکەمین هاوین تەواو بێ، هاوینێکی دیکە هاتەوەو جێی هاوینی یەکەمی گرتەوە. دەمزانی کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی یەکەم گەرمادا، شتێکی تازەم لێدەقەومێ. دۆسییەکەم هەواڵەی دوا دەورەی دانیشتنی دادگا کرا. ئەم دەورەیە لە مانگی حوزەیرانا کۆتایی دەهات، ئەو ڕۆژەی کە دادگاییەکەی من دەستی پێکرد، لە دەرێ، هەموو شتێك نقومی هەتاو بوو. پارێزەرەکەم دڵنیای کردم کە ئەم دانیشتنانە پتر لە دوو یا سێ ڕۆژ ناخەیەنێ و لەسەری ڕۆیی: ((ئەمە زێدەباری ئەوەی کە دادگا پەلەیەتی. چونکە پرسەکەی تۆ گرنگترین پرسی ئەم دەورەیەی دانیشتنەکە نییە. لەدوای ئەوە یەکسەر دۆسییەی تاوانبارێکی بابکوژ دەخرێتە ڕوو.))

سەعات حەوت و نیوی بەیانی بە دوومدا هاتن. ئۆتومبیلی زندان بۆ هۆڵی دادگای بردم. دوو پۆلیس بردیانمە ژوورێکەوە کە بۆنی تاریکی لێدەهات. لە نزیکی دەرگایەکەوە بەدەم چاوەڕوانییەوە دانیشتین کە لەو دیوییەوە دەنگی هەراو زەناو گواستنەوەی کورسیان و هاتو چۆ دەهات و یادی جەژن و ئاهەنگەکانی گەڕەکی خۆمانی وەبیر دەهێنامەوە کە لەدوای تەواوبوونی ئاهەنگی گۆرانی و کۆنسێرت، کورسییەکانیان دەگواستەوە تا جێگە بۆ سەما کردن بکەنەوە. پۆلیسەکان پێیان گووتم دەبێ چاوەڕوانی ئەندامانی دادگا بین. ویەکێکیان جگەرەیەکی بۆ درێژ کردم کە وەرم نەگرت. دوای تۆزێك پرسی کە ((ئایا دەترسم)). وەڵامم دایەوە: ((نە)). تەنانەت لە سەرێکەوە پێم خۆش بوو کە دادگایەك ببینم. لە ژیانما هەرگیز دەرفەتی وەهام بۆ نەرەخسابوو. پۆلیسی دووەم گووتی: ((بەڵێ، بەڵام لە دوا ئەنجاما بنیادەم ماندوو دەکات.))

دوای کەمێك زەنگێکی بچووك لە هۆڵەکەدا لێدرا. کەلەبچەکانیان لەدەستم کردەوە. دەرگاکەیان کردەوەو بردیانمە شوێنی تاوانباران. هۆڵەکە هێندە قەرەباڵغ بوو دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە سەرزەوی. هەرچەند پەردەکان لانەبرابوون، هەتاو لە گۆشەو کەنارانەوە دەهاتە ژوورەوەو هەوای هۆڵەکە هەناسەی بنیادەمی تەنگ دەکرد. پەنجەرەکان داخرابوون. من دانیشتم و پۆلیسەکان دەوریان گرتم. لەم دەمەدا بوو کە ڕیزێك سیماو دەموچاوم لە بەرانبەر خۆما بینی. هەموویان تەمەشای منیان دەکرد، زانیم کە ئەمانە ئەندامانی دادگان. بەڵام ناتوانم بڵێم کە چ جیاوازییەکیان لە یەکدی هەبوو. تەنیا هەستێکم لادروست بوو کە: من لەبەردەم تەختی تراموایەکدام و هەموو ئەم ڕێبوارە نەناسراوانە لە کەمینان بۆ تازە ڕێبوارێك تا بەوردی تەمەشای ئەداو ئەتواری پێکەنیناوی ئەو بکەن. هەڵبەتە دەمزانی کە ئەمە بەراوردێکی ساویلکانە بوو. چونکە ئەمانە، لێرەدا عەودالی تەمەشاکردنی تاوان بوون، نەك عەودالی ڕەفتارو ئەتواری پێکەنیناوی. لەگەڵ ئەمەشا جیاوازییەکە گەورە نەبوو. بەهەرحاڵ ئەمە بیرێك بوو کە بەزەینمدا هات.

بەهۆی قەرەباڵغییە زۆرەکەی ناو ئەم هۆڵە داخراوەوە کەمێك گێژ بووم. جارێکی دی تەمەشای هۆڵی دادگاکەم کردەوەو هیچ سیمایەکم جیا نەکردەوە. پێم وایە هەوەڵجار نەمزانی کە

ئەم هەموو خەڵكە لە هەولّی دیتنی مندان. لە ژیانما. ئەوەندە خەڵكە لە خەمی منا نەبوون. دەبوایە هەوڵبدەم تاوەكو تێ بگەم كە من هۆی ئەم هەموو هەراو هەنگامەیەم. بە پۆلیسەكەم گووت: ((چەند قەرەباڵغە!)) وەلاّمی دایەوە كە هۆی ئەم قەرەباڵغییە رۆژنامەكانن، وژمارەیەكی پێ نیشاندام كە لەپشت مێزێكەوە لە خوار شوێنەكەی ئەندامانی دادگاوە دانیشتبوون و گووتی: ((ئەوانەن)) پرسیم: ((كێ؟))و دووبارەی كردەوە: ((رۆژنامەكان)). یەكێك لە رۆژنامە نووسەكانی دەناسی كە لەم كاتەدا ئێمەی بینی و بەرەو لامان هات. پیاوێكی بەتەمەن بوو، گەرچی تۆزە گرژییەك بە دەمووچاوییەوە بوو، بەلاّم دەچووە دڵەوە. زۆر بەگەرمی دەستی پۆلیسەكەی گوشی. لەم دەمەدا، ملاحەزەم كرد كە خەڵكەكە كاتێ یەكدی دەبینن چاك و خۆشی دەكەن و پێكەوە قسە دەكەن، رێك وەكو ئەوكاتەی ئینسان لە یانەیەكدا خۆی لە نێو هاوشانانی خۆیدا دەبینێتەوە، خۆشحاڵ دەبێ. حاڵەتێكی غەریب و سەیر گرتمی، هەستم كرد من لە ناویاندا زیادەم، غەیارەم. لەگەڵ ئەمەشا رۆژنامە نووسەكە دەم بەپێكەنین، رووی كردە من و پێی گووتم هێڤیدارە دۆزەكەم بە دڵی خۆم بشكێتەوە. سوپاسم كرد و لەسەری رۆیی: ((دەزانی، ئێمە قەزییەكەی تۆمان كەمێك گەورە كردوەتەوە. هاوین وەرزی كەسادی بازاڕی رۆژنامانە وجگە لە قەزییەكەی تۆ و تاوانبارە بابكوژەكە چ شتێكی دیكەی شایانی باسمان نەبوو.)) ئەوجا لەناو ئەو دەستەیەی كە لای ئەوانەوە هاتبوو، كابرایەكی ریوەڵەی رەقەڵەی نیشاندام كە لە سمۆرەیەكی قەڵەو دەچوو و عەینەكێكی چوارچێوە رەشی لە چاوبوو. گوتی ئەم پیاوە نوێنەری تایبەتی یەكێك لە رۆژنامەكانی پاریسە: ((جا ئەو بۆ دۆزەكەی تۆ نەهاتووە. چونكە راسپێردراوە كە لە دادگایی ئەو تاوانبارە بابكوژەدا بەشداری بكات، و لە هەمان كاتدا داوای لێكراوە كە سەبارەت بە تۆش راپۆرێك ئامادە بكات.)) لێرەدا چی وای نەمابوو كە سوپاسی بكەم. لێ بیرم كردەوە كە ئەم سوپاسگوزارییە مایەی پێكەنین دەبێ. بە دەست ئاماژەیەكی دۆستانەی بۆ كردم و لێمان جیا بووەوە. چەند دەققەیەكی دی چاوەروانمان كرد.

پارێزەرەكەم بە جلی فەرمییەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوكارانیدا وەژوور كەوت. چوو بۆلای رۆژنامە نووسەكان. دەستی گووشین. سوعبەتیان لەگەڵ یەكدیدا كرد. پێكەنین ، تەواو ئاسودە دەهاتنە بەرچاو. تا ئەو كاتەی كە دەنگی زەنگ، لەلای مێزی ئەندامانی دادگاوە بەرز بووەوە. هەمووان لە شوێنی خۆیان دانیشتن. پارێزەرەكەم هات بۆ لای من. دەستی گوشیم و ئامۆژگاری كردم كە بەكورتی وەلاّمی ئەو پرسیارانە بدەمەوە كە لێم دەكرێن، لە قسە كردنا دەست پێشكەری نەكەم و باقی كارەكان بەو بسپێرم.

لای چەپمەوە دەنگی كورسییەكم گوێ لێ بوو كە رایان دەكێشاو شوێن گۆڕكێیان پێدەكرد. و پیاوێكی لاوازی درێژی جل سوورم بینی كە عەینەكێكی تاكچاوی لە چاو كردبوو وبە وریایی چمكی جلەكانی كۆدەكردەوەو دادەنیشت. ئەمە دادوەر بوو. سكرتێری دادگا رەسمییەتی دانیشتنەكەی راگەیاند. لەم دەمەدا دوو پانكەی گەورە كەوتنە خرەخڕ، و سێ قازی، دوانیان بەجلی رەش، سێیەمیان بەجی سوورەوە، دۆسییە بەدەست وەژووركەوتن. و زۆر بە پەلە بەرەو ئەو مێزە چوون كە بەسەر هۆڵەكەدا زاڵ بوو. پیاوە سوورپۆشەكە لەسەر كورسی ناوەڕاست

دانیشــت. کــڵاوە فەرمییەکــەی لــە بــەردەم خۆیــدا دانــا. کەللــە بچــوکە روتاوەکــەی خــۆی بــە دەستەسڕێك سڕی و کردنەوەی دانیشتنەکەی ڕاگەیاند.

ڕۆژنامە نووسەکان قەڵەمەکانیان بەدەستەوە گرت. سیمای هەموویان بێ موبالات و هەندێ پێکەنیناوی بوو. کەچی یەکێکیان کە لەوانی دی گەنجتر بوو، بە جلێکی فلانیلی کەوەیی و بۆینباخێکی شینەوە، پاندانەکەی لەبەردەم خۆیدا دانابوو و تەمەشای منی دەکرد. لە سیماو چارەی هەندێ ناڕێکیا، من چاوە پرشنگدارەکانیم دەبینی کە بەوردی نیگای منی دەکرد، بێ ئەوەی گوزارشت لە شتێکی دیاری کراو بکەن. هەستێکی سەیرم لاپەیدا بوو، ئەو هەستەی کە خۆم خەریکم سەیری خۆم دەکەم. ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێ، هەروەها لەبەر ئەوەی شارەزای عادەت و ڕێو ڕەسمی ئەوێندەر نەبووم، کە دروست حاڵەی نەبووم دواتر چی ڕوویدا، نە قورعەکێشی قازییەکان، نە پرسیارەکانی سەرۆکی دادگا لە پارێزەرەکەم و لە دادسێن و لە ئەندامانی دادگا((هەموو جارێك، سەری هەموو قازییەکان پێکەوە بەرەو لای سەرۆکی دادگا دەسوڕایەوە.))

خوێندنەوەی خێرای دەقی تاوانبارییەکە کە ناوی هەندێ شوێن و کەسانم تیادا ناسییەوە، وئەو پرسیارە تازانەی کە لە پارێزەرەکەم کران، هیچیان بە دروستی حاڵی نەبووم. ئەوجا سەرۆك گووتی نهۆ نۆرەی ئامادەبوونی شایەتەکانە. سکرتێرەکە هەندێ ناوی خوێندەوە کە مایەی سەرنجی من بوون. سەیرم کرد لە نێو ئەو ئاپورایەوە کە تا دەمێك لەوەپێش شێوەیەکی دیاری نەبوو، بەڕێوەبەرو دەرگاوانی لەنگەرخانەکە، تۆماس پیرزی پیر، ریمۆن، ماسۆن، سالامانۆ و ماری یەك یەك هەستان و لە دەرگایەکی لاوەکییەوە وەدەرکەوتن. ماری سووکە ئاماژەیەکی هاوخەمی بۆ کردم. من تا ئەوکاتەی کە سیلست، کە دوا نەفەر بوو کە ناویان خوێندەوە، هەستا، پێم سەیر بوو کە چۆن تا نهۆ نەمدیتبوون. لە پاڵ ئەودا ژنە وردیلە زیتەڵەکەی ریستۆرانتەکەم ناسییەوە، هەمان چاکەتی لەبەردابوو، بەڕقەوە نیگای دەکردم. من کاتی بیرکردنەوەم نەبوو. چونکە سەرۆك دەستی بە قسان کرد. گووتی: نهۆ دادگایی ڕاستەقینە دەست پێدەکات و بە پێویستی نازانێ کە بەئامادەبووان بڵێ ئارام و بێدەنگ بن. بە باوەڕی ئەو بە ڕەچاوکرنی ئەم پرەنسیپە دەشێت دادگاییەك بەشێوەیەکی واقیعبینانەو بێلایەنانە بەڕێوە ببرێ. حوکمی قازیانی دادگا بە گیانێکی دادپەروەرییەوە دەردەچێ . بەهەرحاڵ لەگەڵ بچووکترین پەشێوی دا تەمەشاڤانان دەکاتە دەرەوە.

گەرما زیادی دەکرد و دەمبینی لە هۆڵەکەدا، تەمەشاڤانان بە ڕۆژنامە خۆ باوەشێن دەکەن. خشەخشی بەردەوامی کاغەز هەڵدەستا. سەرۆك ئاماژەیەکی کردو سکرتێرەکە سێ باوەشێنی حەسیری هێنا کە سێ قازییەکە یەکسەر کەوتنە بەکارهێنانیان.

ئیدی لەودەمەوە پرس و جۆی من دەستی پێکرد. سەرۆك بەهێمنی، و بگرە وام هەست دەکرد کە میهرەبانە، دیسان پرسیاری ناسنامەیان لێکردم و وێرای نارەحەتی و تورەییم هەستم کرد کە لەڕاستیا ئەمە کارێکی زۆر ئاساییە. چونکە بۆ دادگا شورەیی بوو ئەگەر کەسێك لەبری کەسێکی دیکە دادگایی بکات. ئەوجا سەرۆك سەربردەی کارەکەی منی شرۆڤە کرد. و دوای

خوێندنـەوەی سـێ ڕسـتەو جارێـك لێـی دەپرسـیم: ((وایـە؟)) منـیش بـەگوێرەی ئامۆژگـاری پارێزەرەکەم، هەموو جارێ وەڵامم دەدایەوە: ((بەڵێ ، جەنابی سەرۆك.)) ئەم کارە درێژەی کێشا. چـونکە سـەرۆك وردەکارییـەکی زۆری تێهەڵکێشـی قەزیەکـە کردبـوو. ڕۆژنامـە نووسـەکان بـە درێژایی ئەم ماوەیە هەر دەیاننووسی. من هەستم بە نیگای هەرەگەنجەکەیان و ئەو ژنە زیتەڵەکە دەکرد. تـەختی تراموایەکە بەتـەواوەتی رووەو سـەرۆك وەرچـەرخابوو. سـەرۆك کۆکەیـەکی کـرد، لاپەرەی دۆسییەکەی هەڵدایەوە، و بەدەم خۆباوەشێن کردنەوە، بۆ لای من ئاوڕی دایەوە. پێی گووتم ئێستا دەبێ هەندێ پرسیاران بکەین کە بەرواڵەت پەیوەندی بەقەزیەکەی منەوە نییـە، بەڵام لەوەیە پەیوەندی نزیکی پێوەی هەبێ. هەستم کرد کە دەیەوێ دیسان باسی دایکم بکات. و لەم دەمەدا هەستم کرد کە ئەم کارە چەند بێتاقەت و ناڕەحەتی دەکردم. لێی پرسیم بۆچی دایکم لە کەترەخانە دانابوو؟ وەڵامم دایەوە چونکە پارەم نەبوو تا لای خۆم گلی بدەمەوەو خزمەتی بکەم. لێی پرسیم ئایا ئەم جوداییە کاری لە شەخسی من کردووە؟ وەڵامم دایەوە کە دایکم و من، چاوەڕوانی هـیچ نـە لەیـەکترو نـە لەکەسـانی دیکـە نـەبووین و هـەردووکمان خوومـان بـە ژیـانی تازەمانـەوە گرتبـوو. هـەنگێ سـەرۆك گـووتی نایـەوێ زۆر لەسـەر ئـەم بابەتـە بـڕوات. ئـەوجا لـە دادستانی پرسی ئایا هیچ پرسیارێکی هەیە لەمن؟ دادستانەکە کە نیوەی پشـتی لـە من بـوو، بـێ ئەوەی نیگای من بکات، گووتی بەیارمەتی جەنابی سەرۆك، دەیەوێ بزانێ کە ئایا گەڕانەوەی من بە تاقی تەنیا بۆ سەر کانییەکە بە قەستی کوشتنی کابرای عەرەب بووە؟ گووتم: ((نە.)). ((چاکە، بۆچی چەکداربووەو لەبەرچی یەکڕاست بـەرەو هـەمان شـوێنی دیاریکراو گـەڕابووەوە؟)) گـوتم بـە ڕێکـەوت بـوو. دادسـتانەکە بەتەوسـەوە گـووتی: ((جارێ ئەوەنـدەمان بەسـە.)) هـەنگێ شـتەکان کەمێك ئاڵۆزان، یـان بـەلای کەمـەوە مـن وام هەسـتدەکرد. بـەڵام دوای هەنـدێ چپـە چـپ و ڕاوێـژان بـەم وبـەو، سـەرۆك کۆتـایی دانیشـتنەکەی ڕاگەیانـد و دانیشـتنی پـاش نیـوەڕۆ بـۆ گـوێگرتن لـە گەواهی شایەتەکان، تەرخان کرا. فریای بیرکردنەوە نەکەوتم. سواری ئۆتومبیلی زندانیان کردم وبۆ زندانەکەیان بردمەوە کە لەوێندەر نانم خوارد. پاش ماوەیەکی کورت هەر بەئەندازەی ئـەوەی کە هەست بکەم ماندووم، هاتنەوە بە شوێنما. هەموو شتێك لە نوێ دەسـتی پێکـردەوەو مـن خـۆم لە هەمان هۆڵداو لە بەردەم هەمان ئەو سیمایانە بینییەوە. بەڵام دنیا زۆر گـەرمتر بووبـوو، هـەموو قازییـەکان و دادسـتان و پارێزەرەکـەی مـن و چـەند ڕۆژنامەنووسـێکیش باوەشـێنیان بەدەسـتەوە بوو، لـەتۆ وایـە بـە موعجیزەیـەك ئەمـە کـراوە. ڕۆژنامەنووسـە گەنجەکـەو ئـەو ژنـە زیتەلەیـەش لـە جێی خۆیان دانیشتبوون، بەڵام ئەمانە خۆیان باوەشێن نەدەکردو خـامۆش و بێدەنگ، تەمەشـای منیان دەکرد.

ئارەقەکەی دەمووچاوم سڕی و تـەنیا کـاتێ وەئاگـا هاتمـەوەو زانـیم لـە کـوێم کـە گـوێم لێ بـوو بەڕێوەبەری لەنگەرخانەکەیان گاز کردو لێیان پرسی کە ئایا دایکم گلەیی لەمن هـەبووە؟ وەڵامـی دایـەوە بـەڵێ، ئەمـە عـادەتی کەسـانی نـاو کەترەخانەکـە بـوو کـە سـکاڵا لـە کـەس وکاریـان بکـەن. سەرۆك داوای لێکرد ڕوونتر قسە بکات کە ئایا دایکم سکاڵای ئەوەی لێدەکردم کـە لـە کەترەخانـە دامنـابوو؟ و بەڕێوەبـەر هەمـدیس گـووتی بـەڵێ. بـەڵام ئـەمجارەیان هیچـی تـری نـەگووت. وەڵامـی

پرسیارێکی دیکەی دایەوە کە گوایە لە هێمنی و ئارامی من، لە ڕۆژی ناشتنی دایکمدا، سەری سوڕمابووە. پرسیاری لێکرا مەبەستی ئەو لە هێمنی و ئارامی چییە؟ هەنگێ بەڕێوەبەر چاوی بڕییە نوکی پێڵاوەکانی، و گووتی لەو ڕۆژەدا من نەم ویستبوو دایکم ببینم و تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش نەگریابووم، و پاش ناشتنەکە بێ ئەوەی بەدیار گۆڕەکەیەوە ڕابمێنم یەکسەر گەڕابوومەوە. شتێکی دیکەش ئەوی سەرسام کردبوو: یەکێك لە مامورانی ناشتنەکە بەوی گوتبوو کە من تەمەنی دایکم نەدەزانی. بۆ ساتێك بێدەنگی بەرقەرار بوو. وسەرۆك لەوی پرسی ئایا ئەو قسانەی کە کردنی بەڕاستی دەربارەی منە؟ لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەر لە پرسیارەکە حاڵی نەبوو، سەرۆك پێی گووت: ((ئەمە یاسایە.)) ئەوجا سەرۆك لە دادستانی پرسی ئایا هیچ پرسیارێکی لە شایەدەکە هەیە؟ و دادستانەکە هاواری کرد: ((نەخێر ئەوەندە بەسە.)) و ئەم ڕستەیەی هێندە بە خرۆشەوە و هێندە بە نیگایەکی سەرکەوتوانەوە ڕووەوە من گووت، کە بۆ یەکەمین جار دوای چەندین ساڵ، ئارەزوویەکی گەوجانەی گریان گرتمی. چونکە هەستم کرد کە تا چ ڕادەیەك مایەی نەفرەت و بێزاری ئەو خەڵکانەی ئەوێندەرم.

سەرۆك لە قازییەکان و لە پارێزەرەکەمی پرسی کە ئایا پرسیاریان نییە. دەرگاوانی کەترەخانەکەی گاز کرد. سەبارەت بەویش وەکو خەڵکانی دی هەمان تەشریفات دووبارە بووەوە. دەرگاوانەکە کە هات نیگایەکی منی کردو چاوانی خۆی وەرگێڕا. وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە لێی کران. گووتی کە من نەمویستبوو دایکم ببینم. و جگەرەم کێشابوو و خەوتبووم و دواجار شیرو قاوەم خواردبووەوە. لەم کاتەدا هەستم کرد کە شتێك هەموو هۆڵەکەی هاڕوژاند. و بۆ یەکەمجار زانیم کەمتەرخەم بووم. دەرگاوانەکەیان والێکرد مەسەلەی شیرو قاوەکەو جگەرەکێشانەکە دووبارە بکاتەوە. دادستان بە نیگایەکی پڕ لە پڕشنگی تەوسەوە تێی ڕوانیم. لەم دەمەدا پارێزەرەکەم لە دەرگاوانەکەی پرسی ئایا ئەو لەگەڵ منا جگەرەی نەکێشابوو؟ بەڵام دادستانەکە بە توندی دژی ئەم پرسیارە وەستایەوەو گووتی: ((تاوانبار لێرەدا کێیە؟)) ئەم ڕێبازی بوختان کردنە بە شایەدان لە پای چی؟ بەم بوختانانە دەیانەوێ لە گرنگی ئەو شایەتیانە کەم بکەنەوە کە بە هەموو حاڵ و حیسابێك شایەتی بنجبڕو سەلمێنەری تاوانەکەن.)) وێرای ئەمەش دادستان داوای لە دەرگاوانەکە کرد کە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. پیرەمێرد بە پەشۆکاوی گووتی: ((من چاك دەزانم کە هەڵەم کرد. بەڵام دڵم نەهات جگەرەکەی ئاغا ڕەت بکەمەوە.)) لێرەدا لە منیان پرسی ئایا شتێکی زیاترم هەیە بیڵێم. وەڵامم دایەوە: ((هیچم نییە تەنیا ئەوەنەبێ کە بڵێم شایەدەکە ڕاست دەکات. ڕاستە من جگەرەم دایێ.)) هەنگێ دەرگاوانەکە بە کەمێك سەرسامی ئاوێتە بە سوپاسگوزاری نیگای کردم. کەمێك پەشۆکاو وئەوجا گووتی کە ئەو قاوەو شیری بە من دابوو. پارێزەرەکەم وەکو ئەوەی فەتحێکی گەورەی کردبێ، بە هات و هاوارەوە ڕایگەیاند کە ئەندامانی دادگا ئەم خاڵە ڕەچاو دەکەن. بەڵام دادستان لە سەروومانەوە هاواری کرد و گووتی: ((بەڵێ ئەندامانی دادگا ڕەچاوی دەکەن و ئەو ئەنجامگیرییە دەکەن کە پیاوێکی بێگانە دەتوانێ قاوە پێشکەش بکات، بەڵام کوڕێك لە بەردەم جەنازەی کەسێکدا کە

بوون وژیانی پێ بەخشیوە، دەبێ ئەوە رەفز بکات.)) دەرگاوانەکە گەڕایەوەو لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتەوە.

کە نۆرە هاتە سەر تۆماس پیرز، دەبوو دەرگاوانێك دەستی بگرێ تا بیگەیەنێتە محەجەرەکە. پیرز گووتی تەنیا دایکمی دەناسی و منی تەنیا جارێك، ئەویش لە رۆژی ناشتنەکەدا دیتووە. پرسیاری لێکرا کە من لەو رۆژەدا چیم دەکرد. وەلآمی دایەوە: ((من بە خۆم لەو رۆژەدا یەجگار خەمباربووم، حالّی هەن. لەبەر ئەمە هیچم نەبینی. خەم و پەژارە بەری چاویان گرتبووم، هیچم نەدەبینی، چونکە ئەم رووداوە بۆ من خەمێکی زۆر گەورە بوو. تەنانەت بورامەوە. بۆیە نەمتوانی ئاغا بدینم.)) دادستانەکە لێی پرسی: ئاخۆ بەلای کەمەوە منی بینیوە کە بگریم. پیرز وەلآمی دایەوە نە. هەنگێ دادستانەکە گووتی: ((ئاغایانی قازی ئەم خالّە رەچاو دەکەن.)) بەلآم ئەوقاتەکە تورە بوو. بە دەنگێك کە موبالەغە ئامێز هاتە بەرچاوم لە پیرزی پرسی: ((ئایا دیتبووی کە من نەگریم.)) پیرز گووتی((نە)). وخەلّکەکە پێکەنین. پارێزەرەکەم بەدەم هەلّکردنی قۆلّێکییەوە بە دەنگێکی بنجبڕ گووتی: ((ئەمە بە ماهییەتی ئەم دادگاییە هەموو شتێك راستەو هیچ شتێك راست نییە!)) دادستان ئەم قسەیەی پشت گوێ خست، و بە نووکی قەلّەمێك، عینوانی دۆسییەکای کون دەکردو بە روالّەت خەمساردو بێموبالات دەینواند.

دوای پشوویەکی پێنج دەققەیی کە پارێزەرەکەم لەو ماوەیەدا پێی گووتم هەموو شتەکان خەریکە بە باشی دەچنە پێشێ، سیلست–یان بانگ کرد کە وەکو شایەتی بەرگری بۆ دادگا هێنابوویان. مەبەست بەرگری لە من بوو. سیلست جارجارێ تەمەشایەکی لای منی دەکردو کلآوە حەسیریەکەی بەدەستییەوە با دەدا، ئەو جلە نوێیەی لەبەر بوو کە هەندێ یەکشەمووان لەبەری دەکرد و لەگەلّ مندا بۆ جریدبازی ئەسپان دەهات. بەلآم پێم وایە نەیتوانی بوو بۆینباخ ببەستێ چونکە تەنیا یەك دوگمەی مسین یەخەی کراسەکەی دادەخست. لێیان پرسی ئایا من مشتەری ئەوبووم؟ و گووتی: ((بەلّێ، جگە لەمە دۆستیشم بوو.)) لێیان پرسی رای دەربارەی من چییە وەلآمی دایەوە کە من پیاو بووم. لێیان پرسی مەبەستی لەم قسەیە چییە وەلآمی دایەوە هەموو کەسێك مانای ئەم قسەیە دەزانێ. لێیان پرسی ئایا من بنیادەمێکی مەنگ و کەم دووبووم؟ وەلآمی دایەوە ئەوەی ئەو زانیویەتی کە من تەنیا کاتێ قسە دەکەم کە قسەیەکم پێ بێ. دادستانەکە لێی پرسی ئایا من بە رێك و پێکی پارەی خواردنەکانم دەدا؟ سیلست پێکەنی و گووتی: ((ئەمانە وردەشتی بەینی خۆمان بوو)). لێیان پرسی رای دەرهەق بە تاوانەکەی من چییە. لەم دەمەدا دەستی بە محەجەرەکەوە گرت و پێدەچوو پێشوەختە شتێکی ئامادە کردبێ، گووتی: ((بەڕای من ئەمە روداوێکی چاوەروان نەکراوبوو، یان دەشێت بگوترێ بەلآیەکی ناگەهانی بوو. بەلآیەك کە بنیادەم دەرەقەتی نایەت.)) دەیویست درێژە بە قسەکانی بدات بەلآم سەرۆکی دادگا پێی گووت زۆر باشە، بەسە، سوپاس. هەنگێ سیلست کەمێك داماو گووتی هێشتا قسەی ماوە. داوایان لێکرد کورتی بکاتەوە. هەمدیس دووبارەی کردەوە کە ئەمە بەلآیەکی ناگەهای بوو. رووداوێکی چاوەروان نەکرابوو. و سەرۆکی دادگا گووتی: ((بەلّێ بەلّگە نەویستە لێ ئێمە بۆیە لێرە کۆدەبینەوە تا دەربارەی ئەم جۆرە رووداوانە بە گوێرەی قانون

داوەری بکەین، دەتوانی دانیشیت.)) هەنگێ سیلست کە پێدەچوو زانیاری و چاکە خوازییەکانی تەواو بووبێ، ئاوڕێکی لای منی دایەوە. وام هاتە بەرچاو کە چاوەکانی دەبریقێنەوەو لێوەکانی دەلەرزن: وەکو ئەوە بوو کە بەمن بڵێ: لەوەی پتر چم لەدەست دەهات؟ من هیچم نەگووت. وهیچ رەفتارێکم نەنواند، بەلاّم بۆ یەکەمجار لە ژیانما حەزم کرد پیاوێك لە ئامێز بگرم و ماچی بکەم. سەرۆك دیسان ئەمری پێکرد کە محەجەرەکە بەجێ بێڵێ. سیلست رۆیی و لە شوێنی شایەتەکان دانیشت. بە درێژایی کاتی دادگاییەکە هەر لەوێندەر دانیشتبوو. خۆی کەمێك بە پێشا دانەواندبووەوە، ئانیشکەکانی نابوونە سەر زرانییەکانی و کلاّوە حەسیرییەکەی بە دەستەوە بوو. گوێی لە هەموو ئەو قسانە دەگرت کە دەکران.

ماری وەژوورکەوت. کلاّوێکی لەسەر بوو و هێشتا هەر جوان بوو. بەلاّم من بەقژی رووتەوە پترم خۆش دەویست و لەو شوێنەوە کە لێی دانیشتبووم بارستایی ناسکی مەمکەکانیم دەبینی، و هەروەها لێوی خوارەوەی کە هەمیشە تۆزێك ئاوسا بوو و هەمیشە منی فریو دەدا. زۆر تورە دیار بوو، هەوەڵجار پرسیاری لێکرد کە لەکەیەوە منی ناسیوە. باسی ئەو زەمانەی کرد کە لە دایەرەی ئێمەدا کاری دەکرد. سەرۆکی دادگا ویستی بزانێ کە پەیوەندی لە گەڵ منا چۆن بووە. ماری گووتی کە هاوڕێی من بووە. لە وەلاّمی پرسیارێکی دیدا گووتی: راستە قەرار بوو ببمە ژنی. دادستانەکە کە دۆسییەکی هەڵدەدایەوە، لەنکاو لێی پرسی پەیوەندی ئێمە لە چ رۆژێکەوە دەستی پێکردبوو. ماری رۆژەکەی گووت. دادستانەکە بە ساردییەوە گووتی وابزانێ کە ئەم رۆژە یەکەم رۆژی دوای مردنی دایکی منە. ئەوجا بەتەوسەوە گووتی هەرچەند نایەوێ پێ لەسەر ئەم خاڵە ناسکە دابگرێ چونکە هەست بە نارەحەتی و ختوکەدانی بیرەوەرییەکانی ماری دەکات و لێی دەگات، بەلاّم (لێرەدا تۆنی قسەکەی زۆر توند بوو) ئەرکی سەرشانی وای لێدەخوازێ کە گوێ بە هەلو مەرجی ئەدەب نەدات. هەنگێ داوای لە ماری کرد کورتەی رووداوەکانی ئەو رۆژەی کە لە نزیکەوە منی ناسی، بگێڕێتەوە. ماری نەیدەویست قسە بکات. بەلاّم لە ژێر گوشاری دادستانەکەدا چیرۆکی مەلەکردنەکەمان و چوونە سینەماو گەڕانەوەمانی بۆ ماڵەکەی من باس کرد. دادستانەکە گووتی دوای ئیفادەکانی ماری لەبەردەم دادگا، لە بەرنامەکانی سینەمای ئەو رۆژە تەواو وردبووەتەوە. و ئەوجا لەسەری رۆیی کە ماری بەخۆی پێمان دەڵێت کە لەو کاتەدا چ فیلمێك پیشاندەدرا. ماری بە دەنگێکی مەیلەو روون گووتی کە فیلمێکی فرناندل بوو. کاتێ کە ئەو قسەکانی تەواو کرد بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. هەنگێ دادستانەکە بە ویقارێکی زۆرەوە هەستاو بەدەنگێکی پڕ لە هەڵچوونەوە، لە حاڵێکا کە قامکی بەرەو من درێژ کردبوو، بەکاوەخۆو وشە بەوشە دەستی بە قسان کرد: ((ئاغایانی قازی! ئەم پیاوە رۆژی دوای مردنی دایکی، بۆ مەلەوانی دەچێت بۆ کەنار، پەیوەندی ناڕەوا لەگەڵ ژنێکدا دەست پێ دەکات. و هەر بۆ پێکەنین دەچێتە فیلمێکی کۆمیدی و پێکەنیناوی. چ شتێکی ترم نییە پێتانی بڵێم.)) ودانیشت. بێدەنگییەکە بە هەمان دەقەوە بەردەوام بوو. بەلاّم لە پڕ ماری لەسەلاّی گریانی داو گووتی وانییەو شتی دیکە لەئارادایە و ناچاریان کردووە کە بەپێچەوانەی بیری خۆیەوە قسە بکات، ومن باش دەناسێت و من هیچ

کارێکی خراپم نەکردووە. بەڵام دەرگاوانەکە، بە ئاماژەیەکی سەرۆکی دادگا ماری بردە دەرێ و دادگاییەکە بەردەوام بوو. ئەوجا دەنگی ماسۆن هات کە دەگووت من پیاوێکی ئابڕومەند بووم، و بگرە کوڕێکی مەندو کەم دوو بووم.)) هەڵبەتە هیچ کەسێك گوێی نەدایێ. هەروەها کەس گوێی بە سالامانۆش نەدا کە دەیگووت من هەڵس و کەوتم لەگەڵ سەگەکەیا باش بووە. و لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەمن و دایکم گووتی کە من هیچ قسەیەکم پێ نەبوو لەگەڵ دایکما بیکەم، لەبەر ئەوە لە کەترەخانەم دانابوو. سالامانۆ دەیگووت: ((دەبێ تێبگەن، پێویستە تێبگەن.)) بەڵام پێناچوو چ کەسێك تێبگات. و کرایە دەرەوە. ئەوجا نۆرە هاتە سەر ریمۆن کە دوا شایەد بوو. ریمۆن سوکە ئاماژەیەکی بۆ من کردو یەکسەر گووتی کە من بێگوناح بووم، بەڵام سەرۆك گووتی تاوانباری یا بێتاوانی منیان لەو ناوێ، بەڵکو باسکردنی ڕووداوەکەی لێدەپرسن. سەرۆك داوای لێکرد کە سەبر بکات تا پرسیاری لێدەکەن ئەوجا وەڵام بداتەوە. داوایان لێکرد کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ کوژراوەکەدا رون بکاتەوە. ریمۆن ئەمەی بە هەلزانی و گووتی پاش ئەوەی زللەیەکی لە خوشکی کوژراوەکە دابوو، ئیدی کوژراوەکە رق و کینەی لێ هەڵگرتبوو. لەگەڵ ئەمەشا، سەرۆك لێی پرسی کە ئایا دژمنایەتی کوژراوەکە دەرهەق بە من هۆیەکی هەبووە. ریمۆن گووتی بوونی من لە کەناری دەریا تەنیا رێکەوت بوو. هەنگێ دادستان لێی پرسی، ئەدی چۆن ئەو نامەیەی کە سەرچاوەی ئەم ڕووداوەیە لەلایەن منەوە نووسرابوو. ریمۆن وەڵامی دایەوە ئەمەش رێکەوت بوو و دادستانەکە گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی کە تا نهۆ رێکەوت لەم روداوەدا کارێکی شوم و خراپی کردۆتەسەر هەست و هوشیاری. و ویستی بزانێ کاتێ کە ریمۆن توقاتی لە ماشوقەکەی دابوو، ئایا رێکەوت بووە کە من دەخالەتم نەکردبوو؟ ئایا رێکەوت بووە کە لە پۆلیسخانەدا بە قازانجی ئەو شایەتیم دابوو؟ و هەروەها ئایا رێکەوت بووە کە لەو شایەتییەدا مجامەلەم کردووە؟ لە کۆتایی دا لە ریمۆنی پرسی کە چۆن دەژی و کە ریمۆن لە وەڵاما گووتی دوکاندارە، دادستانەکە بە قازییەکامنی راگەیاند کە لە نێو خەڵکیدا وەها باوە کە کاری ئەم شایەدە گەوادییە. و منیش شەریکی تاوان ودۆستی ئەو بووم. و لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ یەکێك لە نزمترین جۆرە ڕووداوی نەنگینە، ئەمە جگە لەوەی لەمبارەیەوە لە رووی ئەخلاقییەوە، روو بەرووی بنیادەمێکی شەیتان سیفەتین. ریمۆن ویستی بەرگری بکات و پارێزەرەکەم ئیعترازی گرت. پێیان گووتن کە دەبێ رێگە بدەن دادستان قسەی خۆی تەواو بکات. دادستان گووتی: ((چ شتێکی وا نەماوە)) و لە ریمۆنی پرسی: ((ئایا ئەو دۆستی تۆ بوو؟)) وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، هاوڕێم بوو.)) هەنگێ دادستان هەمان پرساری لە من کرد و من تەمەشایەکی ریمۆنم کرد کە هێشتا نیگای لە من نەگواستبووەوە.و وەڵامم دایەوە: ((بەڵێ)) ئەوسا دادستان رووی کردە ئەندامانی دادگاو گووتی: ((هەمان ئەو پیاوەی کە رۆژی پاش مردنی دایکی، دەست دەداتە نەنگینترین پەیوەندی ناڕەوا، بە بێ هۆو بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی ڕووداوێکی بێ ناموسیی لە گووتن نەهاتوو، پیاوێکی کوشتووە.))

ئەوسا دانیشت. بەڵام پارێزەرەکەم کە کاسەی سەبری سەرڕێژ بووبوو دەستی خۆی بەرزکردەوە، بە جۆرێ کە قۆڵەکانی داخزین و چینی کراسە ئاهارییەکەی بە دیارکەوت، وهاواری

کرد: ((نەمانزانی ئایا ئەو بەوە تاوانبارە کە دایکی ناشتووە یا بەوەی کە پیاوێکی کوشتووە؟))و خەڵکەکە پێکەنین. بەڵام دادستانەکە دیسان هەستا. چرچی جبەکەی ساف کردو گووتی:مرۆڤ دەبێ بە قەد جەنابی پارێزەر ساویلکەبێ تا بەستەگی قووڵ و پڕ سوێ وزەروری ئەم دوو بابەتە حاڵی نەبێ. بە هەموو هێزییەوە هاواری کرد: ((بەڵێ ، من ئەم پیاوە بەوە تاوانبار دەکەم کە بە دڵ ودەروونی کەسێکی تاوانکارەوە دایکی بە خاك سپاردووە.)) وادیار بوو کە ئەم قسەیە کارێکی زۆری کردە سەر ئاپوراکە. پارێزەرەکەم شانەکانی هەڵتەکاند و ئەو ئارەقەیەی کە نیشتبووە سەر تەوێڵی سڕی و وا دەهاتە بەرچاو کە بۆڕی خواردووە و ئیدی من حاڵی بووم کە رەوتی کارەکان بە قازانجی من ناڕوات.

دانیشتنی دادگاییەکە هەڵگیرا. کاتێ کە لە تەلاری دادگا هاتمە دەرێ تا سواری ئۆتومبیلی زندان ببم، بۆ ساتێکی کورت خایەن، رەنگو بۆی شەوی هاوینم لە درزی دەرگاکانەوە هەست پێکرد. لە تاریکایی ژوورە بزۆزەکەمەوە، لە قوڵایی مێشکی ماندوومەوە، هەموو دەنگە ئاشناکانی شارێکم لا زندوو بووەوە، شارێك کە خۆشم دەویست، کات و ساتێ کە زۆربەی کات تیایدا خۆشحاڵ بووم دووبارە لام بەرجەستە بووەوە. هاواری رۆژنامە فرۆشان لە هەوای فێنکدا، دوا باڵندانی مەیدانەکە، جاڕی سەندەویچ فرۆشان، نەڕەنەڕی تراموایان لە پێچە هەورازەکانی شاردا، زەمزەمەی ئاسمان بەرلەوەی شەو باڵ بەسەر بەندەرا بکێشێت، هەر هەموو ئەمانە بۆ من رێك زناکی کوێران بوون، کە بەر لەچوونە زندانم ، بەباشی دەمناسین. بەڵێ ، ئەمە ئەو سەعاتە بوو کە جارانی زۆر پێش ئێستا تیایدا شادمان بووم. ئەو شتەی کە ئەوسا لەم سەعاتەدا چاوەڕوان بووم، هەمیشە خەوێکی سووك و بێ خەون بوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشا شتێك گۆڕابوو. چونکە لە چاوەڕوانی سبەینێدا تەنیا ژووری زندانەکەم بوو کە دەیگرتمە خۆی. وەك بڵێی ئەو جادە ئاشنایانەی کە لە ئاسمانی هاویندا رەسم کرابوون دەیانتوانی بە شێوەیەکی یەکسان هەم بگەنە خەوی بێگەرد، و هەم بگەنە زندان.

((4))

تەنانەت لەسەر کورسی تاوانبارانیش دا مایەی سەرنجە کە مرۆڤ گوێ لەقسەی کەسانی دی بگرێ دەربارەی خۆی. دەتوانم بڵێم لە قسەکانی دادستان و پارێزەرەکەما لەڕاستیدا زیاتر دەربارەی شەخی من قسە کرا تا دەربارەی تاوانەکەم. ئایا ئەم قسەو گەنگەشانە زۆر لێکدی جیاواز بوون؟ پارێزەرەکە دەستی هەڵدەبڕی ووەکو تاوانبارێك بەرگری لێدەکردم و داوای بەخشینی بۆ دەکردم. دادستانەکە دەستی درێژ دەکردو تاوانباری منی رادەگەیاند، بێ ئەوەی داوای بەخشینم بۆ بکات، لەگەڵ ئەمەشا شتێك بەشێوەیەکی نادیارو ئاڵۆز نارەحەتی دەکردم، وێڕای جەنجاڵی بیرم، زۆر جار بەسەرما دەهات کە قسەیەك بکەم. لێ پارێزەرەکەم لەوکاتەدا دەیگووت: ((بێدەنگ بە، بێدەنگی زیاتر بە قازانجی تۆیە.)) لەوە دەچوو کە کاری دادگاییەکە لە دەرێی بوونی مندا حەل وفەسل بکەن وهەموو شتێك بەبێ تەدەخولی من بەرێوە دەچوو. بەبێ ئەوەی پرسێك بەمن بکەن یان ڕایەکم وەربگرن، چارەنووسی من دیاری دەکرا. جارجارێ لە

کەللەی دەدام کە قسەی هەمووان ببڕم و بڵێم: ((بەهەرحاڵ کێ تاوانبارە؟ تاوانباربوون مەسەلەیەکی گرنگە. ومنیش قسانم هەیە کە پێویستە بیکەم!)) لێ کە بیرم دەکردەوە دەمبینی هیچم پێ نییە بیڵێم. ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئەو کەیفەی پیاو لە مژولکردنی خەڵکی بە خۆوە دەیبینێ، زۆر ناخایەنێ. بۆ نموونە مرافەعەکانی دادستان زۆر زوو بێتاقەتیان کردم. تەنیا هەندێ بڕگە یا رەفتار یا هەندێ ڕستەی تەواو کە لە کۆی قسەکانی جیابوون، سەرنجیان رادەکێشام یان دەیانهاڕوژاندم.

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، بنەمای بیرکردنەوەی دادستانەکە ئەمە بوو کە من تاوانەکەم بە ئانقەست ئەنجام دابوو. یان بەلای کەمەوە هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێ. وەکو خۆی دەیگووت: ((ئاغایان بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم نەك بەڵگەیەك بەڵکو دوو بەڵگەی بتەوم بەدەستەوەیە. یەکەم لەبەر رۆشنایی ئاشکراو بێ چەندو چوونی رووداوەکان و دووەم لەبەر ئەو رۆشناییە لێڵەی کە دەرونی ئەم رۆحە تاوانکارە بۆمی فەراهەم دەکات.)) ئەوجا هەموو رووداوەکانی لە دوای مەرگی دایکمەوە بە کورتی گێڕایەوە. ئەمجارەش بێ موبالاتی و خەمساردی من، بێ ئاگاییم لە تەمەنی دایکم، چوونە مەلەوانیم لە رۆژی پاش مردنی دایکم، ئەویش لەگەڵ ژنێکا، سینەمای فرناندل و دواجار گەڕانەوەمی لەگەڵ ماری دا بۆ ماڵەوە دووبارە کردەوە.

لەم دەمەدا ماوەیەك بیرم کردەوە تا لە قسەکەی حاڵی بم. چونکە سەبارەت بە ماری دەیگووت: ((ماشوقەکەی))و بەلای منەوە ماری تەنیا ماری بوو. ئەوجا یەکسەر هاتە سەر باسی ریمۆن، و ئیدی زانیم کە تێگەیشتنی بۆ رووداوەکان لە ڕونی و ڕاستی بەدەر نییە. ئەوەی ئەو دەیگووت لە ڕاستییەوە نزیك بوو. من لەگەڵ ریمۆندا نامەیەکم نووسی بوو تا ماشوقەکەی فریوو بدەم و تەسلیم بە بەدرەفتاری کابایەکی((ئەخلاق گومانـاوی.)) بکەم. لە کەناری دەریادا ڕەقیبەکەی ریمۆنم هاڕوژاندبوو، ریمۆن زامدار بوو بوو ومن دەمانچەکەیم بردبوو و بەتاقی تەنیا گەڕابوومەوە تا بەکاری بێنم. وەکو چۆن پێشتر نەخشەم بۆ کێشابوو گوللەیەکم بەکابرای عەرەبەوە نابوو: چاوەڕوانم کردبوو و((هەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارەکە بەباشی ئەنجام دراوە)) هەمدیس بەکاوەخۆو بەوردی و بە هوشیارییەوە چوار گوللەی دیکەم تیا خاڵی کردبووەوە.

دادستانەکە گووتی: ((فەرموون ئاغایان م لەبەردەم ئێوەدا باسی ئەو زنجیرە رووداوانەم کرد کە ئەم پیاوەیان بە هوشیارییەوە بەرەو قەتڵ بردووە– وگووتی– من جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەمەوە. چونکە لێرەدا باس باسی تاوانێکی ئاسایی یا کارێکی لائیرادی نییە، کە ئەنگۆ بتوانن حیسابی کاریگەریی وەزع و حاڵەکانی بۆ بکەن، ئەم پیاوە زیرەکە، هوشیارە، گوێتان لە قسەکانی بووە، وانییە؟ دەزانێ چ وەلاٚمێك بداتەوە. بایەخی پەیڤان دەزانێ و ناشێت بگوترێ بێ ئاگایانەو بێ مەبەست ئەو کارەی ئەنجام داوە.))

من گوێم دەگرت و گوێم لێ بوو کە بەزیرەك و هوشیارم دەزانن. بەلاٚم باش حاڵی نەدەبووم کە چۆن دەشێت خەسڵەتی کەسێکی ئاسایی بە بارێکی قورس بۆ تاوانبارێك بێتە ژماردن. بەهەر حاڵ ئەم بابەتە پەستی کردم و ئیدی گوێم لە دادستانەکە نەگرت تا ئەو دەمەی کە گوێم لێ بوو

دەیگووت: ((ئایا هیچ پەشیمانییەکی دەربڕیوە؟ هەرگیز ئاغایان! بە درێژایی ماوەی تەحقیقەکە تەنانەت تاقە جارێکیش ئەم شەخسە سووی لە تاوانە چەپەڵەکەی خۆی نەخواردووە.)) لەم ساتەدا، لە کاتێکا کە درێژەی بە قسە ناخۆشەکانی خۆی، کە لەراستیا هۆیەکەیم نەدەزانی، دەدا، بۆ لای من وەرسوڕاو قامکی بۆ ڕاکێشام. هەڵبەتە ناچاربووم کە هەق بەو بدەم. من زۆر لەو کارەی کە کردبووم ژێوان نەبووم. بەلاّم سەرم لەم هەموو کەرەب و کینەکێشییە سوڕ دەما. حەزم دەکرد دۆستانەو بگرە دڵسۆزانە ئەوەی بۆ روونبکەمەوە کەتا نهۆ هەرگیز نەمتوانیوە لە هیچ شتێك ژێوان ببمەوەو سووی لێ بخۆم. من هەمیشە بایەخم بەوەداوە کە روودەدا، ئەمرۆ بێ یا سبەی. بەلاّم هەڵبەتە بەو وەزع و حاڵەوە کە منیان تێ خزاندبوو، نەمدەتوانی لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەمجۆرە قسان بکەم. هەقی ئەوەم نەبوو خۆم میهرەبان بنوێنم، هەقی ئەوەم نەبوو خۆم چاکەخواز نیشان بدەم. هەمدیس هەوڵمدا گوێ بگرم. چونکە دادستانەکە دەرهەق بە رۆحی من قسەی دەکرد.

دەیگووت کە: ئاغایانی قازی لە رۆحی من وردبووەتەوە، بەلاّم هیچ شتێکی تیا نەبینیوە. دەیگووت لەڕاستیا من رۆحم نییە وهیچ خەسڵەتێکی مرۆڤانی لە مندا نییە. لەو پرەنسیپە ئەخلاقیانەی کە دڵی مرۆڤ دەپارێزن تاقە یەکێکیانم تیا نییە. و لەسەری رۆیی: ((بێگومان ناتوانین گلەیی نەبوونی شتێکی لێ بکەین کە نەیتوانیوە بە دەستی بێنێ. بەلاّم لێرەدا، لەم دادگاییەدا، فەزیلەتی سەلبی لێبوردەیی و مەدارا بگۆڕێ بۆ فەزیلەتێکی سەخت تر، بەلاّم بالاّتر، بۆ فەزیلەتی دادپەروەری. بەتایبەتی کاتێ کە دڵێکی ڤالا، بەو جۆرەی کە لەم پیاوەدا دەی بینین دەبێ بە هەڵدێرێك و مەترسی ئەوەی لێدەکرێ کۆمەڵگەی تێ بکەوێ.)) لەم دەمەدا بوو کە باسی تەرزی رەفتاری منی لەگەڵ دایکما هێنایە ئاراوە. هەر هەموو ئەو شتانەی کە لەماوەی محاکەمەکەدا باسی کردبوون، دووبارەی کردنەوە، لێ زۆر زیاتر لەو کاتەی کە سەبارەت بە تاوانەکەی من قسەی دەکرد، قسەی کرد. هێندەی درێژدادڕی کرد کە ئەنجام جگە لە گەرمای ئەو بەیانییە هەستم بە هیچی دی نەدەکرد تا ئەو دەمەی کە دادگەرەکە لە قسە وەستاو دوای کەمێك بێدەنگی، دووبارە بەدەنگی بەرزو کاریگەر دەستی بە قسان کردەوە: ((ئاغایان، ئەم دادگایە سبەینێ دەربارەی چەپەڵترین ودزێوترین تاوان، واتا تاوانی بابکوژی داوەری دەکات.)) بە باوەڕی ئەو تەسەور لە هەنبەر ئەم تاوانە ترسناکەدا دەستەوستان دەبێ. دەیگووت بەو پەڕی جورئەت و ڕاشکاوییەوە هێڤیدارە کە دادخوازی جەماوەری خەڵك بێ هیچ کەم و کوڕی و سستییەك سزای ئەم تاوانە بدات. بەلاّم لە گووتنی ئەمەش نەدەپرینگایەوە کە ئەو نەفرەتەی ئەم تاوانی بابکوژییە لە لای دروست کردبوو، لەچاو ئەو نەفرەتەی کە لە ئەنجامی خەمساردی و بێ موبالاتی منەوە لای دروست بووبوو، کەمتر بوو زیاتر نەبوو. هەروەها بەباوەڕی ئەو، پیاوێك کە لەرووی ئەخلاقییەوە دایکی خۆی بکوژێ، وەکو هەمان تاوانکارە کە دەستی تاوانی بۆ ئەو کەسە درێژ کردووە کە ژیانی پێ بەخشیوە، زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ. بەهەرحاڵ یەکەمیان زەمینە بۆ دووەمیان خۆش دەکات. یەکەمیان بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرمەشقی دووەمەو شەرعیەتی پێ دەبەخشێت، و بەدەم دەنگ بەرزکردنەوە لەسەری رۆیی: ((ئاغایان، من دڵنیام کە ئەگەر بڵێم

ئەو پیاوەی کە لەسەر ئەم تەختە دانیشتووە تاوانەکەی لە گەڵ تاوانی ئەو پیاوەدا کە دەبێ سبەینێ لێرەدا دادگایی بکرێ یەکێکە، ئەوا لێم ناگرن و قسەکەم بە زیادەڕۆیی نازانن. لە ئەنجامدا دەبێ بە سزای خۆی بگات.))لێرەدا دادستانەکە سەروچاوی لە ئارەقە هەڵکشاوی خۆی سڕی و ئەوجا گووتی هەرچەندە ئەرکێك بە سوێی لە ئەستۆیە، بەڵام بێ دوودڵی ئەنجامی دەدات، و رایگەیاند کە من هیچ کارێکم بەکاری کۆمەڵگەوە نەبووە کە بنەرەتیترین یاساو رێ و رەسمەکانیم پێشێل کردووە، و لەدوائەنجاما ناتوانم بە دڵێکەوە کە سەرەتایی ترین کاردانەوەی نییە داوای کۆمەك لە کۆمەڵگەیەکی واهی بکەم، ئەوجا گووتی: ((من سەری ئەم پیاوەم لە ئێوە دەوێ و بەدڵێکی ئاسودەوە ئەم داوایەتان لێدەکەم, چونکە ئەگەرچی لەماوەی ئەم کارە دوورودرێژەمدا چەندین جار داوای ئەم جۆرە سزا قورسانەم کردووە، دەبێ ئەوە بڵێم کە هیچ جارێك بەورەبەرزی ئەمڕۆکەوە، ئەم ئەرکە دژوارەم ئەنجام نەداوە. چونکە گازییەکی بێ چەندو چوون و پیرۆز ئەم ئەرکە دژوارەم دەخاتە ئەستۆ و ئەو نەفرەتەی کە بە دیتنی ئەم پیاوە شەیتان رەفتارە لەلام دروست دەبێ دوا شوێنەواری دوودڵیم لەدڵ دەردەکات.))

کاتێ دادستانەکە لە شوێنەکەی خۆی دانیشت، بێدەنگییەکی هەندێ دوورو درێژ بەرقەرار بوو. من لە گەرماو لە سەرسامیدا گێژو مەنگ بووبووم. سەرۆك تۆزێ کۆکی و بەدەنگێکی یەجگار ئەسپایی لێی پرسیم کە ئاخۆ هیچم نییە بیڵێم؟ هەستام و چونکە حەزم دەکرد قسە بکەم، -ئەڵڵا خوایی گووتم کە بەنیازی کوشتنی ئەو کابرا عەرەبە نەبووم. سەرۆك وەڵامی دایەو کە ئەمە تەنیا قسەیەو گوتی تا ئێستا سەری لە جۆری بەرگرییەکەم دەرنەکردووەو زۆری پێ خۆش دەبێ ئەگەر بەر لە قسەکردنی پارێزەرەکەم، ئەو هۆیانە روونبکەمەوە کە وایان لێکرد بووم ئەم کارە بکەم. من لەکاتێکا قسەکانم تێکەڵ و پێکەڵ دەکردو پەیم بە وەزع و حاڵی گاڵتەبازاڕی خۆم دەبرد. بەپەلە گووتم هەتاو باعیسی ئەم کارە بوو. هۆڵەکە پڕبوو لە پێکەنین. پارێزەرەکەم شانەکانی هەڵتەکاندو یەکسەر رێگەی قسەکردنی درایێ. و رایگەیاند کە تازە درەنگەو پێویستی بە چەند سەعاتێکەو تکا دەکات کە دانیشتنەکە بخرێتە دوای نیوەڕۆ، دادگا قایل بوو.

لە دوای نیوەڕۆ پانکە کارەباییەکان هەوای قورسی هۆڵەکەیان دەجوڵاندو باوەشێنە بچووك و رەنگاو رەنگەکانی قازییەکانیش بەیەك ئاڕاستەدا دەجوڵان. پێدەچوو کە بەرەڤانی پارێزەرەکەم هەرگیز تەواو نەبێ. لەگەڵ ئەمەشا لەدەمێکی دیاریکراوا گوێم بۆ رادێرا. چونکە دەیگووت راستە کە من بکوژم. ئەوجا بە هەمان تۆن درێژەی بە قسەکەی خۆی دا . زۆرم پێ سەیر نەبوو هەرجارێ دەهاتە سەرباسی من، وشەی ((من))ی بەکاردەهێنا. بەلای پۆلیسێکا دانەویمەوەو هۆی ئەمەم لێ پرسی، پێی گووتم بێدەنگ بم و پاش تۆزێك گووتی: ((هەموو پارێزەرەکان وادەکەن.)) هەستم کرد کە ئەم کارە هێندەی دی لە دادگاییەکە دوورم دەخاتەوە، زەربی سفرم دەکات. بە گوتەیەکی دی ئەو خۆی لە شوێنی من دادەنات. بەڵام پێم وایە هەر لە ئێستاوە زۆر لە دانیشتنی دادگاییەکە دوور خرابوومەوە. ئەوی راستی بێ پارێزەرەکەشم وەکو مەخسەرەیەك دەهاتە بەرچاو.

زۆ بەپەلەو خێرا بەرگری لە بابەتی ئەو بانگەشانە کرد کە بۆ من کرابوون و ئەوجا ئەویش هاتە سەرباسی رۆحی من. بەڵام وا هاتە بەرچاو کە زۆر لە دادستانەکە بێ تواناترە. گووتی: ((منیش لە نزیکەوە سەرنجی رۆحی ئەم پیاوەم داوە، بەڵام بە پێچەوانەی دادستانی بەرێزەوە، کۆمەڵێك شتم تیا بەدی کردووە. و دەتوانم بڵێم کە پەرە بە پەرەی رۆحی ئەوم خوێندووەتەوە.)) لە کتێبی رۆحی منا ئەوەی خوێندبووەوە کە من پیاوێکی شەریف، کارمەندێکی رێك و پێك و ئیشکەرو پشوودرێژ، و وەفاداربووم سەبارەت بەو دایەرەیەی کە کارم تیا دەکرد. خۆشەویستی هەمووان و هاوخەمی ناخۆشی خەڵکانی دی بووم. بە بۆچوونی وی من کوڕێکی نموونەیی بووم کە بۆ ماوەیەکی زۆر، تا لەتوانامدا بوو خزمەتی دایکی خۆم کردبوو، و لە دوا ئەنجاما بە هیوا بووبووم کە کەترەخانە، هۆکاری ئاسودەیی و ئارامی، کە دەرامەتی ناچیزی من ئەوەی پێی هەڵنەدەسوڕا، بۆ ئەم پیرێژنە فەراهەم بکات. و لەسەری رۆیی: ((ئاغایان، من پێم سەیرە کە ئەم هەموو هەراو هوریایە لەسەر ئەم کەترەخانەیە نراوەتەوە. خۆ باشترین بەڵگە لەسەر سوودو گەورەیی ئەم دەزگایانە ئەوەیە کە دەوڵەت بەخۆی کۆمەکی داراییان دەکات.)) بەڵام چ قسەیەکی لەمەڕ رێورەسمی ناشتنەکە نەکرد و هەستم کرد کە گووتە بەرگرییەکەی لەم رووەوە نوقوستانە.

بەڵام بە هۆی ئەم هەموو رستە درێژانەو ئەم رۆژانەو ئەم سەعاتە بێ کۆتاییانە کە باسی رۆحی منیان تیا کردبوو، هەستم کرد کە هەموو شتێك لەبەرچاوم بووە بە ئاوێکی بێ ڕەنگ و من تیایدا دووچاری سەرەگێژکێ بووم.

لەئەنجاما تەنیا ئەوەندەم بە بیر دێ کە کاتێ پارێزەرەکەم درێژەی بەقسەکانی خۆی دەدا، لە کوچەو کۆڵانەکانەوە، لەناو هۆڵەکەو لەناو دادگاکەوە، دەنگی شەیپوری بەستەنی فرۆشێك دەنگی دایەوەو گەییە گوێم. یادو بیرەوەریانی ژیانێك کە چیتر پەیوەندی بە منەوە نەبوو، بەڵام من ناچیزترین و مکومترین شادییەکانی خۆم تیا بینی بووەوە، هێرشیان بۆ هێنام: بۆن وبەرامەی هاوین، گەرەکێك کە خۆشم دەویست، ئاسمانی شەو، خەندەو جلەکانی ماری. ئەو کارە بێهودانەی کە لەم دادگایەدا ئەنجامم دەدا بینی گرتم. خواخوام بوو زووتر تەواوی بکەن، تا دووبارە بۆ ژوورەکەم بچمەوەو بخەوم. بۆیە بەحاڵ گوێم لەپارێزەرەکەم بوو کە لەکۆتایی قسەکانیا هاواری کردو دەیگووت کە دادپرسان، کارمەندێکی شەریف بەهۆی ئەوەوە کە بۆ ساتێك شعوری خۆی لەدەست داوە، حوکمی مەرگ نادەن، و داوای سووککردنی سزای ئەو تاوانەی دەکرد کە من لەئێستاوە باری سەنگینیم هەڵدەگرت ودەیگوت توندترین سزا بۆ من پەشیمانی ئەبەدییە. دانیشتنەکە هەڵگیراو پارێزەرەکەم بە شەکەتی دانیشت. لێ هاوکارانی بۆ دەست خۆشی هاتن بۆلای. ڕستەی ((جوانبوو ئازیزەکەم)) بەرگوێ کەوت. تەنانەت یەکێك لەوانە بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی ڕای منی پرسی و گووتی: ((وانییە؟)) من قسەکەیم سەلماند، بەڵام دەستخۆشییەکەم راستگۆیانە نەبوو. چونکە زۆر ماندوو بووبووم.

لەم کاتانەدا، لەدەرەوەی دادگا، رۆژ بەرەو تەواو بوون دەچوو و دەقی گەرما کەمتر بووبووەوە. بەو دەنگانەیا کە لە کۆڵانەکانەوە دەگەیینە گوێم هەستم بە جوانی خۆر ئاوا کرد. هەمووان هەرچاوەروان بووین، ئەوەی کە چاوەڕوانی بووین، تەنیا پەیوەندی بە منەوە بوو.

سەیرێکی ناو هۆڵەکەم کردەوە، هەموو شتەکان وەکو ڕۆژی یەکەم بوون. نیگام لە نیگای ڕۆژنامەوانە چاکەت کەوەییەکەو ژنە زیتەڵەکە هەڵنگووت. ئەمە وای لێکردم بیرم بکەوێتەوە کە بە درێژایی ماوەی دادگاییەکە چاوم بۆ ماری نەگێڕابوو. لەبیرم نەکردبوو، بەڵام زۆر مژول بووم. ئەوم لە نێوان سیلست و ریمۆندا بینی. سوکە ئاماژەیەکی بۆ کردم. لەتۆوایە دەیگووت: ((ئاخری.))و سیمای کەمێك نیگەرانیم بینی کە پێدەکەنی. لێ هەستم دەکرد کە دڵم گیراوەو تەنانەت نەمتوانی وەڵامی خەندەکەشی بدەمەوە.

قازییەکان هاتنە سەر جێگای خۆیان. بەپەلەیەکی زۆر خێرا زنجیرە پرسیارێك بۆ قازییەکان خوێنرایەوە. گوێم لە وشەیەلێ: ((تاوانبار بەکوشتن،))... ((قەستی پێشوەختە)) ((فاکتەرێن سووککردن)) بوو. قازییەکان وەدەرکەوتن و منیان بۆ ئەو هۆڵە بچووکە بردەوە کە پێشتر لەوێ چاوەڕوان بووم. پارێزەرەکەشم خۆی گەیاندمێ. زۆر بە پەلە قسەی دەکرد. بە دڵنیایی و میهرەبانییەکی ئەوتۆ دوواندمی کە پێشتر لێم نەدی بوو. پێی وابوو کە قەزییەکە بە باشی دەڕوات و من بەچەند ساڵێ حەپس لەگەڵ کاری سەختا لەم گرفتارییە دەخەلەسم. لێم پرسی ئەگەر داوەرییەکە خراپ شکایەوە ئومێدی ئیعتراز هەیە؟ وەڵامی دامەوە نە. چونکە ئەو بۆ ئەوەی ئەندامانی دادگا تورەو ناڕەحەت نەکات عادەتی وایە کە پێشوەختە داوای تازەکردنەوە ناکات. وبۆی رونکردمەوە کە هەروا بەئاسانی و بێ چ هەنجەتێك ئەم جۆرە حوکمە تەمیز ناکرێتەوە. بۆچوونەکەیم پێ پەسندبوو و خۆم تەسلیمی بەڵگەکانی ئەو کرد. ئەگەر ئاسایی بڕوانینە بابەتەکە، دەبینین مەسەلەیەکی تەواو ئاساییە. بەپێچەوانەوە دووچاری کاغەزبازییەکی خۆڕایی دەبین و پارێزەرەکەم گووتی: ((بەهەرحاڵ هەرچۆنێ بێ دەتوانی بە شێوەیەکی ئاسایی داوای تەمیز بکەی. بەڵام من دڵنیام کە ئەنجامی داوەرییەکە بە قازانجی ئێمە دەبێ.))

ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانمان کرد. نزیکەی وابزانم سێ چارەکە سەعات. دوای ئەم ماوەیە، زەنگێك لێدرا. پارێزەرەکەم بەدەم بەجێهێشتنی منەوە گووتی: ((سەرۆکی دادگا نهۆ وەڵامەکان دەخوێنێتەوە. تەنیا بۆ ڕاگەیاندنی حوکمەکە تۆ بانگ دەکەنە ژوورەوە.)) تەقەی چەند دەرگایەك هات. خەڵکانێك بە قاڵدرمەدا غاریان دەدا کە نەمدەزانی نزیکن یا دوور. ئەوجا دەنگێکی منگم بەر گوێ کەوت کە لە هۆڵەکەدا شتێکی دەخوێندەوە. کاتێ کە دیسان زەنگ لێدرایەوەو دەرگا ژوورە بچووکەکە کرایەوە، شەپۆلی بێدەنگی هۆڵەکەم بۆ هات. هەر بێدەنگی بوو وکاتێ کە بینیم ئەو ڕۆژنامەوانە لاوە چاوی لێ گواستوومەتەوە، هەستێکی غەریب دایگرتم. سەیری لای ماری یەوەم نەکرد. دەرفەتی ئەم کارەم نەبوو. چونکە سەرۆك بەشێوەیەك غەریب پێی گووتم کە بەناوی میللەتی فەرەنساوە لە مەیدانێکی گشتیدا، لە ملم دەدرێ. هەنگێ وام بە خەیاڵدا هات کە مانای ئەو هەستەی کە بە هەموو سیماکانەوە دەمخوێندەوە، تێدەگەم. وا تێدەگەم کە جۆرە هەستێکی ڕێزو حورمەت بوو. پۆلیسەکان زۆر میهرەبان بوون لە گەڵما. پارێزەرەکەم دەستی خستە سەر مەچەکم. ئیدی بیرم لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. بەڵام سەرۆك لێی پرسیم ئایا هیچ شتێکم نییە بیڵێم. کەمێك بیرم کردەوەو گووتم: ((نە.))و ئیدی بردیانم.

((5))

بۆ جاری سێیەم دیتنی کەشیشم رەتکردەوە. هیچم نەبوو پێی بڵێم. تاقەتی قسەکردنم نەبوو. ئەمە جگەلەوەی کە بەو زووانە دەی بینم. ئەوەی لەم کاتەدا بۆ من گرنگە، هەلاّتنە لەم میکانیزمە، زانینی ئەمەیە کە ئایا مەفەرێك بۆ هەلاّتن لەم چارەنووسە حەتمییە هەیە؟ ژوورەکەیان گۆڕیم. لەم ژوورەدا، کاتێ کە ڕادەکشێم، ئاسمان دەبینم. جگە لە ئاسمان چیدی نابینم. هەموو رۆژەکانم بە تەمەشاکردنی ئاوابوونی رەنگەکانی رووی ئاسمان کە شەو دەدەنە دەم رۆژەوە، بەسەردەبەم. بەڕاکشانەوە دەستەکانم دەنەمە ژێر سەرم و چاوەڕوان دەکەم. نازانم چەندجارم لە خۆ پرسیوە ئایا لە ناو مەحکومان بەمەرگدا کەسێك هەبووە توانی بێتی لەم میکانیزمە هەڵێ. بەر لە ئیعدام کردنەکە وون بووبێ و بازنەی ریزی پۆلیسانی پچڕی بێ؟ ئەوسا لەسەر ئەوەی کە لەمەوپێش بەئەندازەی پێویست لە مەسەلەی ئیعدام و تول و تەفسیلی ئیعدام ورد نەبووبوومەوە ،خۆم سەرزەنشت دەکرد. مرۆڤ پێویستە هەمیشە بایەخ بەم مەسەلانە بدات. کێ دەزانێ چ روو دەدا. منیش وەکو هەموو خەڵکی ڕاپۆری رۆژنامەکانم خوێندبووەوە. بێگومان لەم بارەیەوە کتێبانی تایبەتی هەبووە کە من وەکو پێویست خولیای خوێندنەوەیان نەبووبووم. لەوەیە ئەگەر ئەمەم کردبا، هەندێ حیکایەتانم لەمەڕ هەلاّتن پەیدا کردبا. هەنگێ دەمزانی کە بەلای کەمەوە بۆ تاقەجارێك رەورەوەکەوەستا بووەو لەم پەلەکارییە حەتمییەدا، رێکەوت و شانس بۆ تاقەجارێك، هەندێ شتیان گۆڕی بووە. یەك جار! لە روویەکەوە پێم وایە ئەم تاقە جارەش بۆ من بەس بوو. دڵم باقییەکەی تەواو دەکرد. رۆژنامەکان بەزۆری قەرزێکیان دەکرد کە کۆمەڵگە لێمانی دەوێ. بەگووتەی ئەوان تاوانبار یا خەتاکار دەبێ ئەم قەرزە بداتەوە. بەلاّم ئەمە لەگەڵ خەیاڵ و وێنادا ناگونجێ. نە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، ئەگەرو دەرفەتی هەلاّتن بوو، بازدانێك بوو بۆ دەرەوەی ئەم هاماجە توندو زاڵمانەیە، ڕاکردنێکی شێتانە بوو کە هەموو ئەگەرێکی هیواداریی تێدا بوو. هەڵبەتە ئەم هیواداریە بۆی هەبوو ئەمە بێ کە هەلاّتووەکە لە سوچێکی جادەیەکداو رێك لەگەرمەی راکردنا بە زەبری گوللەیەك بێتە کوشتن. بەلاّم دوای تاوتوێ کردنی هەموو لایەنەکانی کارەکە، هیچ شتێك دەرفەتی ئەم فەنبازییەی نەدەدام، هەموو شتێك ئەم فەنبازییەی لێ قەدەغە دەکردم.و دووبارە ئەم دەزگا میکانیکییە بەگیری دێنامەوە.

هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی ئەم یەقینە بێ شەرمانەیە دەربارەی خۆم قبوڵ بکەم. چونکە لە نێوان ئەو حوکمەدا کە لەسەر بناغەی ئەم یەقینە داڕێژرابوو وچوونە پێشەوەی یەقینەکە لەو ساتەوە کە حوکمەکە ڕاگەیەنرابوو، ناکۆکییەکی کۆمیدیانە هەبوو. لەبەر ئەم حەقیقەتەی کە حوکمی دادگا لەبری لەسەعات هەڤدەدا بخوێنرێتەوە، لەسەعات بیستدا خوێندرابووەوە، ئەم حەقیقەتەی کە دەشیا رەئی دادگا شتێکی تەواو جیاوازبێ ،ئەم حەقیقەتەی کە حوکمەکە لەلایەن کەسانێکەوە کە جلی ژێرەوەیان دەگۆڕن، دەرکرابوو، وبەناوی بیرۆکەیەکی تەمومژاوی وەکو میللەتی فەرەنسا(یا ئاڵمان یا چین)ەوە دانرابوو، وام هات بەبیرا کە هەموو ئەمانە بەشی هەرە سەرەکی جدی بوونی ئەم حوکمەی دەسڕییەوە. لەگەڵ ئەمەشا، لەوساوە کە ئەم قەرارە

دەرچووبوو، ناچاربووم بیسەلمێنم کە جێبەجێکردنەکەی وەکو ئەم چوار دیوارەی کە خۆم تیا لە قاڵب دەدەم مکوم وجدییە.

لەم دەمانەدا ئەو حیکایەتەم وەبیر هاتەوە کە دایکم سەبارەت بە بابم بۆی دەگێڕامەوە. من بابی خۆم نەدی بوو. تەنیا شتێ کە دەربارەی ئەم پیاوە لە یادم مابوو، هەر ئەمە بوو کە دایکم لەمەڕ وی بۆی دەگێرامەوە: رۆژێ چووبوو بۆ تەمەشاکردنی ئیعدامکردنی پیاوێ. هەرچەند چوونەکەی پێ ناخۆش دەبێ، بەڵام هەرچووبوو بۆ تەمەشاکردنەکەو، دوای گەڕانەوە تا ماوەیەك بەیانیان دەرشایەوە. ئەوسا هەندێ بەم کارەی بابم قەڵیس بووم. بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتبوو کە زۆر ئاسایی بووە. چۆن تا نهۆ نەمزانی بوو کە هیچ شتێك لە حوکمی ئیعدامێك گرنگتر نییە. بەکورتی ئەمە تەنیا شتێك بوو کە بەڕاستی شایستەی بایەخ پێدان بێ. ئەوجا بیرم کردەوە ئەگەر بەرێکەوت لەم زندانە رزگار بووم، دەچمە تەمەشای جێبەجێکردنی هەموو حوکمێکی ئیعدامان. پێم وایە هەڵەبووم لە بیرکردنەوە لەم ئەگەرە. چونکە بیرکردنەوە لەمەی کە بەیانییەکی زوو خۆم لەدەرەوەی بازنەی پاسەواناندا بەئازادی دەبینمەوەو بەهەرحاڵ لەو دیو ئەوانەوە دەبم، بیرکردنەوە لەوەی کە رووداوێکی واهی بە چاوی خۆ دەبینم و ڕەنگە دوای تەمەشاکردن دووچاری هێڵنج و ڕشانەوەبم، ئەم تەسەورو خەیاڵانە دەبوونە مایەی ئەوەی شەپۆلە شادمانییەکی ژەهراوی دڵم بگرێ، بەڵام ئەم خەیاڵاتە ئەقڵانی و لۆجیکی نەبوو. چونکە دوای کەمێك سەرمایەکی تووش دەکەوتە گیانم کە لەژێر لێفەکەمەوە بەتوندی هەڵەلەرزیم و بێ ئەوەی جڵەوی خۆم پێ بگیرێ دانەجیڕەم پێدەکەوت.

بەڵام، هەڵبەتە بنیادەم ناتوانێ هەمیشە هەر ماقوڵ بێ. بۆ وێنە جاران هەندێ کات پرۆژە یاسام دادەڕشت. بەجۆری سزاکاندا دەچوومەوەو دەستکاریم دەکردن، ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو کە مەسەلەی بنەرەتی ئەمەیە کە سوکە ئومێدێك بە مەحکوم بدرێ. یەك لە هەزاری شانسێکی واهی بەس بوو بۆ ئەوەی گەلێك لەمەسەلەکان بگۆڕێ. بۆ نموونە وام بە خەیاڵا دەهات کە دەشێت دەرمانێکی کیمیایی تایبەتی بەدەست بهێنرێ کە بەکارهێنانی لە هەر دە نەفەرا نۆ نەفەر لەنەخۆشان((لە خەیاڵی خۆدا نەخۆشم لە جیاتی مەحکوم بەکار دێنا.)) بکوژێت. بەمەرجێ خودی نەخۆشەکە بەمە بزانێ. چونکە پاش وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی وردی شتەکان، بۆم دەرکەوت کە خەوشی بنەڕەتی ئیعدام بە ساتۆری گیوتین لەمەدایە کە هیچ جۆرە شانسێکی تێدا نییە. بە هیچ جۆرێ. بەم جۆرە ئیعدامە مەرگی نەخۆش حەتمییە. ئەم جۆرە ئیعدامە کارێکە بڕاوەتەوە وسیستەمێك بوو گۆڕان ناپەزێر وسۆزێ بوو دەربارەی کارێك کە ئەگەری هیچ جۆرە گەڕانەوەیەکی تیا نییە، خۆ ئەگەر بە هۆی موجیزاتێکەوە ساتۆرەکە دانەیەتەوە، کارەکە دووبارە دەکەنەوە جا لەئەنجامی ئەمەوە، دەبوایە مەحکوم خۆزیا بخوازێ ئامێرەکە باش کار بکات، کە ئەمە لە هەموو شت پتر مایەی نارەحەتی بوو. من دەڵێم: ئەمە لایەنی عەیبداری کارەکەیە. ئەمە لەلایەکەوە تارادەیەك دروستە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ناچار بووم بیسەلمێنم کە هەموو نهێنی و ڕازی رێکخراوێکی باش لەمەدا پەنهانە. بەڵێ، لەم حاڵەدا مەحکوم ناچاری هاوکاری مەعنەوییە. قازانجی لەمەدایە کە کارەکان بێ هیچ کۆسپێك جێ بەجێ بن.

هەروەها ناچاربووم بیسەلمێنم کە تا ئێستا ئەو بۆچوونانەی لەمەڕ ئەم پرسانە هەمبوون دروست نەبوون. ماوەیەك وام خەیاڵ دەکرد– ونازانم بۆچی– کە بۆ چوونە پای گیوتین(مەقسەڵە) دەبوایە بچییە سەر سەکۆیەك و بە پەیژەدا سەربکەوی. وادەزانم ئەم خەیاڵە زادەی شۆڕشی 1789بوو. دەمەوێ بڵێم بەهۆی هەموو ئەو شتانەوە بوو کە دەربارەی ئەم بابەتانە فێریان کردم یا نیشانیان دابووم. بەڵام بەیانییەك، وێنەیەکم بیرکەوتەوە کە ڕۆژنامەکان بەبۆنەی ئیعدامکردنێکی پڕ دەنگ و دەنگدانەوە بڵاویان کردبووەوە. لەو وێنەیەدا، ئامێری ئیعدامەکە(مەقسەڵەکە) زۆر بەبێ بایەخی لەسەر عاردەکە دانرابوو. لەوە تەنگتر بوو کە تەسەورم دەکرد. سەیر بوو کە پێشتر بیرم لەم وێنەیە نەکردبووەوە. ئەم ئامێرە لە وێنەکەدا بووە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی من چونکە وەکو دەزگەیەکی وردو پەرداختەو بریقەدار دەینواند. بنیادەم هەمیشە دەربارەی ئەو شتەی نایناسێت موبالەغە دەکات. من دەبوایە بە پێچەوانەوە پەی بە سادەیی شتەکان ببەم . چونکە ئامێرەکە لە ئاستی ئەو زەلامەدایە کە بەرەولای دەچێت. مەحکومەکە بەجۆرێ بەرەولای دەچێت وەك ئەوەی بچێتە دیداری کەسێك. ئەمە لەلایەکەوە مایەی ناڕەحەتی بوو. چونکە سەرکەوتن بەسەر سەکۆکەداو بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان بۆ خەیاڵ و تەسەور خۆشتر بوو. بەڵام لێرەدا ئامێرەکە هەموو شتێك وردو خاش دەکات، دەیبڕێنێتەوە، و مەحکومەکە بەبێ دەنگی، بە کەمێك شەرمەوەو بە وردییەکی زۆرەوە دەکوژێت.

دوو شتی دیکەش هەبوون کە هەمیشە بیرم لێدەکردنەوە: سپێدەو تەمییزخوازی. لەگەڵ ئەمەشا سێ ودووی خۆم دەکردو هەوڵم دەدا کە ئیدی بیر لەم شتانە نەکەمەوە. ڕادەکشام، دەمڕوانییە ئاسمان و هەوڵم دەدا دڵی بدەمێ. ئاسمان کەسك دەبوو، شەو دەهات. هەمدیس هەوڵم دەدا ڕەوتی بیرکردنەوەم بگۆڕم. گوێم لەترپەی دڵم دەگرت. هەرگیز نەمدەتوانی خەیاڵی ئەوە بکەم کە ئەم دەنگەی ئەم هەموو ماوە درێژە لەگەڵما بووە بتوانێ بوەستێ. من هەرگیز خەیاڵ و خەیاڵکردنێکی ڕاست و دروستم نەبووە، لەگەڵ ئەمەشا هەوڵم دەدا ئەو چەند ساتەی کە ئیدی لێدان و ترپەی ئەم دڵە لە مێشکما دەنگ ناداتەوە لە خەیاڵی خۆدا بەرجەسە بکەم. بەڵام بێهودە. سپێدەو تەمییزخوازی بەڕێوەبوون، لەبەردەمما بوون. سەرەنجام دەگەییمە ئەم ئەنجامەی کە بەخۆ بڵێم ئاقڵانیترین کار ئەوەیە کە زۆر لەخۆ نەکەم.

ئەمەم دەزانی کە سپێدە دێن بە دووما. بەشێوەیەکی گشتی شەوانم بەچاوەڕوانی ئەم سپێدەیەوە دەقەتاند. هەرگیز حەزم لێ نەبوو غافڵگیر ببم. کە شتێکم بۆ دێتە پێشێ حەزدەکەم کە تەیارو ئامادەبم. هەرلەبەر ئەمەش بەڕۆژەوە کەمێك دەخەوتم و بەدرێژایی شەوان چاوەڕوان بووم کە ڕوناکی لە کلاوڕۆژنەکەی ئاسمانەوە هەڵبێ. دژوارترین کاتم، ئەو کاتە نادیارەبوو کە دەمزانی حوکمەکەی تیا جێبەجێ دەکەن. کە نیوەشەو دەبوری چاوەڕوانم دەکرد و پێشتر هەرگیز گوێچکەم ئەم هەموو دەنگەی نەگرتبوو، و یا ئەم هەموو دەنگە وردانەی دیاری نەکردبوو. ئەلهەقی دەتوانم بڵێم کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەدرێژایی ئەم ماوەیە بەخت یارم بوو. چونکە هیچ کاتێك گوێم لەدەنگی پێیەك نەبوو. دایکم زۆرجار دەیگووت کە هیچ کاتێ مرۆڤ بەتەواوەتی بەدبەخت نییە. لەزندانەکەما، گاڤێ کە ئاسمان سوور دەبوو، و ڕۆژی تازە

بەئەسپایی بۆ ژوورەکەم دەخزی، قسەکەی ئەوم دەسەلماند. چونکە زۆر چاك دەشیا گوێم لەدەنگی پێیەك بێ وزۆر چاك دەشیا دڵم بتەقێ. ئەگەرچی کەمترین و بچووکترین دەنگ بەرەو دەرگاکەی دەبزواندم، ئەگەرچی گوێم بە تەختەی دەرگاکەوە دەناو بە شپرزەییەوە هێندەم چاوەڕوان دەکرد تا دەنگی خۆم دەژنەفت و کە گوێم لێدەبوو وەکو خنکەخنکی تۆپینی سەگ دەچێت، ترسم لێدەنیشت، لە کۆتایی ئەم کارەشدا دڵم نەدەتەقی..و هەنگێ بیست و چوار سەعاتی دیکەم قازانج دەکرد یا دەبردەوە.

بەدرێژایی رۆژ بیرم لە تەمییز دەکردەوە. پێم وایە بە باشترین شێوە سوودم لەم بیرە وەرگرتبوو. کە حیسابی خۆم دەگرتەوە، باشترین دەسکەوتم لە بیرەکانی خۆم بەدەست دێنا هەمیشە خراپترین گریمانەم دەکرد. و وام گریمانە دەکرد کە داوای تەمییزو بەخشینەکەم رەت کراوەتەوە. ((ئێ، کەواتە دەمرم.)) ئەمە زۆر زووتر لە شتەکانی دی ئاشکرابوو. هەموو خەڵکی دەزانن کە ژی شایستەی ژیان نییە. بەڕاستی من لەوە بێ ئاگا نەبووم کە مردن لە سی ساڵیدا یان لە هەفتا ساڵیدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چوونیەکە، چونکە، هەڵبەتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا پیاوان و ژنانی دیکە دەژین. و ئەمە هەزاران ساڵ بەردەوام دەبێ. بەکورتی، چ شتێك لەمە روونتر نەبوو. هەمیشە من بووم کە دەمردم، چ ئێستا بێ و چ بیست ساڵی دیکە. بەڵام ئەوەی لەم کاتەدا کەمێك ناڕەحەتی دەکردم، ئەوەبوو کە بیرم لەبیست ساڵی ئاینده دەکردەوە هەستم بە داچڵەکینێکی ترسناك دەکرد. بەڵام بۆ دامرکاندنەوەی ئەم داچڵکینە دەروونییە ئەوەندە بەس بوو کە بیرکردنەوەو هزرینی بیست ساڵی ئایندەم لەبەرچاودا بەرجەستە بکەم وبزانم کە لەو زەمانەشدا هیچ چارەیەکم نییە جگە لە قاییل بوون بە مەرگ. کاتێ کە مەرگی بنیادەم بوو بەشتێکی بەڵگە نەویست ئیدی چۆنییەتی و گاڤی مردنەکە بایەخێکی نییە. کەواتە((دژوار ئەمە بوو کە ئەم (کەواتەیە) لە بەڵگەو هەنجەتە هزرییەکان دوور نەدەخرایەوە)) کەواتە دەبووایە بەڕەت کردنەوەی تەمییزەکەم قاییل بم..

لەم ساتەدا، دەتوانم بڵێم تەنیا لەم ساتەدا بوو کە هەقی ئەوەم هەبوو بەجۆرێك ڕێگە بەخۆم بدەم کە لە دووەمین گریمانە نزیك ببمەوە. واتە عەفوو بکرێم. ئەوەی مایەی ناڕەحەتی بوو ئەمە بوو کە دەبووایە ئەم هەڵچوونی خوێن و بەدەنەی کە شادمانییەکی شێتانەی دەڕشتە چاوەکانمەوە لە هەڵچوون بخەم. دەبوایە خۆم وا لێبکەم کە ئەم فریادە دەروونییە کەم بکەمەوەو بیخەمە قاڵبێکی ئەقڵانییەوە. دەبوایە تەنانەت لەم گریمانەیەشدا ئاسایی بم. تا بتوانم کارێکی وابکەم کە گریمانەی یەکەم بەجێتر بنوێنم. و نزیکتر بێ لە ماقولەوە. ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتبام، ئەوا یەك سەعات ئارامیم بەدەست دەهێناوئەمەش خۆی لە خۆیدا کەم نەبوو.

لە ساتێکی ئارامی وەهادابوو کە جارێکی دیکە پێشوازی قەشەم ڕەفز کرد. ڕاکشابووم و بەرەنگی زەردی ئاسمانا وام مەزەندە دەکرد کە خۆری هاوین لە ئاوابوون نزیك دەبێتەوە. تازە لە رەتکردنەوەی تەمییزەکەم بووبوومەوە، دەمتوانی هەست بەوە بکەم کە شەپۆلی خوێن بە رێك و پێکی لە بەدەنما دەسوڕێتەوە. پێویستم بە دیتنی کەشیش نەبوو. دوای ماوەیەکی زۆر بۆ یەکەمجار، بیرم لە ماری کردەوە. دەمێك بوو کە نامەی نەدەنووسی. بەم دەمی زەردەپەڕی

ئێوارەیە بیرم کردەوەو بەخۆم گووت لەوەیە تاقەتی لەوەچووبیٚ کە ماشقەی بنیادەمێکی مەحکوم بە ئیعدامە. هەروەها ئەوەشم بە خەیالاٌ هات کە رەنگە نەخۆش بیٚ یا مردبیٚ. هەر یەکێك لەم دووانە بەشێك بوون لە مەسەلە ئاساییەکانی ژیان. چۆن دەمتوانی ئەوە بزانم، لە کاتێك جگە لە بەدەنمان کە نهۆ لێکدی دابڕابوون، هیچ شتێکی دیکە ئێمەی پێکەوە نەدەبەستەوەو بیری یەکتری نەدەخستینەوە. ئەلهەقی لەم ساتە بەدواوە یادی ماری-م لەلا بوو بە شتێکی ئاسایی. ئەگەر مردبیٚ، گرنگ نییە. من ئەم شتەم پیٚ ئاسایی بوو. چونکە باش دەمزانی کە خەڵکیش من لەدوای مەرگم لەبیرم دەکەن. کاریان بەکاری منەوە نابیٚ. تەنانەت نەمدەتوانی بڵێم کە بیرکردنەوە لەم شتە سەخت بوو. لە ڕاستیا هیچ بیرێك نییە کە مرۆڤ لە ئەنجاما لە گەڵیا ڕانەیەت.

ڕێك لەم کاتەدا کەشیشەکە وەژوورکەوت. کە ئەوم بینی تەزوویەکی لەرزم پێدا هات. ئەویش هەستی پێکردو گووتی هیچ ترسێکم نەبیٚ. پێم گووت کە عادەتەن دەبوا کاتێکی دیکە بێت. وەڵامی دامەوە کە ئەم دیدارە دیدارێکی تەواو دۆستانەیەو پەیوەندی بەو داوای تەمییزەوە نییە کە ئەو هیچی دەربارە نازانیٚ. لەسەر جێگەکەم دانیشت و داوای لێکردم لە نزیکییەوە دانیشم. قەبوڵم نەکرد. لەگەڵ ئەوەشا زۆر نەرم و میهرەبان هاتە بەرچاوم.

بۆ ماوەیەك دانیشت. باسکەکانی لەسەر زرانییەکانی بوون و سەری دانەواندبوو و دەیروانییە دەستەکانی، دەستەکانی ناسك و خرپن بوون، کە جووتیٚ گیانلەبەری بزێویان بیردەخستمەوە. بەنەرمی بە یەکیدا ماڵین. ئەوجا هەر بەم دەقەوە، بەسەری داخراوەوە، ئەوەندە مایەوە کە بۆ ساتیٚ هەستم کرد کە فەرامۆشم کردووە.

لەپڕ سەری هەڵبڕی و نیگای بڕییە دەموچاوم و گووتی: ((بۆچی هەمیشە خۆت لە دیدەنی من دەدزییەوە.)) وەڵامم دایەوە کە باوەڕم بەخوا نییە. ویستی بزانیٚ کە لەم شتە دڵنیام. گووتم تا ئێستا ئەمەم لەگەڵ خۆدا تاوتویٚ نەکردووە چونکە ئەم بابەتە بەلای منەوە مەسەلەیەکی بیٚ بایەخە. هەنگیٚ خۆی بەدوواوە بردو پشتی بە دیوارەکەوە دا. دەستەکای بە کراوەیی خستنە سەر ڕانەکانی. تەقریبەن وەکو ئەوەی قسە لەگەڵ منا نەکات گووتی هەندیٚ جار بنیادەم وادەزانیٚ کە دڵنیایە. بەلاٌم لەڕاستیا دڵنیا نییە. من هیچم نەگووت. نیگای کردم و پرسی: ((ڕات لەمبارەیەوە چییە؟)) گووتم رەنگە ئەمە وابیٚ. بەهەرحاڵ رەنگە دڵنیا نەبم لەوەی کە مەبەستمە. بەلاٌم تەواو دڵنیام لەوەی کە مەبەستم نییە. و بەڕاستی ئەوەی ئەو دەیگووت بۆ من مەبەست و گرنگ نەبوو.

چاوەکانی وەرگێڕان و بە هەمان دەقەوەو بیٚ ئەوەی وەزعی خۆی بگۆڕیٚ لێی پرسیم ئایائەم قسەیەم لە رووی نائومێدییەوە نییە؟ بۆم رونکردەوە کە من نائومێد نیم. تەنیا دەترسم، و ئەمەش ئاساییە. گووتی: ((کەواتە خوا کۆمەکت دەکات. هەر هەموو ئەو کەسانەی کە من لەم وەزع و حاڵەی تۆدا دیتومن بۆلای خوا گەڕاونەتەوە.)) گووتم ئەو کەسانە هەقی خۆیان بووە. و ئەمەش دەسەلمێنیٚ کە ئەوانە وەختی ئەم کارانەیان هەبووە. من نامەویٚ کەس یارمەتیم بدات، بەڕاستی کاتی ئەوەم نییە تا بایەخ بەشتیٚ بدەم کە مەبەستم نییە.

لەم ساتەدا بە ناڕەحەتییەوە دەستەکانی جولاَند. پاشان بەسەر خۆیدا زالْ بوو و چرچی جبەکەی ڕێك خست. کاتیْ کە ئەم کارەی تەواو بوو، لەکاتێکا کە بە((هاوڕێم)) دەیدوانم، گووتی ئەگەر ئەو بەم شێوەیە لەگەلْ منا دەدویْ لەبەر ئەمە نییە کە مەحکوم بە مەرگم. بەباوەڕی ئەو ئێمە هەموو هەر مەحکوم بە مەرگین. لیْ من قسەکەیم بڕی و ئەم دوو مەحکومیەتە چوون یەك نین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم شتە هەرگیز نابێتە مایەی سوکنایی بیرو ئاسودەیی. قسەکەی سەلماندم و گووتی: ((هەلْبەتە وایە، بەلاَم ئەگەر ئەمڕۆ نەمری،سبەی هەردەمری. هەنگیْ ڕووبەڕووی هەمان مەسەلە دەبیتەوە. چۆن تەحەمولی ئەم ئەزموونە ئەستەمە دەکەی؟))وەلاَمم دایەوە ڕێك وەکو چۆن ئێستا تەحەمولی دەکەم، تەحەمولی دەکەم.

هەنگیْ لەجێی خۆی هەستاو ڕێك چاوی لە دوڕچاوم بڕی. ئەمە گەمەیەکە تایبەتییەو من زۆر چاکم دەزانی. زۆرجار ئەم گەمەیەم لەگەلْ عەمانۆئیل یان سیلست دا دەکردو، بەشێوەیەکی گشتی ئەوان چاویان دادەخست. کەشیشەکەش ئەم گەمەیەی باش دەزانی. یەکسەر ئەمەم بۆ دەرکەوت: نیگای نەدەلەرزی، و هەروەها دەنگیشی نەدەلەرزی کاتیْ پێی گووتم: ((کەواتە هیچ ئومێدێکت نییە، بەم بیرەوە دەژی کە بۆ هەمیشە دەمری؟)) وەلاَمم دایەوە: ((بەلْیْ)) .

هەنگیْ سەری داخست و دووبارە دانیشتەوە. گووتی دلْی بەحالْی من دەسووتیْ و پێی وایە کە تەحەمولی ئەم جۆرە هزرینە بۆ پیاوێك مەحالْە. من هەستم کرد کە خەریکە بێتاقەتم دەکات. منیش وەرسوڕام و چوومە ژێر کلاَوڕۆژنەکەو شانم بە دیوارەکەو دا. بیْ ئەوەی بەتەواوەتی گویْ لە قسەکانی بگرم، گویم لیْ بوو دووبارە دەستی بەپرسیاران لە من کردەوە. بەدەنگێکی شپرزەو خێرا قسەی دەکرد. بۆیە زانیم کە هەلْچووە، و باشتر گوێم بۆ شل کرد.

پێی دەگووتم لێی عەیانە کە داوای تەمیزەکەم قەبولْ دەکریْ. بەلاَم من دەبوایە خۆم لە باری قورسی ئەو گوناحە ڕزگار بکەم کە بەسەر شانمەوە بوو. بەباوەڕی ئەو عەدالەتی بەشەری هیچ بایەخێکی نییەو هەر عەدالْەتی خوایی شتە. بیرم خستەوە کە عەدالەتی یەکەم منی مەحکوم کردووە. وەلاَمی دایەوە لەگەلْ ئەمەشا ئەم مەحکومییەتە گوناهی منی نەسڕیوەتەوە. گووتم من نازانم گوناه چییە. ئەوان تەنیا ئەوەیان تیْ گەیاندبووم کە تاوانبارم. من تاوانبار بووم. و نهۆ سزاکەیم دەدا، نەدەکرا لەوەی پترم لیْ داوا بکەن. لەم ساتەدا، ئەو دیسان هەستایەوە سەرپیْ و بیرم کردەوە کە نەدەکرا لەم ژوورەتەنگەدا بە جۆرێکی دیکە بجولْیْ. یا دەبیْ دانیشیْ یان بەپێوە بوەستیْ. چاوم بڕی بووە عاردەکە. هەنگاوێکی بەرەو من ناو وێستا. لەوە دەچوو زات نەکات بێتە پێشترەوە. لە بەینی شیشەکانەوە دەیڕوانییە عاسمان. پێی گووتم: ((کوڕەکەم تۆ هەلْەیت. دەشێت لەمە پترت داوا لێبکریْ. ڕەنگیشە داوات لیْ بکەن.)) پرسیم: ((لەوەی پتر چ شتێك هەیە؟)) گووتی: ((دەتوانن داوات لیْ بکەن کە ببینی،-چ شتیْ ببینم؟))

هەنگیْ کەشیشەکە چاوێکی بە ژوورەکەما گێڕاو بەدەنگێك کە لەپڕ لەلام خەمناك بوو، وەلاَمی دایەوە: ((لەم دیوارە بەردینەوە ڕەنج و ئازار دەتکیْ، من ئەمە دەزانم. هەرگیز بەبیْ عەزاب سەیرم نەکردوون. بەلاَم لەناخی دلْەوە دەزانم کە کلۆلْترینتان بەچاوی خۆتان دیتوتانە کە

سیمایەکی خوایی لە قوڵایی تاریکییانەوە هاتۆتە دەرێ. ئەمە ئەو سیمایەیە کە دەیانەوێ ببیینی.))

تۆزێ هەڵچووبووم. گوتم چەندین مانگە کە دەڕوانمە ئەم دیوارانە. لە دنیادا هیچ شتێك یا هیچ کەسێك نییە کە لەم بەردانەی باشتر بناسم. ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا تیایانا بۆ سیمایەك گەڕابووم. بەڵام ئەم سیمایە ڕەنگی ئاسمان و گڕی خۆزیای تیا بوو: سیمای ماری بوو و من بێهودە بۆی گەڕابووم. ئیستا ئەویش تەواو بووبوو، و بەهەرحاڵ چ شتێکی دیکەم نەبینی کە لەم بەردە کەوەییانەوە بێتە دەرێ.

کەشیشەکە بە خەمینییەکی تایبەتییەوە سەیری کردم. نهۆ بە تەواوەتی پشتم بە دیوارەکەوە دابوو. وڕۆژ دابووی لە ناوچەوانم. کەشیشەکە چەند قسەیەکی کرد کە گوێم لێیان نەبوو، و خێرا لێی پرسیم ئایا مۆڵەتی دەدەم ماچم بکات؟ وەڵامم دایەوە: ((نە)). گەڕایەوەو بەرەو دیوارەکە چوو و بە ئەسپایی دەستی بە دیوارەکەدا هێناو لە ژێر لێوانەوەگووتی: ((باشە تا ئەم رادەیە ئەم زەمینەت خۆش گەرەکە؟)) هیچ وەڵامێکم نەدایەوە.

ماوەیەکی زۆر بەماتی و سەرسامی مایەوە. دەمویست پێی بڵێم بڕوات و وازم لێ بێنێ کە لە پڕێکا بۆلای من گەڕایەوەو بە خرۆشێکی تایبەتییەوە هاواری کرد: ((نە، من ناتوانم باوەڕ بە قسەکانی تۆ بکەم. دڵنیام کە هەر ئارەزووی ژیانێکی دیکەت کردووە.))وەڵامم دایەوە هەڵبەتە، بەڵام ئەم ئارەزووەش وەکو ئارەزووی دەوڵەمەندبوون، یا باش مەلەکردن، یان هەبوونی زارێکی جوانتر، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. هەموو ئەم ئارەزووانە لەیەك ریزدان. لێ ئەو دەیویست بزانێ کە من ئەو ژیانەی دیکە چۆن دەبینم. هەنگێ هاوارم بەسەریا کرد: ((ژیانێك کە بتوانم ئەم ژیانەی تیا وەبیر بێنمەوە))ویەکسەر پێم گوت بەسەو تاقەتم نییە. هەمدیس دەیویست باسی خوام لەگەڵدا بکات. لێ من بەرەو ئەو چووم و بۆ دواجار بۆم ڕوونکردەوە کە کاتێکی کەمم ماوەو نامەوێ بە خواوە لە دەستی بدەم. هەوڵیدا باسەکە بگۆڕێ. ولێی پرسیم بۆچی بە((ئاغا))ی بانگ دەکەم و پێی ناڵێم((بابا))ئەمە تووڕەی کردم و وەڵامم دایەوە کە بابی من نییە چونکە لەگەڵ ئەوان دایە.

دەستی خستە سەرشانم و گووتی: ((نە کوڕی خۆم ، من لەگەڵ تۆدام. بەڵام تۆ ناتوانی لەمە بگەی . چونکە تۆ دڵێکی نابینات هەیە. من لە پێناوی تۆدا نوێژ دەکەم. دوعات بۆ دەکەم.))

هەنگێ نازانم بۆچی شتێك لە ناخما تەقییەوەو بە هەموو هێزمەوە هاوارم کردو جنێوم دایێ و پێم گووت کە چیتر نوێژ لە پێناوی مندا نەکات. یەخەی جبەکەیم گرت و هەرچیم لە دڵدا بوو بە هەڵچوونێکی ئاوێتە لە شادی و تووڕەیی بەسەرما ڕشت. زۆر ئاسودەو دڵنیا دیار بوو، وانا؟ لە گەڵ ئەمەشا، هیچ یەکێك لە یەقینیات و دڵنیاییەکانی هەودایەکی قژی ئافرەتێکی نەدەهێنا. ئەو تەنانەت دڵنیا نەوو لەمەی کە زندووە. چونکە وەکو مردوویەك دەژیا. راستە کە من هیچم پێ نەبوو، هیچم لەدەستا نەبوو، بەڵام بەلای کەمەوە لە خۆم دڵنیابووم. لە هەموو شتێك دڵنیا بووم، زۆر لەو دڵنیاتربووم. دڵنیابووم لە ژیانم و لەم مەرگەی کە بەڕێوە بوو. بەڵێ من جگە لەمە چ شتێکی دیکەم نەبوو. بەلای کەمەوە ئەم حەقیقەتەم لەخۆ گرتبوو، وەکو چۆن حەقیقەتەکەش

منی لەخۆ گرتبوو. من لەسەر هەق بووم، هێشتاش لەسەر هەقم، هەمیشەش لەسەر هەق بووم. من بەو جۆرە ژیابووم و دەمتوانی بە جۆرێکی دیکەش بژیم. ئەمەم کردبوو و ئەوەم نەکردبوو.))ئەو کارەم کردبوو کەواتە نەمدەتوانی ئەم کارە بکەم. پاشان؟ وەك بڵێی بەدرێژایی هەموو کاتەکە چاوەڕوانی ئەم چرکەیە، و ئەم سپێدە کورتە بووم تا پاك ببمەوە. هیچ شتێك، هیچ شتێك کەمترین بایەخی نەبوو و من چاك دەمزانی بۆچی. ئەویش دەیزانی بۆ- لە قوڵایی ئایندەمەوە، لەسەرانسەی ئەم ژیانە پوچەوە کە گوزەراندبووم، شنەوهەناسەیەکی ئاڵۆزو تاریك بەنێو ئەو ساڵانەدا کە هێشتا نەهاتبوون بەرەو رووم دەهات، ئەم شنەیە لەسەر رێگەی خۆیەوە هەموو شتێکی یەکسان دەکرد. هەموو ئەو شتانەی کە ساڵانی نەزۆر واقیعیتر لەو ساڵانەی کە گوزەراندمن، بەمنی دەبەخشی. مەرگی کەسانی دی یا میهرو سۆزی دایکێك، یا خوای ئەو بە من چی، بۆ من دەیکردە چی؟ یان شێوەی ئەو ژیانەی کە خەڵکی هەڵیدەبژێرن، ئەو چارەنووسەی کە هەڵیدەبژێرن بە من چی؟ بۆ من دەکاتە چی؟ مادامێکی یەك چارەنووس من هەڵبژێرێ، من و ملیاردان بنیادەمی بەختەوەری خاوەن ئیمتیاز هەڵبژێرێ کە وەکوئەم کەشیشە خۆی بە برای من دەزانی. ئایا نەیدەزانی. ئایا تێ نەدەگەیی؟ هەموو خەڵکی هەر خاوەن ئیمتیاز بوون. هەموو تیرەی بەشەر بەشێوەیەکی یەکسان مەحکومن بەوەی کە رۆژێ لەرۆژان بمرن. رۆژێك نۆرەی ئەویش دێ. چی تێدایە ئەگەر ئەو پاش تۆمەتبارکردن بە کوشتن، لەسەر ئەمەی کە لە رێو رەسمی ناشتنی دایکیا نەگریاوە ئیعدام بکەن؟ سەگەکەی سالامانۆی پیر لە نرخی ژنیا بوو. ئەو ژنە زیتەڵەش رێك بەئەندازەی ئەو ژنە پاریسییەی کە ماسۆن خواستبووی کەمتەرخەم و تاوانبار بوو، یا بە ئەندازەی ماری کە حەزی لێبوو شوو بەمن بکات. چ قەیدییە کە ریمۆن-ش وەکو سیلست، کە بایەخی لەو زیاتربوو، ببێ بە هاوڕێم؟ چی تیابوو کە ماری ئەمڕۆ لێوەکانی بە مەرسۆیەکی تازە بسپێرێ؟ خودی کەشیشەکە وەکو کەسێکی مەحکوم نەیدەتوانی لەو شنە ئاڵۆزە، لەو سرتەیە تێبگات کە لە ئایندەی منەوە دەهات... خەریك بوو بەدەم ئەم هەموو هات و هاوارو فریادەوە خەفە دەبووم، بەڵام تازە کەشیشەکەیان لە چنگم دەرباز کردبوو. پۆلیسەکان هەڕەشەیان لێدەکردم. لەگەڵ ئەمەشا، کەشیشەکە هێوری کردنەوەو بۆ دەمێك بە بێدەنگی نیگای کردم و چاوەکانی تەژی روندك بوو. رووی وەرگێڕاو لە چاو ون بوو. ئەو رۆیی من هێور بوومەوە. لە دەست و پێ کەوتبووم و خۆم دا بەسەر تەختەکەدا. پێم وایە نووستم. چونکە گاڤێ بێداربوومەوە ئەستێران بە دیارمەوە دەجریوانەوە. هەراو زەنای گوند دەگەییە من، بۆنی شەو و بۆنی خاك و خوێ، لاجانگەکانی فێنك دەکردمەوە. ئارامی سەیری ئەم هاوینە خەواڵووە، وەکو هەڵکشانی دەریا دەهاتە ناومەوە. رێك لەم دەمەدا، ولە ئاخرو ئۆخری شەوا گوێم لە شووتی کەشتیان بوو. ئەم شووتانە سەرەتای سەفەریان بۆ دنیایەك رادەگەیاند کە لە ئێستاوە تا هەمیشە بەلای منەوە یەکسان و بێ بایەخ بوو. بۆ یەکەمین جار پاش ماوەیەکی درێژ بیرم لە دایکم کردەوە. وام بە خەیاڵدا هات کە دەمزانی بۆچی لە کۆتایی ژیانیا تازەتازە ((دەنکی)) گرتبوو، بۆچی لە نوێ گەمەی ژیانی دەست پێکردبووەوە. لەوێ ،لەوێش، لەدەورو بەری ئەو کەترەخانەیەی کە ژیان تیایا دەکوژایەوە، شەو وەکو هەڵوەستەیەك، وەکو هودنەیەکی خەمناك

بوو. دیاره دایکم که ئەوەنده له مەرگ نزیك بووەتەوه دەبێ هەستی بەوه کردبێ که ئازاد بووەو ئامادەبووه له نوێ دەست بەژیان کاتەوه. هیچ کەس، هیچ کەس هەقی ئەوەی نەبوو بۆی بگری. و منیش هەستم دەکرد ئامادەم که لەوێ دەست بەژیان بکەمەوه. وەك بڵێی که ئەم خرۆشی تورەییه بێ سنوره منی له بەدی و خراپی پاك کردبێتەوه، له هێڤی و ئومێدی خاڵی کردبمەوه. بۆ یەکەمین جار له بەردەم ئەم شەوه پڕ له نیشانان و ستێرانەدا خۆم به دەستی بێ موبالاتی و بێ میهری دنیا سپارد. که زانیم دنیا بەم ڕادەیه له من دەچێت و ئەوەنده برایانەیە، هەستم کرد که بەختەوەر بوومەو هێشتاش هەر بەختەوەرم. جا بۆ ئەوەی هەموو شتێك بگاته کەماڵی خۆی، وبۆ ئەوەی کەمتر هەست به تەنیایی خۆم بکەم، تەنیا ئەمەم بۆ مابووەوه که خۆزی بخوازم که لەرۆژی ئیعدامکردنەکەمدا، تەمەشاڤانێکی فره ئاماده بن و به هاواری پڕ له کینەی خۆیان پێشوازیم بکەن.

سەرچاوە:

البر کامو

بیگانه

جلال ال احمد_ علی اصغر خبرەزاده

موسسه انتشارات نگاه

تهران– 1385